WWW.RUDAW.NET

خوێنەری رووداو  زۆرتر دەزانێت

ژمارە (388)  دووشەممە 2015/12/21 – 30ی سەرماوەز 2715  (750) دینار

# شاجوانی عێراق بۆ (رووداو) دەدوێت



## کوردم و لە عەشیرەتی جافم

**رووداو – هەولێر**

شـەیما قاسم کە رۆژی 2015/12/19 بە شاجوانی عێراق هەڵبژێردرا، هەمـوو ئـەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە کـورد نەبێت و دەڵێت "کوردم و لە عەشـیرەتی جافم". شـەیما قاسم تەمەنی 25 ساڵە و خوێندکاری قۆناغی دووەمـە لـە زانکـۆی کەرکووک، زمانـی کـوردی، ئینگلیزی، عەرەبـی و تورکی دەزانێت.

شـەیما دوای ئەوەی تاجی شـاجوانی لەسـەرنرا، قسـەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "لەرێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسـبووکەوە زانیم ئـەو بۆنەیە رێکدەخرێ، بۆیە ناوی خۆم تۆمار کرد، چونکە لە منداڵیەوە حەز و خولیای من بووە رۆژێک ببمە شاجوان، ئەم خەونەشـم هاتەدی". گوتیشی "هەرچەندە چەند هەڕەشەیەکم بۆ هات، بەڵام من لەو هەڕەشانە گەورەتر بووم و ئەو شتانە من ناوەستێنێ".

شەیما پلانی خۆی بۆ ئایندە ئاشکرا کرد و گوتی دەیەوێ یارمەتی ئاوارەکان بدات، هەروەهـا هـاوکاری ئەو منداڵانەش بکات کـە لە خوێندن دابڕاون، بـۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێنەوە قوتابخانە. جگە لەوەش کار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان دەکات.

شـەیما خەون بەوە دەبینێ ببێتە شـاجوانی جیهان، بۆیە بەنیازە ساڵی ئایندە خۆی بۆ کێبڕکێی شاجوانی جیهان کاندید بکات.

« 2



د.هاوڕێ مەنسووربەگ

## موسیبەتی دانا گاز

9



شەریف شەحادە، ئەندامی پەرلەمانی سووریا بۆ (رووداو):

## کوردی سووریا نابێ بە خەیاڵیش بیر لە دەوڵەت بکەنەوە

6

## پەرلەمان دەست بە گفتوگۆ لەگەڵ حیزبەکان دەکاتەوە

4

# بارزانی داوای ئامادەکاری بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەکات

« 3



## مێرمنداڵێک باوکی خۆی لە خەودا دەداتە بەر دەسترێژی گوللە

15



## کۆچبەران بە لێشاو دەگەڕێنەوە

11

## کۆمپانیاکان بە ترسەوە ئۆتۆمبێلی مۆدێل 2016 هاوردە دەکەن

8

## یەکێتیی مامۆستایان هەڕەشە دەکات

**رووداو- هەولێر**

عەبدولواحید محەممەد، سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان رایدەگەیێنێ، لەسەر ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان فشاری توونديان دەبێت، بەجۆرێک ئامادەن تاوەکو سنووری راگرتنی دەوام گوشار دروست بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکانیان کردووە.

عەبدولواحید محەممەد بە (رووداو)ی راگەیاند "قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە کاریگەری لەسەرمان زۆر بووە، کەچی نەمانکردووەتە پاساوی راگرتنی دەوام، بەڵام ئەگەر لایەنە سیاسییەکان نەگەنە رێککەوتن و قەیرانی سیاسی بەردەوام بێت، ئەوا زۆرترین گوشار دروست دەکەین، تەنانەت تاوەکو ئاستی راگرتنی دەوامیش گوشارەکانمان چڕ دەکەینەوە".



به جلی نیمچەڕووتەوە بەشداری هیچ بۆنەیەک ناکەم

شەیما قاسم، شاجوانی عێراق بۆ رووداو:

# کوردم و لە عەشیرەتی جافم

**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

کچە کوردێکی شاری کەرکوک بەناوی شەیما قاسم، وەک شاجوانی ساڵی 2015ی عێراق هەڵبژێردرا، بەشێکی زۆر لە میدیاکان وەک کچێکی تورکمان ناساندیان، بەڵام لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) شەیما دەڵێت "کوردم و لە عەشیرەت جافم".

رۆژی شەممە 2015/12/19 ، دامەزراوەی کولتووری مەدا بۆ یەکەمجار و پاش 40 ساڵ لە عێراقدا بەشێوەیەکی فەرمی مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوانی عێراقی لە بەغدا بەڕێوەبرد کە کچە کورد بەناوی شەیما قاسم، تاجی شاجوانی لەسەرنا.

شەیمای تەمەن 20 ساڵ، خوێندکاری قۆناخی دووەمی بەشی کارگێڕی کارە لە زانکۆی کەرکووک. سەرەتا خێزانەکەی رازی نەبوون، خۆی بۆ شاجوانی عێراق کاندید بکات، بەڵام دوای هەوڵدانێکی زۆر توانی قەناعەت بە خێزانەکەی بهێنێ.

شەیما باسی چۆنیەتی خۆکاندیدکردنی بۆ شاجوانی عێراق دەکات و دەڵێت "لەرێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە زانیم ئەو بۆنەیە رێکدەخرێ، بۆیە ناوی خۆم تۆمار کرد، چونکە لە منداڵییەوە حەز و خولیای من بووە رۆژێک ببمە شاجوان، ئەم خەونەشم هاتەدی".

بەشێک لەو کچانەی خۆیان بۆ شاجوان هەڵبژاردبوو بەهۆی هەڕەشەوە کشانەوە، ئەویش بەدەر نەبووە لەو هەڕەشانە، بەڵام کۆڵی نەداوە. شەیما دەڵێت "من چەند ساڵێکە لە بواری چالاکڤانی مەدەنی کارم کردووە، هیچ کاتیش نەترساوم، هەرچەندە چەند هەڕەشەیەکم بۆ هاتووە، بەڵام من لەو هەڕەشانە گەورەترم و ئەو شتانە من ناوەستێنێت، من هەر بەردەوام دەبم و گوێی بەو هەڕەشانەش نادەم".

دووساڵ لە کوردستان مەراسیمی شاجوانی

## کچێکی کورد پلەی سێیەمی بەدەستهێنا

هەرێمی کوردستان بەڕێوەچووە، بەڵام شەیما بەشداری نەکردووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تەمەنی بچووک بووە و جگە لەوەش زۆرتر گرنگی بە خوێندنەکەی داوە.

دوای ئەوەی تاجی شاجوانی عێراقی لەسەرنرا هەندێک میدیای عێراقی بڵاویان کردەوە کە شەیما تورکمانە، بەڵام ئەو رەتیکردەوە تورکمان بێت و دەڵێت "من سەد دەر سەد کوردم و لە عەشیرەتی جافم، لە شاری کەرکووکیش لە دایکبووم".

شەیما پرۆژە و کارەکانی ئاشکرا کرد کە بە نیازە لە ئایندە بیانکات "پرۆژە و بەرنامەی من بەشێکی زۆر تایبەت دەبێت بە گەیاندنی هاوکاری و دەنگی ئاوارەکان بۆ لایەنی بەرپرس، هەروەها دەمەوێت هاوکاری ئەو منداڵە ئاوارانە بکەم کە لە خوێندن دابڕاون و دووبارە بگەڕێنەوە قوتابخانە، هاوکات کار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەکەم".

هەفتەی رابردوو مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان لە چین بەڕێوەچوو و کچێکی ئیسپانی تاجی شاجوانی جیهانی لەسەرنرا، شەیما هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئەو بۆنەیە ئامادە دەکات و دەڵێت "خۆم بۆ کێبڕکێی شاجوانی جیهانی ساڵی 2016 کاندید دەکەم".

بەڵام ئەوانەی بەشداری لەو بۆنەیە دەکەن دەبێ بە جلی مەلەکردن و نیمچە رووت دەربکەون، شەیما ئامادە نییە بەو جۆرە دەربکەوێت و دەڵێت "بێگومان من بەشداری ئەو بۆنە جیهانییە دەکەم، چونکە دەڵێن ساڵی داهاتوو ئەو مەرجە بۆ هەموو کەس پەیڕەو ناکەن، بەڵام ئەگەر ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی بەجلی مەلە دەرکەوم، قبوڵی ناکەم و دەکشێمەوە، من نامەوێت لە داب ونەریتی کۆمەڵگای خۆم لابدەم. هەرچەندە من کچێکی

## هەڕەشەم لێکرا و گوێم پێنەدا

بیر کراوە، بەڵام وەک کچێکی موسڵمان ئەم کارە قبوڵ ناکەم".

شەیما ئاشکرای کرد، جگە لە خۆی کچی دیکەی کوردیش بەشداریان لە کێبڕکێیەکەدا کردبوو، کچێکی دیکەی کورد پلەی سێیەمی بەدەستهێنا کە خەڵکی سلێمانییە، بەڵام ساڵانێکە لە بەغدا دەژی.

شەیما جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێت، ئەو باسی هەستی خۆی دەکات ئەو کاتەی تاجەکەی لەسەر نراوە و دەڵێت "هەستێکی زۆر سەیرم هەبوو، یەکەم شت هەستم کرد، خەونەکەم هاتەدی، لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بە بەرپرسیارییەتیەکی یەکجار زۆر کرد، چونکە من بیرم لەوە کردەوە من تەنیا شاجوان نیم، بەڵکو ئەوە پەیامێکە من لە رێگایەوە بە هەموو جیهان بڵێم ئێمەش وەک خەڵکی دیکە حەزمان لە ژیاندۆستی و پێکەوژیان و جوانی هەیە".

# 10 کوڕ و کچ لەسەر ئاینی زەردەشتی خێزان پێکەوە دەنێن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

سەرۆکی ناوەندی زەردەشتیانی کوردستان لە سلێمانی ئاشکرای دەکات لە ماوەی مانگێکدا 10 کوڕ و کچی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاینی زەردەشتی خێزانیان پێکەوە ناوە. بەپێی زانیارییەکانیش یەکێک لە کوڕەکان موسڵمان بووە و کچێکی زەردەشتی خواستووە.

رۆژی 2015/12/19 لە ناوەندی زەردەشتیانی کوردستان لە شاری سلێمانی رێوڕەسمی مارەبڕینی کچ و کوڕێک لەسەر ئاینی زەردەشتی بەڕێوەچوو. سەرۆکی ناوەندەکە دەڵێت ئەوە پێنجەمین پرۆسەی مارە بڕین بوو لە ماوەی مانگێکدا بەڕێوەبچێت. سێیان لە سلێمانی و دووەکەی دیکەش لە شارێکی دیکەی کوردستان بوون.

لە پەیجی "ZerdeŞtyekan" لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، وێنەی مەراسیمی مارەبڕینەکە بڵاوکراوەتەوە و لەگەڵیشی نووسراوە "ئەمڕۆ 2015/12/19 بەئامادەبوونی نوێنەری ئێزدییەکان و چەندین مامۆستای زانکۆ و هاوەڵانی زەردەشتی، لەپاش زیاتر لە 1437 ساڵ لە حەرامکردن! لەسەردەستی تاقانە پیری زەردەشتیانی کورد، یەکەمین پرۆسەی هاوسەرگیری بەشێواز و دەستووری زەردەشتی لە ئاتەشگای پیرۆزی زەردەشتیان لە سلێمانی بەڕێوەچوو. هیواداریین ئیدی ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت و هەزاران خێزانی زەردەشتی دروست بکەین و ژیانێکی نوێ و کۆمەڵگایەکی نوێ بەبیری ئەشۆزەردەشتی مەزن دروست بکەین".

بەڵام پیر لوقمان حاجی کەریم، سەرۆکی ناوەندی زەردەشتیانی کوردستان لە سلێمانی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەی کوڕ و کچەکە و تەنانەت هەواڵەکەشدا نەبووە و دەڵێت "پێمخۆش نەبوو هەواڵەکە بڵاوکرایەوە. رەنگە هەندێک کەس پێیان ناخۆش بێت و پاشانیش ببێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ ئەو کەسانە، هەرچەندە ئەو کوڕ و کچەش لەسەر داوای خۆیان وێنەکەیان بڵاوکرایەوە بەو مەرجەی روخساریان دەرنەکەوێت".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ئەو کوڕ و کچەکەی رۆژی شەممەی رابردوو لە یەک مارە کران، کوڕەکە موسوڵمان بووە و کچەکەش زەردەشتی. کەسوکاری کوڕەکەش ئامادەی مەراسیمەکە نەبوون. بەڵام پیر لوقمان گوتی "نەخێر هەردووکیان زەردەشتی بوون".

### کچ 16 ساڵ و کوڕیش 18 ساڵ بێت

وەکو پیر لوقمان باسیکرد، ئەو کوڕ و کچانەی لەسەر ئاینی زەردەشتی مارە دەبڕدرێن، دەبێ کوڕەکە ژنی دیکەی نەبێت. تەمەنی رێپێدراویش بۆ کچان 16 ساڵ و بۆ کوڕانیش 18 ساڵە. پیر لوقمان گوتی "یەکێک لەو پێنج خێزانە، پێشتر پرۆسەی مارە بڕینیان لەسەر بنەمای ئاینی ئیسلام کردبوو، بەڵام کە بوون بە زەردەشتی لەسەر بنەمای ئاینی زەردەشتی دووبارە لە یەکدی مارە کرانەوە".

بەپێی ئاینی زەردەشتی لە کاتی مارەبڕین دەبێت دوو کەس وەکو شایەت ئامادە بن، بەڵام دەبێت ژنێک ببێتە شایەت بۆ کوڕەکە و پیاوێکیش بۆ کچەکە. پیر لوقمان دەڵێت "ئەمە بە مانای یەکسانی ژیانە لە نێوان هەردوو رەگەزدا".

### مارەییان نییە

لە ئاینی ئیسلامدا کاتێک کوڕ و کچێک خێزان پێکەوە دەنێن، لەسەر بڕێک ئاڵتوون وەک مارەیی بۆ کچەکە رێکدەکەون، بەڵام بەگوتەی پیر لوقمان، لە ئاینی زەردەشتیدا ئەو مارەییە نییە، بەڵکو تەنیا ئەڵقەیەکە کە بۆ یەکتری دەکڕن و گوتی "مارەیی واتە کڕین و فرۆشتن، بەڵام ئەوان سوێند دەخۆن کە کۆیلایەتی بیر و جەستە نەکەن، بۆ کڕینی ئاڵتوونیش بە ئارەزووی هەردوولایە دەیکەن یان نا".

یەکێک لە مەرجەکانی دیکەی پێکەوەنانی خێزان لە ئاینی زەردەشتیدا ئەوەیە کە ئەو کوڕ و کچە سوێندی هاوژینی دەخۆن، واتە هاوژین و هاوماف بن، هاوتەن بن واتە یەک جەستەیان هەیە و سوێندیش دەخۆن کە هەموو شتێکیان لە پێناوی بەختەوەریدایە، پاشان سوێند دەخۆن کە هەر یەکەیان درەختی خۆشەویستی بۆ ئەوی دیکە بنێژێت و لە ساڵیادی هاوژینییاندا شیرینی دەبەخشنەوە و دوو درەختی دیکە دەنێژن.

سەبارەت بە جیابوونەوەش لە ئاینی زەردەشتیدا، پیر لوقمان گوتی "هەر یەکێکیان بڕیاری دا جیاببێتەوە، ئەوا دەبێت هۆقەیەک کە دەکاتە زیاتر لە کیلۆیەک باڵی مێش بداتە دادوەر، ئەگەر ئەو کەسەی نیازی جیابوونەوەی هەیە ئەو کیلۆ باڵی مێشەی بۆ کۆ نەکرایەوە، ئەوا ناتوانن جیاببنەوە، جگە لەوەش جیابوونەوە پەیوەندی بە ئاتەشگاوە نییە".



# درێژبوونی باڵایان بە نەشتەرگەری ڕاگرت

**عومەر چاوشین**
**رووداو- راپەڕین**

تەمەنی 18 ساڵە، باڵای دوو مەتر و 10 سانتیمەترە، ئەگەر نەشتەرگەری نەکردبا، ئێستا بە دڵنیاییەوە درێژترین پیاوی جیهان بوو، رەنگە ئێستا ناوی لەنێو کتێبی گینسدا بووایە، چونکە پزیشکەکان پێیانگوتبوو ئەگەر نەشتەرگەری نەکردبا، رەنگە درێژبوونی باڵای تاوەکو سێ مەتر نەوەستابا.

عەباس محەممەد مەمەند، دانیشتووی گوندی قەرەتەپەی سەر بە ناحیەی بنگردی قەزای دووکانە لە پارێزگای سلێمانی. باڵای دەڵێی داری چنارە بۆ ئاسمان بەرز بووەتەوە، بەڵام زۆر ئاسوودە نییە بە باڵابەرزییەکەی و هەر بەو هۆیەوە وازی لە خوێندن هێناوە و ئێستاش ناتوانێت هەموو کارێک بکات.

کەسوکارەکەی دەڵێن هەر لە دوای لە دایکبوونییەوە باڵای زۆر بەخێرایی گەشەی کردووە، کاتێکیش تەمەنی گەیشتووەتە دە ساڵان، هەستیان کردووە گەشەکردنی باڵاکەی حاڵەتێکی ئاسایی نییە، بۆیە دەیبەنە لای پزیشک.

### بە نەشتەرگەری رایدەگرن

پزیشک هەر زوو هۆشداری دەداتە کەسوکارەکەی کە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، چونکە باڵای لەوە زۆر بڵندتر دەبێت. عەباس دەڵێت "لە ساڵی 2010 لە هیندستان دوو نەشتەرگەری قاچ و بڕبڕەی پشتم بۆ کرا، بۆ ئەوەی لەوە زیاتر باڵام بەرز نەبێت، نزیکەی 40 هەزار دۆلار خەرجیی دوو نەشتەرگەرییەکە بوو، لە هیندستان پزیشکەکان پێیانگوتم ئەگەر زوو فریای خۆت نەکەوتبای بەرزیی باڵات دەبووە سێ مەتر، بەمەش مەترسی لەسەر ژیانت دروست دەبوو".

ریکۆردی درێژترین پیاوی جیهان لە کتێبی گینس بەناوی سوڵتان کۆسەنە کە کوردێکی باکووری کوردستانە و درێژیی باڵای دوو مەتر و 52 سانتیمەترە.

### جل و پێڵاوی دەست ناکەوێ

ئێستا باڵای عەباس بە نەشتەرگەری لە دوو مەتر و 10 سانتیمەتردا راگیراوە، بەڵام هێشتا زۆر ئاسوودە نییە و کێشەی بۆ دروست دەبێت، ئەو دەڵێت "ئێستا گرفتی رۆیشتنم نییە، بەڵام بە زەحمەت لە نێو ئۆتۆمبێلی بچووکدا جێگەم دەبێتەوە، ناتوانم شوفێری بکەم، جلوبەرگی ئامادە کراوم بە زەحمەت دەست دەکەوێ، کێشەی دەستکەوتنی پێڵاویشم هەیە، چونکە ژمارەی پێڵاوم 47ە و زۆر بە کەمیش ئەو ژمارەیە لە بازاڕدا هەیە".

یەکێک لە ئارەزووەکانی عەباس، وەرزشکردنە، بەڵام دەڵێت بەهۆی ئەوەی زوو ماندوو دەبێت، ناتوانێت وەرزش بکات.

کوڕ توانجی لێدەدەن و کچ نازی هەڵدەگرن.

عەباس کێشەیەکی دیکەشی هەیە، ئەویش توانجی خەڵکە. ئەو دەڵێت "لە زۆر شوێن خەڵک توانجم لێدەدەن، بەزۆری کوڕان توانجم لێدەدەن و توانجەکانیان زۆر رەق و ناخۆشە، بەڵام کچان توانجەکانیان بەنازەوەیە و رق و ئیرەیی تێدا نییە، هەر بۆیە ئەگەر بۆم بکرێت کوردستان بەجێدێڵم و هەڵدێم لەم وڵاتە".

سەبارەت بە پێکەوەنانی خێزانیش کە ئایا بەدوای کچێکی باڵا بەرزدا دەگەڕێ، یان باڵای کچەکەی بەلاوە گرنگ نییە؟ عەباس دەڵێت "جارێ بیرم لە پێکەوەنانی خێزان نەکردووەتەوە، بەڵام خۆشەویستم هەیە و لە زانکۆیە، باڵاشی مەترێک و 65 سانتیمەترە. حەز دەکەم ئەگەر منداڵمان بوو، منداڵەکانیشم وەکو خۆم باڵایان بەرز بێت".

ئێستا عەباس درێژترین گەنجی هەرێمی کوردستانە، تەنیا کەسێک هەبووە لە عێراق باڵای بەقەد باڵای ئەو بووە. عەباس گوتی "ئەو پزیشکەی لە کوردستان سەردانی دەکەم، پێیگوتم تەنیا یەک کەس لە عێراق هەبووە کە باڵای بەقەد باڵای تۆ بووە، بەڵام ئەویش تەندروستی باش نەبوو، مرد".

دکتۆر عەلی هەمزە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان و گەشەی منداڵ دەڵێت "باڵابەرزی کە لەشێوەی نۆرماڵ دەرچوو دەبێتە نەخۆشی، وەک ئەو جۆرە نەخۆشییە دەگمەنەی لەو گەنجەدا دەرکەوتووە. ئەو نەخۆشییە پێیدەڵێن مارفان، نەخۆشییەکی بۆماوەییە و لەڕێگەی کرۆمۆسۆمەکانەوە بەهۆی بازدان بەشێوەیەکی زاڵ دەگوازرێتەوە".

دکتۆر عەلی باسی لە مەترسییەکانی ئەو نەخۆشیە کرد و گوتی "زۆر لەوانەی باڵایان بەشێوەیەکی نائاسایی گەشە دەکات، دڵیان تووشی ئاڵۆزکاری دەبێت، نابێت کێشیان بە بەراورد بە باڵایان زیاتر بێت، چونکە مەترسی لەسەر ئیسقان و ماسولکەکانیان دروست دەبێت".

بە گوتەی ئەو پزیشکە، هەر کەسێک تەمەنی بگاتە 18 ساڵ و باڵای 190 سانتیمەتر بێ ئاساییە، بەڵام لەوە زیاتر بێت، ئیدی بە نەخۆشی دادەنرێت و دەبێ بەنەشتەرگەری گەشەی باڵای رابگیرێ".

سەبارەت بە عەباسیش ئەو پزیشکە دەڵێت "بەپێی زانیاری من لە جیهاندا تەنیا 100 کەس هەن، باڵایان بە ناسروشتی گەشە دەکات کە عەباس یەکێکیانە، ئێستا عەباس درێژترین کەسی هەرێمی کوردستانە".

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21



## پارتی 8 بارەگای لە سلێمانی وەرگرتووەتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

فارس نەورۆڵی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتیی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە سنووری لقی چوار، 8 بارەگایان وەرگرتووەتەوە کە پێشتر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە پارێزگاریان لێدەکرا. نەورۆڵی گوتی "ئێستا پاسەوانی خۆمان لەنێو بارەگاکاندان، بەڵام تا دوای ساڵی نوێ ئاڵایان تێدا هەڵناکەینەوە و دەوامیشیان تێدا ناکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ وەرگرتنەوەی هەموو بارەگاکاندا پێکەوە ئاڵاکان هەڵبکەینەوە". بەهۆی خۆپیشاندانەکانی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵەوە کە هێرشکرایە سەر بارەگاکانی پارتی لە سلێمانی و گەرمیان و هەندێکیشیان سوتێنران، پارتی 46 بارەگای ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان کرد.

# بارزانی داوای ئامادەکاری بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی دەکات

## پارتی بڕیارێکی نوێ دەربارەی سەرۆکی پەرلەمان دەدات
## تاوەکو یوسف محەممەد سەرۆکی بێت کۆبوونەوەی پەرلەمان ناکرێ

## گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان:
## یوسف محەممەد ناگۆڕین و با کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکرێ



## ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:
## یەکێتی ئیدی لەگەڵ پارتی نەرمی دەنوێنێ

هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوا لە حیزبەکەی دەکات لەگەڵ حیزبەکانی دیکە میکانیزمێک بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئامادە بکەن. ئەم داوایەی بارزانی لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەیدا هاتووە کە تێیدا بڕیارێکی نوێ لەبارەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش دراوە و دەڵێت تاوەکو یوسف محەممەد نەگۆڕدرێ، پەرلەمانی کوردستان کۆنابێتەوە. بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان ئەو داوایە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "یوسف محەممەد ناگۆڕین و با کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکرێ".

ڕۆژی 2015/12/210 ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کرد. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بووە، هەڵوێست و بڕیارێکی نوێی پارتی لەبارەی یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمان کوردستان ئاشکرا دەکات.

ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "نابێ یوسف محەممەد بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، وەکو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بگرە تاوەکو یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمان بێ، کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان ناکرێ".

ئاراس حەسۆ میرخان هەڵوێستی توندتری پارتی لەسەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕانە باس دەکات "لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی باسی ئەوە کرا کە پارتی لەسەر مەسەلەی لادانی یوسف محەممەد، سازش ناکات و یەکێتیش لەوە ئاگادار کراوەتەوە".

دەربارەی هەڵوێستی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپی و ئەوانەی کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیان لە کوردستان هەیە، ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی دەڵێت "لە هۆکاری ڕێگریکردن لە یوسف محەممەد، ئەمریکا و هاوپەیمانان ئاگادار کراونەتەوە کە ناکرێ پارتی شەڕی داعش بکات، گۆڕان و یوسف محەممەد لەنێوخۆی کوردستان کێشە دروست بکەن. ئەوانیش گوتوویانە تەفاهومی دۆخەکە دەکەین".

تەنیا پارتی نییە هەڵوێستی لە دژی بزووتنەوەی گۆڕان وەرگرتووە، بەڵکو گۆڕانیش بێدەنگ نەبووە. شۆڕش حاجی، گوتەبێژی فەرمی بزووتنەوەی گۆڕان دەربارەی ئەوەی تاوەکو یوسف محەممەد نەگۆڕدرێ، پەرلەمان کۆنابێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بڕیارەکە لای گۆڕان نییە، بەڵکو لەلای پارتییە، دەبێ پەرلەمان کارا بکرێ و یوسف محەممەدیش بگەڕێتەوە".

دوای ئەوەی چەند بارەگایەکی لە سنووری پارێزگای سلێمانی سووتێنران، ڕۆژی 2015/10/12 پارتی ڕێگەی نەدا یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بگەڕێتەوە هەولێر.

شۆڕش حاجی لەبارەی دوا هەڵوێستی گۆڕان لە گۆڕینی یوسف محەممەد دەڵێت "یەک زەڕە هەڵوێستی بزووتنەوەی گۆڕان نەگۆڕاوە، ئەگەر پارتی دەڵێ تاوەکو یوسف محەممەد نەگۆڕدرێ کۆبوونەوەی پەرلەمان ناکرێ، لای گۆڕانیش با وابێ، با کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکرێ".

هەر لەو چوارچێوەیەدا ئاراس حەسۆ میرخان دەربارەی ئەگەرەکانی گفتوگۆ و دانوستاندن لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان گوتی "پارتی لە بەرنامەیدا نییە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆببێتەوە، تەنانەت ئەگەر نەوشیروان مستەفاش بگەڕێتەوە، ئیدی مامەڵەی لەگەڵ ناکەین".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ڕێگەی چەند کۆبوونەوەیەکەوە لەگەڵ پارتی و گۆڕان هەوڵی دا ئەو دوو لایەنە ناکۆکە لە یەکدی نزیک بکاتەوە و کێشەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و یوسف محەممەد چارەسەر بکەن.

گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی هەوڵەکانی یەکێتی دەڵێت "یەکێتی پاکێجێکی پێشکەش کردبوو، لەنێو پاکێجەکەدا گۆڕینی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەبوو، بەڵام ڕەتمانکردەوە". شۆڕش حاجی دەڵێت "برادەرانی یەکێتیش گوتیان پاکێجەکە پێکەوەیە، ئێمەش بە قەتعی ڕەتمانکردەوە کە سەرۆکی پەرلەمان بگۆڕدرێ".

بەقسەی گوتەبێژی گۆڕان بێ، لەگەڵ پارتی گەیاندوویانەتە "مریشکە ڕەشە". شۆڕش حاجی بەدووری دەبینێ لەگەڵ پارتی کۆببنەوە "زەمینەی دانیشتن لەگەڵ پارتی نەماوە".

بەڵام هەڵسوڕاوێکی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی پارتیدا دەبینێ و بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستا سێ کەس لە کوردستان حوکم دەکەن، ئەویش کاک مەسعود، مەسرور بارزانی، نێچیرڤان بارزانی و هەر سێ پارتین و بە ناوی هەرێمی کوردستانەوە بڕیار دەدەن و کۆبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتان دەکەن". بۆیە وەک خۆی دەڵێ "ئێستا کەس نییە چاودێرییان بکات".

ئامادەکاری بۆ ریفراندۆم

لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی پارتیدا مەسەلەی ئامادەکاری بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی تاوتوێ کراوە و مەسعود بارزانی، داوای لە حیزبەکەی کردووە لەگەڵ حیزبەکانی دیکە دەست بەکار بکەن.

ئاراس حەسۆ میرخان لەوبارەیەوە گوتی "پارتی کاردەکات بۆئەوەی کێشەکانی هەرێمی کوردستان گەورەتر نەبێ، چونکە بڕیارە بەم نزیکانە هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کۆبوونەوەیەکی گرنگ بکەن". گوتیشی "بارزانی لە کۆبوونەوەکەی سەرکردایەتیدا داوای کرد لەگەڵ حیزبەکانی دیکە ئالیەتێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کار لەسەر ریفراندۆم بکرێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش گۆڕانکاری لە هەڵوێستی حیزبەکەی بەرامبەر بە پارتی و گۆڕان ئاشکرا دەکات.

ئەو بەرپرسە باڵایەی یەکێتی کە داوای کرد ناوی ئاشکرا نەکرێ، بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی ئێستا لە خۆئامادەکردندایە بۆئەوەی لەگەڵ پارتی زیاتر بچێتە پێش و بڕیارە نەرمیی زیاتر بنوێنێ، پارتیش تەفەهومی وەزعی نێوخۆی یەکێتی دەکات و چەندین هەنگاو دێتە پێش".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی ئەوەشی ئاشکرا کرد کە حیزبەکەی لەگەڵ پارتی "ئیدی لەگەڵێک بواردا کە پەیوەندی بە چارەنووسی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بڕیاری هاوبەش دەدەن و پارتیش ئامادە بووە لەو بارەیەوە بێتە پێش". بۆیە "یەکێتی گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی چیدی ناکرێ خۆی لە بڕیاری چارەنووس بەدوور بگرێ و هەموو شتێک تەنیا لەدەست پارتیدا بێ، ئیدی خۆمان بە گۆڕانەوە نابەستینەوە".

# گۆڕان داوای هەڵوێست لە یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو دەکات

**یەکێتی:** ئیشی کەس نییە سیاسەت بۆ یەکێتی دابڕێژێ

**یەکگرتوو:** ئێمە خۆمان دەزانین کەی و چۆن هەڵوێست وەربگرین

**کۆمەڵ:** کەس بۆی نییە ئێمە فێری هەڵوێست وەرگرتن بکات

نەوزاد مەحموود و ئاسۆ سەراوی
ڕووداو- سلێمانی

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، پێیوایە تاوەکو ئێستا تەنیا پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی کێشە نێوخۆییەکانەوە ڕوون و ڕاشکاوانە قسەی خۆیان کردووە و داوا لە سێ لایەنەکەی دیکە دەکات هەڵوێستێکی ڕوون نیشان بدەن بۆ ئەوەی ئەو پرسە سیاسییە یەکلایی ببێتەوە "پارتی بەڕوونی داکۆکی لە مانەوەی بارزانی دەکات لە پۆستەکەیدا بەبێ ئەوەی پاساوی یاسایی هەبێ، بزووتنەوەی گۆڕانیش دەڵێ ئەوە نایاساییە، ماوەتەوە یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی قسەی خۆیان بەڕوونی بکەن".

هۆشیار عەبدوڵڵا، باسی سەرەتای لە گرێژنە دەرچوونی کێشەکان دەکات، کاتێک کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە 19ی ئەیلول بەبێ ئامادەبوونی پارتی کرا و چوار لایەنەکەی دیکە سووربوونی خۆیان لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دووپات کردەوە "سێ لایەنەکە یان دەبوو لە سەرەتاوە بەو شێوەیە سوور نەبن لەسەر بەڵێنەکانیان، یان لە دوای 12ی ئۆکتۆبەرەوە هەڵوێستەکانیان بەشێوەیەک خاو نەبێتەوە کە ململانێ سیاسییەکە تەنیا وەک ململانێی نێوان پارتی و گۆڕان بمێنێتەوە".

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە، ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە. دوو ڕۆژ پێشتر بزووتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی توندی دەرکرد کە تێیدا هاتبوو "هیچ دامودەزگایەکی ژێر دەسەڵاتی پارتی شەرعیەتی یاسایی و دیوکراسییان نەماوە".

هۆشیار عەبدوڵڵا، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ "بەشداریکردنی یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و کۆبوونەوەکانی بارزانی، خزمەتی سیاسەتی ئێستای پارتی دەکات، کاتی ئەوەیە قسەی ڕوونی خۆیان بکەن".

ڕۆژی 12ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ، بە ڕێگریکردن لە یوسف محەممەد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و گۆڕان پێی نایە قۆناغێکی تەواو خراپەوە. لەوکاتەوە هیوای گەورەی بزووتنەوەکە، یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵە، بۆ ئەوەی پارتی ناچار بکەن دۆخەکە بگەڕێنێتەوە بۆ پێش ئەو ڕێکەوتە، بەڵام هێشتا ئەو سێ لایەنە لە نێو حکومەت درێژە بەکاری خۆیان دەدەن.

هۆشیار عەبدوڵڵا، بەبیری یەکێتی دێنێتەوە کە لە ڕێککەوتنی دەباشان سیستمێکی پەرلەمانییان پەسەند کردووە و کۆمەڵ و یەکگرتووش لە کۆنگرەی حیزبەکانیان هەروا "ڕای ڕوون و ڕاشکاوی ئەو سێ لایەنە ئەوە نییە لە حکومەت بکشێنەوە، بەڵکو ڕای خۆیان بڵێن کە ئایا ئەو کودەتایەی پارتییان قبوڵە یان نا. ناکرێ بڵێن قبوڵمان نییە و لە حکومەتیش بمێننەوە، ناکرێ بڵێن بارزانی پاساوی یاسایی نییە و بچن لە کۆبوونەوەکانیشیدا دابنیشن".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "ئەوان پێش 12 ئۆکتۆبەر زانیارییان هەبووە پارتی بەوشێوەیە داشەکانی دەجوڵێنێت و ڕێگرییان لێدەکات "دەمانزانی پارتی ئەو هەنگاوە دەنێت بەرامبەرمان. یەکێتیشمان ئاگادار کردبوو کە پارتی نیازی وایە هەنگاوی لەو جۆرە بەرامبەر ئێمە بگرێتەبەر، یەکێتی گوتیان ئەگەر ئێوە خۆتان لە حکومەت بکشێنەوە ئێمە حەقمان نییە، بەڵام ئەگەر پارتی بیەوێ ئەوە بەرامبەرتان بکات قبوڵی ناکەین. کۆنووسی کۆبوونەوەکان ماون".

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، بە ئەگەرێکی بەهێزی دەزانێ لەو نزیکانە کۆبوونەوە دوو قۆڵی و پێنج قۆڵییەکان دەستپێبکەنەوە "بە دووری نازانم پەرلەمانیش ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت دەست بە کۆبوونەوەکانی بکاتەوە، چونکە دۆخی ناوچەکە وا دەخوازێ بەهێزبین و کێشەی نێوخۆییمان نەبێ".

دارا محەممەد ئەمین گوتیشی "ئێستا بە کردەیی نزیکبوونەوە لە نێوان گۆڕان و یەکێتی و یەکێتی و پارتی و پارتی و گۆڕان هەیە، ڕاستە لە ڕاگەیاندنەکانەوە زمانیان هێشتا زبرە بەرامبەر بەیەک، بەڵام نزیکبوونەوە لە نێوانیاندا هەیە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، یەکێتی دەیەوێ تا ئەوەندەی پێی بکرێ بەیەک ئەندازە لە گۆڕان و پارتییەوە نزیک بێت، لە ڕاپرسییەکی نێوخۆییشدا کە چەند مانگێک لەمەوبەر ڕابردوو ئەنجامیان دابوو، ئەندامان و کادرەکانی هەر ئەوەیان خواستبوو، بەڵام ناشچێتە ژێر داخوازییەکانی گۆڕان بۆ دوورکەوتنەوە لە پارتی و جێهێشتنی حکومەت، بەڵام هۆشیار عەبدوڵڵا پێیوایە ئێستا دەتوانن لەگەڵ یەکێتی هەنگاوی هاوبەشی گەورەتر بنێن "سەرەتا فراکسیۆنە پەرلەمانی و حکومییەکانمان بکەینە یەک لە کوردستان و بەغدا".

هەرێم کەمال ئاغا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، داخوازییەکەی هۆشیار عەبدوڵڵا، بۆ ئەوەی هەڵوێستی ڕوونتر نیشان بدەن، ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ "ئیشی کەس نییە سیاسەت بۆ یەکێتی دابڕێژێ یاخود بە یەکێتی بڵێ بەو جۆرە کار بکە، یەکێتی خۆی دەزانێ چۆن کارەکانی بەڕێوە دەبات و هەوڵی زۆریشمان بۆ نێوەندگیری و ئاشتی داوە و بەردەوامیش دەبین".

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش دەڵێ "ئێمە خۆمان دەزانین کەی و چۆن هەڵوێست وەربگرین نەک کاک هۆشیار بۆمان دیاری بکات".

هەروەها مەروان گەلاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لەپەرلەمانی کوردستان، لەبارەی ئەو داواکارییەکەی هۆشیار عەبدوڵڵا دەڵێت، ئەوان خاوەنی هەڵوێستی سیاسی خۆیانن و پێویستیان بەهیچ لایەک نییە بەرنامەی کار و هەڵوێستیان بۆ دیاری بکات "هیچ کەسێک بۆی نییە ئێمە فێری هەڵوێست وەرگرتن بکات، پێویستە برادەرانی گۆڕان دەستە چەورەکەی خۆیان بە کەسدا نەسرن، خۆیان ئەو کێشەیەی هەیە چارەسەری بکەن".

## وەزارەتی ئەوقاف چاکسازی دەکات

**رووداو- هەولێر**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری راگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی 2015/12/20 د.پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف بە وەکالەت فەرمانی داوە بۆ چاکسازیکردن و رێکخستنەوەی پەیکەری نوێی وەزارەت. ئەوانیش لە ئەمڕۆ دووشەممەوە دەستبەکار دەبن. مەریوان گوتی "چاکسازی و رێکخستنەوەکە بەشەکانی ناوەوە و دەرەوەی وەزارەتیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە چەندین بەڕێوەبەرایەتیمان هەیە زیادەن و پێویست دەکات هەڵبوەشێنەوە، لە بەرامبەریشدا پێویستمان بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی نوێ هەیە". گوتیشی "دەبێت چاکسازییەکانیش تا پێش ساڵی نوێ تەواو بن".



رووداو راپۆرت
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21

ماریا فانتاپی، بەرپرسی فایلی کورد لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی بۆ (رووداو):

# سەرکەوتنی ئیدارەی ناوچەی کوردی لە سووریا بەندە بە هەرێمی کوردستانەوە

### دەبێ پەکەکە گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆیدا لە ناوچە کوردییەکانی سووریا بکات

### ئەمریکا لەگەڵ پەیەدە هەماهەنگیی سەربازی هەیە نەک سیاسی

عوبەید رەشاقایی
رووداو- دهۆک

ماریا فانتاپی لێکۆڵەر و بەرپرسی کاروباری کورد لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەڵێت دەبێ پارتی کرێکارانی کوردستان گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی خۆی لە رۆژئاوای کوردستاندا بکات، تاوەکو ئیدارەی رۆژئاوای کوردستان سەربکەوێت و ببێتە پرۆژەیەکی کوردی.

ئەو رێکخراوەی ماریا کاری تێدا دەکات، بە پلەی یەک گرنگی بە کوردی باشوور و رۆژئاوای کوردستان دەدات و کەمتر کاریان لەسەر کوردی رۆژهەڵات و باکووری کوردستان کردووە. ماریا لەو بارەیەوە دەڵێت "ئێمە لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ بەرەوپێشچوونەکانی مەسەلەی کورد دەکەین لە تورکیا. من سەرقاڵی مەسەلەی کوردی تورکیا نیم، بەڵکو کار لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەی کوردی لە سووریا دەکەم. بەڵام بێگومان تیمێکمان هەیە و کاری لەسەر دەکات. هیوادارین بتوانین کار لەسەر کوردی ئێرانیش بکەین، کە مەسەلەیەکی گرنگە و بەباشی توێژینەوەی لەسەر نەکراوە".

ئیشی ماریا لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی بە پلەی یەکەم کارکردنە لەسەر کوردی رۆژئاوای کوردستان. ماریا باسی گرنگی ئەو پارچەیەی کوردستان دەکات و دەڵێت "بەرەوپێشچوونەکانی ئەوێ گرنگن، نەک تەنیا لەبەر مەسەلەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، بەڵکو لە چوارچێوەی ململانێی سووریاشدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە". هەروەها دەڵێت "داهاتووی کوردی سووریا زۆر گرنگە، چونکە لەوانەیە بەهۆی ململانێی سووریاوە گۆڕانی بەسەردا بێت. لەم کاتەدا مەسەلەی کوردی سووریا بۆ ئێمە زۆر گرنگە".

ماریا لەو ماوەیەدا بۆ ماوەی چوار رۆژ سەردانی رۆژئاوای کوردستانی کرد بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتێک لەسەر رەوشی رۆژئاوای کوردستان بۆ گرووپەکە. ماریا دەڵێت "مەبەستی توێژینەوەکەم جەختکردن بوو لەسەر داهاتووی حکومەتی خۆبەڕێوەبەری لە ناوچە کوردیەکان، کە ماوەیەک لەمەوبەر راگەیەندرا، ئایا توانای بەرگەگرتنی ئەو پرۆژەیە چەندە؟ هەروەها تێگەیشتن لە پەیوەندیی دەسەڵات لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی سووریا کە چۆن دەتوانین دڵنیابین لەوەی کوردی سووریا بە مافەکانیان دەگەن لە داهاتووی سووریادا".

ئایا ئەو ئیدارەیەی رۆژئاوای کوردستان سەردەکەوێ، ماریا بە گەشبینییەوە لە ئایندەی ئەو ئیدارەیە دەڕوانێت و دەڵێت "ئیدارەی ناوچەی کوردی لە سووریا چانسی زۆری لەبەردەمە گەشە بکات و بەرەوپێش بچێ". بەڵام بەو مەرجەی "هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی ئەوێ".

هەروەها دەڵێت "پێموایە ئەگەرێکی بەهێزی گەشەکردنی ئیدارەی ناوچەی کوردی هەیە، ئەگەر ناکۆکییەکانی هەولێر و قەندیل نەمێنن. پێموایە لاوازییەکانی ئەو ئیدارە کوردییەی سووریا پەیوەندی بە رەوشی ناوخۆیی سیاسەتی کوردییەوە هەیە. دەبێ پەیەدە و یەپەگە سیاسەتی خۆیان بگۆڕن، بۆ ئەوەی ئەو ئیدارەیە ببێتە پرۆژەیەکی کوردی".

ماریا سەرکەوتنی ئیدارەی رۆژئاوای کوردستان دەبەستێتەوە بە پەیوەندی ئەو ئیدارەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و دەڵێت "ئەگەر ئیدارەی کوردی لە سووریا بیەوێ داهاتووی هەبێت، ئەوە پێویستە پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت، بەڵام پێویستە پەیوەندییەکە دوو لایەنە بێت، پێویستە هەولێریش هەوڵی دروستکردنی ئەو پەیوەندییە بدات".



هەروەها ماریا بە گرنگی دەزانێت کە پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی خۆیدا بکات و دەڵێت "دەبێت هەموو هەوڵەکانی لەوەدا چڕ بکاتەوە کە پرۆژەکەی کوردی سووریا سەرکەوتوو بێت. بیر لە دامەزراندنی دامەزراوەیەک بکرێتەوە هەموو حیزبەکان لەخۆبگرێت و پێکهاتە جیاوازەکان کۆبکاتەوە. چونکە بۆ نموونە لە جزیرە چەند پێکهاتەیەکی جیاواز دەژین، تەنیا کورد لەوێ ناژین".

سەبارەت بە بەردەوامبوونی پاڵپشتییەکانی ئەمریکا بۆ پەیەدە کە ئێستا شەڕی داعش دەکات، ماریا دەڵێت "پێموایە لە روانگەی ئەمریکاوە، یەپەگە وەک هاوپەیمانێکی سەربازیی گرنگ دەمێنێتەوە. بەتایبەتی لەم کاتەدا کە شەڕی دژی داعش دەکات. بەڵام سیاسەتی ئەمریکا دوورە لە لەبەرچاوگرتنی ئاواتی سیاسیی کوردی سووریا، چونکە پرۆژەی کورد لە سووریا لەلایەن پەیەدەوە خاوەندارێتی دەکرێت، پەیوەندی پەیەدەش بە پەکەکەوە کێشە بۆ پەیوەندیی تورکیا و ئەمریکا دروستدەکات، ئێستا هەماهەنگییەکی سەربازیی بەهێز هەیە لەنێوان ئەمریکا و پەیەدە، بەڵام هەماهەنگیی سیاسی نییە".

# پەرلەمان دەست بە گفتوگۆ لەگەڵ حیزبەکان دەکاتەوە

### پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ: ئەو هەوڵەی پەرلەمان ئەنجامی نابێت

### پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو: چارەسەر دەست لەکارکێشانەوەی 56 پەرلەمانتارە

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

خەڵک و دامەزراوەکان لە باشووری کوردستان بیریان لەوە دەکردەوە چۆن شێوازێکی نوێ بدۆزنەوە بۆ یادی ئاڵای کوردستان، بەڵام سالار مەحموود، پەرلەمانتاری یەکێتی بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەتوانێ لەگەڵ هاوڕێکانی ئەوە بکاتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی لە هەموو فراکسیۆنەکان هەوڵێک دەستپێبکەن بۆ گفتوگۆ.

سالار مەحموود دەڵێت "زۆربەی پەرلەمانتاران لەگەڵ ئەوە بوون پەرلەمان دەست بە هەوڵەکانی بکاتەوە، هەر ئەو رۆژە کۆبووینەوە بۆ ئەوەی لیژنەیەک دروست بکەین و ئێستا لیژنەکە ئامادەیە و چاوەڕوانی فراکسیۆنی گۆڕان دەکەین ئەندامێک بێنرنە نێو لیژنەکە".

لە فراکسیۆنەکانی پارتی، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵی ئیسلامی، تورکمان و ئاشوورییەکان و لایەنە خاوەن یەک کورسییەکانی دیکە، لیژنەیەکی 8 کەسی پێکهاتووە. ئەمڕۆ دووشەممە 2015/12/21 لیژنەکە لە دەرگای یەکێک لە حیزبەکان دەدات بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن.

سالار مەحموود دەڵێت، سەردانی هەر 5 لایەنەکە (یەکێتی، پارتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) دەکەن و ئامانج ئەوەیە "بە گفتوگۆ حیزبەکان بڕوا پێبهێنن دۆخەکە ئاسایی بکەنەوە و پەرلەمان دەست بە دانیشتنەکانی بکاتەوە، ناکرێت پەرلەمان بەو شێوەیە پەکبخرێ".

بەڵام هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان، بڕیاری نەداوە بچێتە نێو لیژنەکەوە، هەرچەندە سالار مەحموود دەڵێ "ئەگەری هەیە بێنە نێو لیژنەکەوە".

بێستوون فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان، دەڵێ بزووتنەوەی گۆڕان پێشوازی لە هەر هەوڵێک دەکات کە بیەوێ بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان ئاسایی بکاتەوە "بەڵام پێموایە ئەو هەوڵە ئەنجامی نابێت.".

ئەو پەرلەمانتارەی فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە پێشتر پەرلەمان هەوڵی خۆی داوە "بە پرۆژە پەرلەمان کاری خۆی کرد و ئێستا پرسەکە لە دەست پەرلەمان دەرچووە".

لە چەند مانگی رابردوودا، هەوڵی نێوەندگیری زۆر دران، بەڵام مەودای ناکۆکیی نێوان پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان کەم نەبووەوە. جڵەوی دواهەمین نێوبژیوانی بەدەست یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بوو کە ئەویش نەیتوانی تەنانەت کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵی یان 5 قۆڵی رێکبخات. ئێستا ئاشە سیاسییەکە هەڵدەسوڕێ، بەڵام حکومەت بە قەیران گەمارۆ دراوە و هێشتا روونیش نەبووەتەوە پارتی و یەکێتی بۆ نۆژەنکردنەوەی رێککەوتنە کۆنەکەیان دەگەڕێنەوە، یان دۆخەکە بەو جۆرە رێدەکات تا کۆتایی ئەو 4 ساڵەی 5 لایەنەکە نەیانتوانی بەیەکەوە تەواوی بکەن.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، ئاگاداری هەوڵە نوێیەکەی پەرلەمانتارانە. ئەندامێکی فراکسیۆنەکەی بەشداری تێداکردووە و بە خراپی نازانێ هەوڵ بۆ چارەسەر بەردەوام بن، بەڵام پێیوابوو کە "پێویستە هەر فراکسیۆنێک بگەڕێتەوە لای حیزبەکەی خۆی و ناچاریان بکات چارەسەرێک بدۆزنەوە"، چونکە وەک ئەبوبەکر هەڵەدنی گوتی "حورمەتی پەرلەمان شکاوە و ناکرێ دەزگایەکی گەورە ئاوای بەسەربێت".

هەڵەدنی رێگا چارەیەک هەڵدەبژێرێ لە ئەگەری شکستهێنانی ئەو هەوڵەی پەرلەمانتاراندا "56 واژۆی دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتاران کۆبکەینەوە، بۆ ئەوەی لانیکەم حیزبەکان ناچاربن بیر لە چارەسەرێک بکەنەوە و ئاوا درێژە نەکێشێ".

لە 12ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا، رووداوەکان بەدوای یەکدا پەیوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕانیان هەڵتەکاند. پەرلەمان لە کارەکانی خۆی راوەستا و گفتوگۆی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، تاوەکو ئێستا لە مەدارێکدا دەخولێنەوە. ئاساییبوونەوەی دۆخی سیاسی بەلای بزووتنەوەی گۆڕانەوە بریتییە لە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی بۆ سەر کارەکانیان، پارتیش دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ دەخاتە پێش گەڕانەوەی ئەوان. کەواتە پەرلەمانتاران چ قسەیەکی نوێیان پێیە؟

سالار مەحموود، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی دەڵێ "دەبێ حیزبەکان چارەسەرێک بدۆزنەوە کە پەرلەمان دەست بە دانیشتنەکانی بکاتەوە و کێشەکانی دیکەش چارەسەر بکرێن، رێگاچارە زۆرن و نابێت نائومێد بین".

بەڵام سۆران عومەر، ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ پەرلەمان خراپ پەکی کەوتووە "دەوامی رۆتینی هەیە لە پەرلەمان، لیژنەکان راپۆرتی خۆیان ئامادە دەکەن، بەڵام کە پەرلەمان کۆنەبێتەوە و کاری خۆی نەکات راپۆرت چی لێدەکەیت".

سۆران عومەر پێیوایە گفتوگۆی پەرلەمان لەگەڵ حیزبەکان سەرکەوتوو نابێ "پەرلەمان نەتوانێ کێشەی سەرۆکایەتییەکەی خۆی چارەسەر بکات و دانیشتنەکانی دەست پێبکاتەوە، کێشەی نێوان حیزبەکانی چۆن پێ چارەسەر دەکرێ؟".

# داعش 100 گوللە هاوەن و کاتیۆشای ئاراستە کردوون

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

رەزامەندیمان لە بەرپرسی سەربازگەکە وەرگرت، وەکو یەکەم دەزگای راگەیاندنی کوردی چووینە نێو ئەو سەربازگەیەی ناحیەی باشیک کە هێزەکانی تورکیای لێیە. لە دەرگای سەرەکیی سەربازگەکە، حەوت چەکداری حەشدی نیشتیمانی وەستابوون، پێمانگوتن کە وادەیەکمان لەگەڵ بەرپرسی سەربازگەکە هەیە. رێگەیان پێداین، بەڵام دواتر سەربازێکی تورک هاتە سەر رێگەمان و گوتی "نابێ بچنە ژوورەوە" لێمان پرسی بۆچی؟ گوتی "راستە لێرە حەشدی نیشتیمانی هەن، بەڵام هەموو سەربازگەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایە".

هەفتەی رابردوو داعش لە نزیک باشیک هێرشی کردە سەر سەربازگەیەکی حەشدی نیشتمانی کە سەربازی سوپای تورکیای لێ جێگیرکراوە، بەو هۆیەشەوە 10 چەکداری سەربازگەکە کوژران و بریندار بوون. ئێستا هێزەکەی تورکیا لوولەی چەکەکانیان لە داعش کردووە و تاوەکو ئێستا دوو جار داعشیان لە مووسڵ و باشیک بۆردومان کردووە. جگە لەوەش هێزەکەی تورکیا خەریکی پتەوکردنی سەنگەرەکانیانن لە سەربازگەکە.

کاتێک لە سەربازە تورکەکەمان پرسی ئێوە لە داعش ناترسن؟ سەربازە تورکەکە بە پێکەنینەوە گوتی "بۆچی بترسین، نابینی ئەو هەموو چەک و تەقەمەنییەمان پێیە؟".

عەمید روکن محەممەد یەحیا، بەرپرسی سەربازگەکە کە لەبەر دەرگای سەربازگەکە قسەی بۆ (رووداو) کرد، باسی هێرشەکەی هەفتەی رابردووی داعشی بۆ سەر سەربازگەکە کرد و گوتی "داعش نزیکەی 100 گوللە هاوەن و کاتیۆشای تێگرتین، هەندێک لە سەربازەکان سەربازگەکەیان جێهێشت، بەڵام دواتر گەڕانەوە". سەبارەت بە زیانەکانیش گوتی "دوو سەربازمان شەهید بوون، چوار سەربازی دیکەی ئێمە و چوار سەربازی تورکیش بریندار بوون".

سەرچاوەیەک لە ناحیەی زیلکان کە ئەو سەربازگەیەی لێیە، زانیاری لەسەر پاڵپشتی چەند عەرەبێکی ئەو ناوچانە بۆ داعش ئاشکرا کرد و گوتی " لە کاتی تۆپبارانەکەدا، تۆپەکان زۆربەیان ئامانجی خۆیان دەپێکا، دواتر ئاسایشی ناوچەکە چوونە ماڵی چەند عەرەبێکی گوندی کوداد و گوندێکی دیکە، ئاشکرا بوو دوو موختاری عەرەب لەو ناوچەیە بە تەلەفۆن زانیارییان دەدایە داعش.

ساڵێک و چوار مانگە سەربازگەی کوداد لە نزیک باشیک دروستکراوە کە تەنیا 5 کیلۆمەتر لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە لە چیای باشیک دوورە، لە سەرەتای ئەم مانگەدا نزیکەی 900 سەربازی تورکیا لەو سەربازگەیە جێگیرکران.

ڕووداو
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21


### ئازاد قەزاز، نووسەر و ڕووناکبیری کورد بۆ (ڕووداو):

# تیرۆریزم و ئەنتی تیرۆریزمیش لەناو ئیسلامدا جێیان دەبێتەوە

ئازاد قەزاز، پسپۆڕ لە بوارەکانی فەلسەفەی ئایین و سایکۆسۆشیال کە سالآنێکە لە هۆڵەندا نیشتەجێیە، خاوەنی زیاتر لە 20 کتێبی چاپکراوە لەو بوارانەدا کە گرنگترینیان بریتین لە: (فەلەسەفە و خەم)، (چرپە.. وەهای گوت خودا)، (سایکۆپۆلیتیک)، (ڕۆحی کورد)، (ترس و خەمۆکی)، (ئیسلام لە محەممەدەوە تا بن لادن) و (مرۆڤ وێڵی حەقیقەتە).

ئازاد قەزاز لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) لەبارەی سەرهەڵدانی داعش، توندڕۆیی و تیرۆر و پەیوەندییان بە ئیسلامەوە دەدوێ.

ڕووداو - سلێمانی



ئیسلام لەپاش پەیامبەرەوە گۆڕانی جەوهەریی بەسەردا هاتووە

**ڕووداو: وەک ئەکادیمییەکی دانیشتووی ئەورووپا، ئەو تیرۆرەی ئەمڕۆ لە ئەورووپا بەناوی ئیسلامەوە ناوبەناو مەترسی دروست دەکات، تاچەند پەیوەستە بە ئایینی ئیسلامەوە؟ هیچ مێڵێک هەیە ئەم تیرۆرە بەرێتەوە سەر شوێنێکی دیکە، نەک ئایین یان ئیسلام و دەق؟**

**ئازاد قەزاز:** بەڕاستی پرسی تیرۆر کە ئایا پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە یان نا، وەڵامدانەی هەروا سادە و ئاسان نییە تا مرۆڤ بە یەک وەڵامی بەڵێ یان نەخێر لە کۆڵی بکاتەوە. ئێمە گوێمان لە وەڵامی سادەی جۆراوجۆر دەبێت کە هەندێکیان دەڵێن نەخێر ئیسلام هیچ پەیوەندییەکی بە تیرۆرەوە نییە و پێچەوانەکەشیمان هەر لە هەردوولاوە گوێ لێ دەبێت.

**ڕووداو: بۆنموونە هەموو سیاسی و سەرکردەکانی ئەورووپا ڕەتی دەکەنەوە تیرۆر پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەبێت؟**

**ئازاد قەزاز:** ڕاستە بۆ سەرۆکی وڵاتە ئەورووپییەکانی وەک هۆڵاند و ئۆباما و ئەوانی دیکەش ئاساییە بڵێن کارە تیرۆرییەکانی داعش پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە، یاخود ڕاستڕەوەکانی وڵاتانی ئەورووپی، بۆ نموونە سەرۆک حیزبێکی وەکو خێرت ویڵدەرس لە هۆڵەندا بە ئاشکرا دەڵێت: بەڵێ ئیسلام تیرۆر بەرهەم دێنێ. بە هەمانشێوە دەبینین زۆرێک لە موسوڵمانان تیرۆر لە ئیسلام دووردەخەنەوە و دژە ئیسلامییەکیش هەموو خەتایەکی دەرکەوتنی داعش دەخاتە پاڵ ئیسلام. ئەمانە هەمووی گوتراوە، بەڵام ئەم بۆچوون و لێکدانەوانەی سەرەوە، تەنها خوێندنەوەیەکی ڕووکەشی و ڕووماڵکردنێکی خێرایە و بۆ مەبەستی سیاسی یاخود بەرژەوەندیی تایبەتییە، وەلێ وردکردنەوە بۆ ئەو بۆچوونانە نەکراون. لێرەدا مەبەستم وردکردنەوەی کاراکتەری مرۆڤ و دەرکەوتەی ئایین و توندڕەوییە لە پرۆسەیەکی مێژوویی‌دا، هەمانکات کاریگەریی کۆمەڵگە و خێزان و سیستەمی سیاسیی وڵات و تەکنەلۆژیا و ئایدیۆلۆژیای باو لەبەرچاو بگرین. بەبێ ئەم وردەکارییە، هەرچی بڵێین دەبێتە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی سەرپێیی و خێرا نەک لێکدانەوەیەکی زانستی.

بۆیە ئەگەر بمانەوێ وردتر و فراوانتر لە پەیوەندیی نێوان ئیسلام و کاری تیرۆریستی تێبگەین، بەڕاستی هەروا بەسەرپێیی ناتوانین تێیپەڕێنین، واتە یان بە یەکجار ئیسلام خەتابار بکەین، یاخود لەم هاوکێشەیەدا ئیسلام وەک ئایین لابەرین. ئەگەر بڵێین ئیسلام وەک ئایین تیرۆر بەرهەم دێنێ و مێژووی ئیسلام هەروا بووە و لە مێژووی ئیسلامدا نموونەی زۆروزەبەند بدۆزینەوە، ئەی بۆ هەموو موسوڵمانێک ئێستا داعش نییە و بۆچی زۆربەی موسوڵمانەکان خۆیان لە داعش بە دوور دەگرن؟ ئەی چۆنە وا مێژووی ئیسلام جگە لە توندڕەو، زانا و فەیلەسوف و بیرمەند و سۆفی مەزنیشی بەرهەمهێناوە؟

**ڕووداو: بەڵام ئەم پرسیارە بە پێچەوانەشەوە هەر دەکرێت: ئەی داعش سەرچاوەی ئیلهام و لێکدانەوەی بۆ ئایەت و حەدیس تا ڕەوایەتی بە کردەوەکانی بدات لە کوێوە دێنێ؟**

**ئازاد قەزاز:** ئەوە ڕاستە و پرسیارێکە هەمیشە دەکرێت و هەر توێژەرێکیش نابێت خۆی لەم پرسیارە لابدات. من پرسیارەکە فراوانتر دەکەم: ئاخۆ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و لە مێژووی ئایینەکانی دیکەدا تیرۆر نەبووە؟ واتە ئەم تیرۆرکارییەی ئیمڕۆ، تەنیا لەناو مێژووی ئیسلامدا سەری هەڵداوە، تاوەکو ئەوەمان بۆ بسەلمێت کە ئیسلام ئایینی تیرۆریسمە؟ یاخود گشت ئایین و ئایدیۆلۆژیایەک بە جۆرێک لە جۆرەکان لە سەردەمێک لەسەردەمەکاندا کاری توندڕەوییان بەناوی ئایین و ئایدیۆلۆژیاکانیانەوە ئەنجامداوە؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە زۆر شتمان بۆ ڕووندەکاتەوە، واشمان لێدەکات کە لە چەند ڕوویەکەوە لەم واقیعەی ئیمڕۆکەی تیرۆریزم لە ئیسلامدا تێبگەین و ئەوەش بزانین بۆ لە مێژووی ئیسلامدا لەلایەکەوە کەسانی توندڕەو دەرکەوتوون و لەلایەکی تریشەوە کەسانی عارف و زانا و حەکیم وەبەرهاتوون؟ تا ئێستا هەر پرسیارە دەیخەینەڕوو، دەبینین وەڵامەکان نە بە بەڵێ نە بە نەخێر نادرێنەوە. واتە زۆر بە ڕوونی دیارە هەردوو ڕەوتەکە تێیدا جێگەی بووەتەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا جێی بایەخ بێت، ئەوەیە کە ئەمڕۆ ئەوانەی ئایینەکەی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ پاساودان بە کاری تیرۆری خۆیان، موسوڵمانن و ئیسلامەکەش ئەمڕۆ لە دۆخێکدایە لەبارە بکرێتە پاساو بۆ کاری تیرۆریستی. ئەمە ئەو خاڵەیە کە دەبێ جیهانی ئیسلامی هەڵوەستەی لەسەر بکات و دانی پێدا بنێ.

بۆ تێگەیشتن لەم پەیوەندییە، پێویستمان بە تێگەیشتنە لە مرۆڤ و لە مێژوو و لەو پرۆسەیەش کە مرۆڤ لەناو مێژوودا دەبزوێنێ. ئیسلام هەروەک کۆمەڵێک دەقی نووسراوی پیرۆزکراوە، هەمانکات مێژوویەکی بزوێنراو و بزوێنەریش بووە، هەروەک بەرهەمهێنراوە، هەمانکات بەرهەمهێنەریش بووە و تائێستاش لە کاریگەریی خۆی نەوەستاوە.

لەبەرئەوەی ئیسلام سەرچاوەی سەرەکیی خۆی لە قورئانەوە وەردەگرێ و قورئانیش لە مێژوویەکی نزیکەی ماوەی 23 ساڵێکدا خۆی تەواو کردووە، واتە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤگەلێکدا وەک پرۆسەیەک و لەگەڵ ئەوان و لەناو ئەواندا دەستپێدەکات و خۆی کامڵ دەکات، ئیتر ئێمە ناتوانین وەک کتێبێک بیخوێنینەوە کە مرۆڤێک لە ماوەیەکی کورتدا و خەیاڵئامێزانە نووسیبێتی. مێژوویەکە چەندین قۆناغی چ کۆمەڵایەتی، سیاسی یان عەقیدەیی لە خۆیدا هەڵگرتووە. واتە ئێمە نابێت وەک کتێبێک بیخوێنینەوە کە خۆی لە کۆمەڵێک دەقدا دەبینێتەوە، بەڵکو دەبێت لەناو مێژوویەکدا بیخوێنینەوە کە قورئان خۆی تێدا دەرخستووە. ئەمڕۆ داعش خۆی لە مێژوویەکدا دەبینێتەوە کە مێژووی جەنگ و دژایەتی و ململانێی موسوڵمانە لەگەڵ نەیارەکانیدا، هەرواش ئیسلامییەکی میانڕەویش کە خۆی دەنوێنێ، لە مێژوویەکی ئیسلامدا خۆی دەدۆزێتەوە کە سەردەمی ئاشتی و پێکەو ژیانە یان سەردەمی نهێنی و لاوازیی موسوڵمانەکانە. باشە کامیان پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە؟ بێگومان هەردووکیان پەیوەندییان بە ئیسلامەوە هەیە و هەمانکاتیش ئیسلام هیچ کامیان نییە، چونکە ئیسلام کۆی مێژووی خۆیەتی، نەک تەنیا قۆناغێک لە مێژووەکەیدا. ئەمە نموونەی لە مێژووی ئیسلام و هێنانەوەی ئایەت بە نموونە دەخوازێت تا بزانین ئەوە موسڵمانەکەیە وەک مرۆڤ دەبێتە کارەکتەری ئاشتی و تیرۆر، یان ئەوە تێکستەکەیە ئەو ڕەفتار و بیرکردنەوانە بە مرۆڤ دەکەن؟ یاوەکو دەبێت پەیوەندییەکی جەدەلی لە نێوان تێکست و مرۆڤدا هەبێت؟

ئەم پەیوەندییە جەدەلییە تەنیا بە ئیسلامەوە نابەستینەوە، چونکە تێکست هەمیشە کاریگەریی خۆی لەسەر ڕەوت و ئاراستەی ژیانی مرۆڤ جێدەهێڵێ، ئەگەر ئەو تێکستە پیرۆزیش نەبێت. بۆ نموونە دەقێکی شیعری کوردی وەک ئەی ڕەقیب، ماوەیەک لەمەوبەر چ هەرایەکی نایەوە! لەلایەکەوە کۆمەڵێ کەس بەناوی نەتەوایەتییەوە پیرۆزی دەکەن و ئەوەی لەبەری هەڵنەستێتەوە، بە دوژمنی کوردی دەزانن، لەلایەکی ترەوە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، هەر بە جلکە کوردییەکانیەوە ڕێزی لێناگرێت و بە گوناهی دەزانێت گەر لەبەری هەڵسێتەوە، چونکە

## لە پاش پەیامبەرەوە مرۆڤی موسوڵمان دەبێتە کۆیلەی دەق

## ناتوانین ئیسلام تەنیا لە کتێبێکدا ببینین

## میانڕەوی چەمکێکی شلۆقە

لەگەڵ دەقی ئایینی کە ئەو ئەمیرە باوەڕی پێیەتی، دژ دێتەوە. کەچی لەهەمانکاتدا بۆ ئیسلامیەکانی ناو یەکگرتوو ئاساییە و لەبەری هەڵدەستنەوە؟! پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دوو موسوڵمان بۆ دەقێکی ئایینەکەی خۆیان کە عەقیدەی خۆیان لەسەر بنیات ناوە، دوو جۆر کاردانەوەی جیاوازیان هەیە؟ دوو تێکستی جیاواز، بە دوو زمانی (کوردی و عەرەبی) جیاواز، کۆمەڵێک کاردانەوەی جیاواز بە مرۆڤ دەخولقێنن. لەگەڵ ئەوەی ئەو دەقانە کاریگەری لەسەر ئەو مرۆڤانە دادەنێن، بەڵام ئەو مرۆڤانەش خۆیان، لە ئاست ئەو دەقانەدا، لێکدانەوەی تایبەتی خۆیانیان دەبێت کە بەندە بە کۆمەڵێ فاکتەری پێشوەختەی خۆیانەوە.

**ڕووداو: کەواتە ئایا ئەوە ئیسلامە مرۆڤی تیرۆریست بەرهەم دێنێ یان ئەوە مرۆڤی تیرۆریستە ئیسلام وەک ئایینی تیرۆر نمایش دەکات؟**

**ئازاد قەزاز:** لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا گوتمان کە پەیوەندی لە نێوان مرۆڤی تیرۆریست و ئیسلام، پەیوەندییەکی جەدەلییە، واتە ناتوانین ڕاستەوخۆ ئیسلام بکەینە هۆکاری یەکەم لە دەرکەوتنی دیاردەی تیرۆردا. مەبەستمان ئەوەیە نە ئەو بۆچوونە تەواوە کە ئیسلام بەو سەرچاوەیە دادەنێت و ئایینی ئیسلام وەک ماشێنێک دەبینێت کە تیرۆریست دروست دەکات، نە ئەو بۆچوونەش گونجاوە کە ئایینی ئیسلامی لێ بێبەری دەکات، تیرۆریزمی ئیمڕۆکە بەڵێ پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە، بەڵام ناتوانین بڵێین ئیسلام وەک ماشێنی جوجەڵە وایە، ئەوەی تێیچوو بە تیرۆریست هەڵیدەهێنێ. کێشەی ئەمجۆرە خوێندنەوەیە لەوەدایە کە هەرسکردنی قورسە، چونکە ئێمە وا فێربووین ئیسلام لە یەک چوارچێوە و لەیەک ئاست و لە یەک دیمەنی وەستاودا بخوێنینەوە. وا فێربووین کە ئایین یان لەخوداوە هاتووە و کامڵ و پڕە، وەستاو و نەگۆڕە، یاخود ئایین فێڵە و گزییە، تلیاکە و مەستهێنەرە. واتە ناتوانین سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ئەو ئایینە وەک دیاردەیەک بخوێنینەوە، ئیسلامێک لەسەرەتاوە لە مەککەدا خۆی دەردەخات، جیاوازە لەو ئیسلامەی پاش 23 ساڵ خۆی کامڵ دەکات، ئیسلامێک لە پاش پەیامبەر گۆڕانێکی جەوهەریی وای بەسەردا دێت کە دوو قۆناغی جیاواز و دوو جۆر لە مرۆڤی جیاواز دروست دەکات. مرۆڤی سەردەمی محەممەد خۆی و مرۆڤی پاش خۆی. کەواتە بە پوختی و کورتی دەبێت دوو قۆناغ کە لە نێوانیاندا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەبێت، دەربخەینەوە، ئەوانیش سەردەمی تەشکیلبوونی ئیسلامە لە 23 ساڵدا و پاش ئەو تەشکیلبوونەیە تاوەکو ئێستا. لەسەردەمی تەشکیلبووندا واقیع و ئەقڵی مرۆڤ تەحەکومی بەدەق دەکرد، گرینگ نییە لێرەدا ئەو تەحەکومە بەناوی خوداوە بێت یان مرۆڤ خۆی بوو‌بێت. ئەمە کێشەی ئێمە نییە لێرەدا تیشکی بخەینە سەر، ئەوە لە کتێبی (خودا و قورئان کامیان سەرچاوەی هەقیقەتە) باسکراوە و لە کتێبەکانی تردا دوور و نزیک تیشکیان خراوەتە سەر. بەڵام لە قۆناغی پاش محەممەد، ئیتر واقیع و ئەقڵی مرۆڤ لەبەر تیشکی دەقدا خۆی هەڵدەخات و وەک گوڵەبەڕۆژە چۆن ڕوو لە خۆر دەکات، موسوڵمانیش بۆ هەموو بڕیارێکی دەبێت ڕووی لە دەقێکی پیرۆز بێت تا ڕەوایەتی بە خۆی ببەخشێ. لە پاش پەیامبەرەوە مرۆڤی موسوڵمان دەبێتە کۆیلەی دەق و تاوەکو ئێستاش ئەو کۆیلەیەتییە بەردەوامە.

**ڕووداو: مەبەستت چییە کە دەڵێی مرۆڤی موسوڵمان بووەتە کۆیلەی دەق، مەگەر دەقەکان بۆ مرۆڤی موسوڵمان پیرۆز نین؟**

**ئازاد قەزاز:** بڕوانن، توندڕەوەکان بە داعش و ئەوانی تریشەوە، بۆ ڕەواییدان بە کارەکانیان هەمیشە پەنا بۆ ئەو دەقانە دەبەن کە خزمەت بە ئامانجەکانیان دەکەن. میانڕەو- گەر بەراوردی بکەی بەتوندڕەو، ئەگەرنا میانڕەو وشەیەکی شلۆقە- بەهەمانشێوە بۆ ڕەواییدان بە بۆچوونەکانی خۆی پەنا دەباتە ئەو سەرچاوە وەستاوانەی ناو ئیسلام و توندڕەو و داعشەکان لە ئیسلام دەردەکات. نەک هەر ئەوە سۆفییەک و سەلەفییەکیش هەر هەمان پرۆسە جێبەجێ دەکەن تا ڕەوایەتی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. پێم بڵێن ئیسلام تاوانبارە و تیرۆر بەرهەمدێنێ، یان مرۆڤ لەناو ئیسلامدا بۆ مەرامی تایبەتی خۆی دەگەڕێت؟ ئیسلام کە لەوکاتەوەی وەک دەق وەستا، ئیتر هەر دەقە و مرۆڤ بە خواستی خۆی دەیخوێنێتەوە. وتە بەناوبانگەکەی عەلی کوڕی ئەبوتالیب کە بە موعاویەی گوت: " قورئان وشەن و خۆیان نادوێن، بەڵکو مرۆڤەکانن دەیاندوێنن"، زۆر تەواو و گونجاوە. سەرباری ئەمانەش لە مێژووی ئیسلامدا جەنگی خوێناوی چ لەگەڵ غەیرە موسڵمان بێت یان لەناو خۆیاندا بووبێت، وتە و گوتار و توندڕەویی زۆر و زەبەندەی لە فەرهەنگی خۆیدا تۆمار کردووە کە ئیمڕۆکە دەتوانرێ بەکاربهێنرێنەوە. هەمانکات ئیسلام وەک دەق و تێکست گرینگی زۆری بەوە داوە کە کافر چەند ناشرین و قێزەونە و دەبێت لەناوببرێت، هەمانکات داوای ئاشتی و گونجان دەکات لە شوێنی دیکەدا، ئەمانە هەموویان لەبارن بۆئەوەی کە کامەیان بۆ مەبەست و خۆزگەی گرووپێک یان بزافێک یان مەزهەب و ڕێبازێک بەکاربهێنرێنەوە، ئەوە کەوتووەتە سەر ئەو کەسەی دەیەوێت بە چ جۆرێک لێوەی هەڵبگۆزێت. کەواتە بەڵێ تیرۆریزم پەیوەندی بەئیسلامەوە هەیە، بەڵام نەک وەکو ماشێن بەرهەمیان بهێنێ، بەڵکو وەک گۆڕەپان گەر بیەوێ لێی دەردەهێنێ. مرۆڤ کائینێکی دینامیکیە، واتە خۆی دەگۆڕێت و دەگونجێنێ، میکانیکی نییە، واتە وەستاو و یەک ئاراستە نییە تا هەرکەسێ موسوڵمان بوو ئەو ماشێنە بیکاتە تیرۆریست. بەڵکو کارلێکردن لە نێوان مرۆڤ، دەقەکان، دەوروبەر، ژینگە، پەروەردە و ئایدیۆلۆژیای ڕۆژگاردا، ئاراستەی مرۆڤ دیاری دەبێت، ئاخۆ بەرەو میانڕەوی یان توندڕەوی هەنگاو دەنێت.

**ڕووداو: کەواتە وەک دوا پرسیار بەلای ئازاد قەزازەوە پەیوەندیی نێوان ئیسلام و تیرۆر پەیوەندییەکی لاوازە یان توندوتۆڵ؟**

**ئازاد قەزاز:** پوختەی وەڵام ئەوەیە کە تیرۆریزمی ئیمڕۆکە، بەڵێ پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە، وەلێ مانای ئەوە نییە کە ئیسلام بەرهەمهێنەری تیرۆریزمە. ئەگەرچی لەنێوان توندڕەوەکان و میانڕەوەکان و ئەوانەش کە هیچ کام لەو ڕەوتانە نین (واتە نە میانڕەون و نە توندڕەون، بە سادەیی وەک موسوڵمان دەژین)، خاڵی گرینگی هاوبەشیان هەن، هەموویان باوەڕیان وایە ئیسلام تاکە ڕێگەی ڕاست و دروستی خودایە، ڕاستیی ڕەها تەنیا لای ئەوان دەستدەکەوێت و خودا بە زمانی عەرەبی و لە ڕێگەی گەلی عەرەبەوە کۆتایی بە کەلامی خۆی هێناوە. ئەم ئایدیۆلۆژیایە مۆڵگەیەکی لەبارو بە پیتە بۆ هەڵهێنانی گەرای تیرۆریست. لەبەرئەوەی ئەگەر باوەڕت وابێت هەموو هەقێک لای تۆ بێت، هیچ ماریفەیەکیشت لەسەر مەقاسدی ئایین لا نەبێت، هیچ پەروەردەیەکی تایبەتی ئاییندار نەکرابیت، گەنجێکی خوێنگەرمیش بیت، هەستی قوربانی و ستەمی جیهانی ئیسلامی بۆ تۆ ڕازێنرابێتەوە و شوێنێکی گرینگیشت لەم ژیانە سەختەی ئیمڕۆکەدا دەستنەکەوتبێ، ئەوا ئەو ئایدیۆلۆژیایە باشترین هاندەر و دروستکەری تۆ دەبێت تا ببیتە تیرۆریست.

ئێمە پێویستە خۆمان شیکاری بکەین و بە یارمەتی زانستە مرۆییە جیاوازەکان، دیاردەیەکی وەک تیرۆریزم و داعش بخوێنینەوە و لە چەند گۆشەیەکەوە بۆی بڕوانین تا بتوانین دروست و باشتر بیناسینەوە. واتە گوتنەوەی گوتەی ئەم و ئەو و بەکارهێنانی دروشمی زەق و قەبە، ڕاستییەکانمان لێ ون دەکات و بڕیاری ناڕەوا دەدەین، کەچی بە ڕەواشی دەبینین. کۆتایی قسەم ئەوەیە: کە داعش ناکرێ بە ئیسلام یان ئیسلام بە داعش یەکسان بکرێت، بەڵام داعش لە دەرەوەی چوارچێوەی ئیسلامیشدا نییە، بەڵکو بەرهەمی ئیمڕۆکەی تێگەیشتنە لە ئیسلام. چەند ئیسلامییەکی سەلەفی یان سۆفی، چەند ئیسلامییەکی سیاسی ڕەوایەتی خۆی لە دەقە پیرۆزەکانی ئیسلامەوە وەردەگرێت، بەهەمان ئەندازە ئیسلامییەکی داعشیش هەمان ڕەوایەتی خۆی لەو دەقانەوە وەردەگرێت.

ڕووداو
کوردستانی
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21



## جەهەپە لەسەر ئامەد دێتە دەنگ

**ڕووداو- ئامەد**

سێزگین تانری کولۆ، جێگری سەرۆکی پارتی گەلی کۆماریی تورکیا CHP ڕایگەیاند، بەهۆی بڕیاری قەدەخەکردنی هاتوچۆ و شەڕەوە، ڕەوشی ئابووریی ئامە، ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت. سێزگین تانری کولۆ، ڕەخنەی توندی لە ئەحمەد داودئۆغلۆ، سەرۆکوەزیرانی تورکیا گرت و گوتی "بەهۆی بڕیاری قەدەخەکردنی هاتوچۆ و پێکدادانە بەردەوامەکان، چەندین شوێنی کار داخراون، بەمەش ڕێژەی بێکاری ڕووی لە زیادبوون کردووە. چەندین کارگەی گەورە و شوێنە بازرگانییە بەرهەمهێنەرەکان داخراون و ڕوویان لە ناوچەیەکی ئارامتر کردووە. پێویستە بەزووترین کات خەڵکی ناوچەکە لە نەهامەتییەکان ڕزگار بکرێن".

شەریف شەحادە، ئەندامی پەرلەمانی سووریا بۆ (ڕووداو):

# کوردی سووریا نابێ بە خەیاڵیش بیر لە دەوڵەت بکەنەوە



**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە 500 هەزار کەس لە سووریا کوژراون، نیوەی ئەو وڵاتە خاپوور بووە و پڕ بووە لە گرووپی چەکدار، تەنانەت داعش لەو وڵاتەوە دروست بوو، بەڵام شەریف شەحادە، پەرلەمانتاری سووری کە لە بنەماڵەی ئەسەد نزیکە، دەڵێت "دۆخی سووریا زۆر باشە و لەژێر کۆنترۆڵی سوپای عەرەبی سووریدایە".

شەریف شەحادە کە بەسەردانێک لە هەولێر بوو، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی دەوڵەتی کوردستان و چارەنووسی هێزەکانی یەپەگەی کرد پاش هێوربوونەوەی دۆخی وڵاتەکەی.

لە بەهاری 2011ەوە شۆڕش لە دژی ڕژێمی ئێستای سووریا دەستی پێکردووە. لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا ڕێکخراوێکی وەکو داعش دروست بوو کە ئێستا زۆربەی وڵاتان وەک هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی جیهان دەیبینن. داعش لە ناوەڕاستی 2014دا گەیشتە عێراق و شاری مووسڵی وەک دووەم گەورەترین شاری عێراق کۆنترۆڵ کرد. شەریف شەحادە لەبارەی داعشەوە دەڵێت "جیاوازی لە نێوان داعشی سووریا و عێراق ئەوەیە خەڵکی سووریا لەگەڵ داعش نین، بەڵام عێراقییەکان باوەشیان بۆ کردەوە".

داعش لە سووریا هەردوو شاری ڕەققە و ئەدلبی کۆنترۆڵ کردووە، شەریف شەحادە دەڵێت "30%ی خاکی سووریا لەژێر دەستی داعش و بەرەی نوسرەدایە". بەڵام وەک پەرلەمانتارەکەی سووریا باسی دەکات "داعش بە هاوکاریی تورکیا هاتە نێو سووریا، بەڵام لەناودەچن و ئێمە لە داعش ناترسین".

ئێستا سووریا بووەتە گۆڕەپانی پێکدادانی گرووپە چەکدارەکان کە لەژێر ناوی جیا جیا دروست بوون، بەڵام ئەو پەرلەمانتارە سوورییە دەڵێت حکومەتی سووریا جگە لەو هێزانەی خۆی ڕێگەی پێداون لەدەرەوە بێن و بەرگری لێبکەن، هیچ هێزێکی دیکە قبووڵ ناکات.

شەحادە گوتی کە حکومەتی سووریا هیچ جۆرە دانوستاندنێک لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەت ناکات و تەنیا هەماهەنگی لەگەڵ ئەو لایەنانە دەکات کە پشتیوانی حکومەتن. ئەو گوتی کە لە نزیکەی 100 دەوڵەتی دنیاوە خەڵکی تیرۆریست بۆ ناو سووریا هاتوون بۆئەوەی لە دژی حکومەت و خەڵکی سووریا شەڕ بکەن.

شەحادە سوپای ڕووسیا و ئێران و چەند هێزێکی دیکە بەهێزی "دۆست" ناودەبات و دەڵێت "هاتنی ڕووسیا، ڕاوێژکار و ئەفسەرە باڵاکانی ئێران، حیزبوڵڵای لوبنانی کە شەڕی توند لە دژی گرووپە چەکدارەکان دەکەن، لەسەر داوای سەرۆک بەشار ئەسەد بووە و ئەوانە دۆستی سووریان".

شەریف شەحادە، لەبارەی کێشەی کورد و ئایندەی کورد لەو وڵاتە و چارەنووسی هێزەکانی یەپەگە پاش دامرکاندنەوەی گرووپە چەکدارەکان گوتی کە "کێشەی کورد لە سووریا تازە نییە و کێشەیەکی کۆنە، ڕاستە کورد داوای مافی کولتووری و ڕۆشنبیری دەکات کە نایشارمەوە لەوەدا سووریا کەمتەرخەم بووە".

بەڵام لەبارەی ئەگەری جیابوونەوەی کورد و دروستکردنی دەوڵەت لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەو پەرلەمانتارە دەڵێت "بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتیمانی هەیە کە سووریا نابێ دابەش ببێ و دەبێ بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە". بۆیە دەڵێت "ئەگەر کورد نیازی دروستکردنی دەوڵەتی لە سووریا هەبێ، قبوڵ ناکرێ، ئەوەی لە سووریا بیر لە دەوڵەت بکاتەوە بە هەڵەدا چووە، بە خەیاڵیش ڕێگە نادەین دەوڵەتی کوردستان دروست ببێ و با ئەمە ڕوون بێت".

هەرچەندە یەپەگە زۆر بە توندی شەڕی گرووپە توندئاژۆکانی وەکو داعش و بەرەی نوسرە دەکات و زۆربەی خاکی ڕۆژئاوای کوردستانی لە مەترسی تیرۆر پاراستووە، بەڵام ئەو پەرلەمانتارە لەبارەی ئایندەی ئەو هێزە دەڵێت "یەپەگە و پەکەکە جێیان لە سووریا نابێتەوە".

شەحادە گوتی "یەپەگە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی سووریادا هەیە بۆ شەڕی داعش، حکومەتی سووریا پشتیوانی کردوون، بە تایبەتی لە مەسەلەی پڕچەککردنیان، بەڵام دوای هێوربوونەوەی دۆخی سووریا هەموو شتێک لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریا دەبێ و هیچ هێزێک بۆی نییە لە دەرەوەی سوپای سووریا بێت، نە هێزی پەکەکە، نە پەیەدە و یەپەگە بەهیچ شێوەیەک نابێ بمێنن، ڕاستە ئێستا هیچ ڕێگرییەک بۆ ئەو هێزانە نییە، چونکە شەڕی داعش دەکەن".

### "بارزانی هەڵە بوو"

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا و دروستبوونی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردی لە سووریا. بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا هەوڵی دا لەڕێی بارزانییەوە کاریگەری لەسەر کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکات، تاوەکو لە دژی حکومەتەکەی نەوەستنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش بە فەرمی مەسعود بارزانی، وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوەت کرد بۆئەوەی سەردانی دیمەشق بکات، بەڵام بارزانی ئەو داوەتەی ڕەتکردەوە.

دیمەشق پێشتر ئامادە نەبوو بە سیفەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بارزانی داوەت بکات.

شەریف شەحادە نیگەرانیی حکومەتی سووریای لەوبارەیەوە نەشاردەوە و گوتی "بارزانی هەڵە بوو داوەتنامەکەی سەرۆک ئەسەدی ڕەتکردەوە، چونکە پێشتر تاڵەبانی و بارزانی لەکوێ بوون؟ هەر لە سووریا نەبوون؟ پێویست بوو بارزانی ئەو سەردانەی کردبا، وایاندەزانی ئەسەد دەڕوات، بەڵام ئەسەد هەر ماوەیە".

دەربارەی ئایندەی بەشار ئەسەدیش لە سووریا، شەریف شەحادە گوتی "هەر کاتێ خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵات، ئەوکات سەرۆک ئەسەد نامێنێ، خۆریش لە ڕۆژئاواوە هەڵنایەت، بۆیە سەرۆک ئەسەد هەر وەک سەرۆکی سووریا دەمێنێتەوە".

> یەپەگە و پەکەکە ئایندەیان لە سووریا نییە

> بارزانی هەڵە بوو دیداری ئەسەدی ڕەتکردەوە

> کە خۆر لە ڕۆژئاواوە هەڵات، ئەوکات ئەسەد نامێنێ

> هاوولاتیانی 100 دەوڵەت لە سووریا شەڕ دەکەن

11 هەزار شوێنی کارکردن داخراون

# شەڕ ئابووریی باکووری کوردستان ئیفلیج دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی شەڕ و قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە شارەکانی باکووری کوردستاندا کە هێشتا دیارنییە کەی کۆتایی دێت، ئابووریی باکووری کوردستان تووشی ئیفلیجی بووە. لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا 11 هەزار و 354 شوێنی کارکردن داخراون.

لەبەر ئەوەی ژیانی تاک پارێزراو نییە، ئابووریی باکووری کوردستان لە جێگای خۆی چەقیوە. زیاتر لە مانگێکە لە چەندین شارۆچکەی باکووری کوردستان هاتوچۆ قەدەغەیە، بۆیە دووکانداران شوێنی کارکردنیان داخستووە یان خەریکن بیگوازنەوە بۆ شوێنی دیکە.

بەهۆی ئەو شەڕ و پێکدادانەی لەدوای هەڵبژاردنی حەوتی حوزەیرانەوە دەستی پێکردووە و ڕۆژانە ڕووبەرەکەی فراوانتر دەبێت، شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستان پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆژئاوای تورکیا پچڕاوە. لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا لە 21 شاری باکووری کوردستاندا 11 هەزار و 354 دووکاندار یان شوێنەکانیان داخستووە یان مایەپووچ بوون.

لەنێوان مانگەکانی کانوونی دووەمی 2015 تا تشرینی دووەم، لە ئامەد 727، لە وان 612 دووکاندار وازیان لە کارەکانیان هێناوە. بە گوێرەی ئاماری ژوورە بازرگانییەکانی باکووری کوردستانیش قەبارەی هەناردەکردنی کەلوپەل لەو شارانە لە کورتی داوە.

بەپێی ئاماری ژووری بازرگانیی ماردین، هەناردەکردن لە مانگی تشرینی یەکەم لە 104 ملیۆن دۆلارەوە بۆ 89 ملیۆن دۆلار دابەزیوە. هەروەها بەپێی ئاماری ژووری بازرگانیی ئامەد ڕێژەی هەناردەکردنی کەلوپەل لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا 35 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لە مانگی تشرینی یەکەمدا بۆ 21 ملیۆن دۆلار دابەزیوە.

### داوای بینینی سەرۆک وەزیران دەکەن

کارسازانی باکووری کوردستان پێیانوایە شەڕ و پێکدادان ئاسایشی هەمووانی خستووەتە مەترسییەوە و ئابووری ناوچەکەشی ئیفلیج کردووە و خەریکە لەناوی دەبات.

بورچ بایسالڵ، سەرۆکی ڕێکخراوی کارسازان و پیشەوەرانی ئامەد (DİSİAD) بە (ڕووداو)ی گوت "بە قۆناغێکی هەرە مەترسیداردا تێپەڕ دەبین، هیچ کاتێک وەکو ئەمڕۆ ڕەشبین نەبووین".

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخەش دەڵێت "لە ئامەد 22 ڕێکخراوی ئابووری، داوا لە سەرۆک وەزیران و جێگرانی و وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەکەین کە ناوچەکە وەکو ناوچەی کارەساتی سروشتی ڕابگەیەنێ".

هەریەک لە ڕێکخراوی کارسازان و پیشەوەرانی ئامەد، ژووری بازرگانی و پیشەوەرانی ئامەد، ڕێکخراوی کارسازان و پیشەوەرانی باشووری ڕۆژهەڵات (DONGÜSİ-AD) داوای دانیشتنیان لەگەڵ سەرانی حکومەت کردووە.

بورچ بایسالڵ دەڵێت ئەوان ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو چاویان بە جەودەت یڵماز، وەزیری ئاوەدانکردنەوە کەوتووە، داوایان لێکردووە لە شوێنی قەدەغەکردنی هاتوچۆ ڕێکاری دیکە بگرنە بەر. لەمبارەیەوە دەڵێت "بۆ ئەوەی کۆتایی بەشەڕ بێت لە ناوچەکەدا هەموو کەس لەسەر پێیە. بەڵام لایەنی بەرامبەر بێدەنگە. لێرەدا کێشەکە بە بیرۆکراتی ئاسایش چارەسەر ناکرێت. داوامان لە وەزیر کرد جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر مێزی چارەسەری".

### وەبەرهێنان وەستاوە

دوای ئەوەی شەڕ و پێکدادان تەشەنەی کرد و قەدەغەکردنی هاتوچۆ بووە شتێکی ڕۆژانە، حکومەت هەموو ئەو هاوکارییە ماددیانەی ڕاگرت کە بە مەبەستی هاندانی وەبەرهێنان بۆ 21 شارەکەی باکووری کوردستان تەرخان کرابوو. پرۆسەی بازرگانی لەنێوان کۆمپانیاکان 70% لە کورتیی دا. کۆمپانیاکانی گواستنەوە بە پاس گەیشتوونەتە ئاستی وەستان. فرۆکەخانەی گەڤەر بۆ هاتوچۆی کەسانی مەدەنی ڕاگیراوە. هەرسێ دەروازەی سنووریی قاپی کۆی، ئەسەندەرە و ئۆزوملو دەرگاکانیان داخستووە یان لەچەند سەعاتێکی دیاریکراودا دەکرێنەوە. بانکەکان چەکی پارە نانووسن. ئەو تابلۆ نەرێنییە کاریگەریی خراپی لەسەر تۆماری بازرگانیی کارسازان داناوە.

### سیاسەتی جیاکاری

بورچ بایسالڵ سەرۆکی (DİSİAD)، گوتی کە لەدوای حەوتی حوزەیران تاوەکو ئەمڕۆ، شەڕ زۆر بە خراپی کاری کردووەتە سەر ئابووریی ناوچەکە و دەڵێت "ئەو کارسازانەی سەرمایەی زۆریان نییە، ڕووبەڕووی زەحمەتی گەورە بوونەتەوە".

هەروەها دەڵێت "لەدوای هەڵبژاردنی یەکی تشرینی دووەمەوە، بەرهەمهێنەران ڕووبەڕووی سیاسەتی جیاکاری دەبنەوە لە فرۆشتنی بەرهەمەکانیاندا. بەرهەمهێنەرانی بورسا شتومەک نادەنە بازرگانانی ئەم ناوچەیە. هەموو کەرتەکانی خزمەتگوزاری لە سوور وەستاون. چەند هەفتەیەکە لە سوور ژیان نەماوە. کێشەی ئێرە کێشەی نائارامی ڕۆژێک و دوو ان نییە. شەش مانگ درێژە دەکێشێ و وێرانکردنێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. گەشتوگوزار 80% لە کورتی داوە. جووڵەی پارە لە کەرتی خزمەتگوزاری بۆ 40% کەمبووەتەوە".

### گەشتیار نەمان

لە ساڵانی 2012 تاوەکو 2013 نزیکەی 2 ملیۆن و 500 هەزار گەشتیاری ناوچەیی و بیانی سەردانی ناوچەکەیان کردبوو. لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی چارەسەری، نەخشەکێشرابوو بۆ ئەوەی ژمارەی گەشتیاران لە 10 ساڵی داهاتوودا بگاتە 7 ملیۆن و 500 هەزار کەس، بەڵام دەستپێکردنەوەی شەڕ لەدوای 22ی تەمموزی ڕابردوو هاتنی گەشتیارانی بۆ ناوچەکە ڕاگرت.

مەتا ئاکجان، سەرۆکی ڕێکخراوی خاوەن هۆتێل و شوێنە گەشتیارییەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئانادۆڵو بە (ڕووداو)ی گوت "هاتنی گەشتیاران بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات لەمانگی کانوونی دووەم دەست پێدەکات. ئەگەر شەڕ بەردەوام بێ، کۆمپانیاکانی گەشتیاری لەناوچەکە ناچار دەبن ژمارەی کرێکارانیان کەم بکەنەوە".

ڕووداو
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21

نەسرەددین سندی، سەرۆکی دەستەی گشتیی ناوچە کوردستانییەکان:

# پێویستە شنگال بکرێتە پارێزگا و سەر بە هەرێمی کوردستان بێت

## داوای سازکردنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیمان بۆ ناوچە ئازادکراوەکان کردووە



نەسرەدین سەعید سندی، سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) داوای دەرچوونی هێزەکانی پەکەکە لە شنگال دەکات و دەڵێ "پشتگیری بە پارێزگابوونی شنگال دەکەین و دروستکردنی کانتۆنیش لە شنگال قبووڵ ناکرێ".
نەسرەدین سندی کە پلەی وەزیرە و هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە، دەڵێ ئێستا 96%ی خاکی باشووری کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە.

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: هیچ ژمارەیەکتان لەسەر کۆنترۆڵکردنەوەی خاکی کوردستان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە لەلایە؟**

**نەسرەددین سندی:** نزیکەی 96%ی خاکی باشووری کوردستان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە کۆنترۆڵ کراوەتەوە. تەنیا چەند گوندێکی دەوروبەری شنگال و هەندێک گوندی دیکە لە دەشتی نەینەوا ماون کۆنترۆڵ بکرێنەوە.

**ڕووداو: پڕۆژەیەکتان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ئازادکراوەکان هەبوو، ئەو پڕۆژەیە بە کوێ گەیشت؟**

**نەسرەددین سندی:** پڕۆژەکەمان داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەوانیش بەشێوەیەکی مەبدەئی ڕازی بوون، بەڵام گوتیان دیراسەی زیاتری دەکەین بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی زەرەر و زیانە گیانی و ماددییەکانی ئەو ناوچانەی لە لایەن داعشەوە داگیرکرابوون کە بەهۆی شەڕەوە زەرەر و زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە بۆ ئەوەی بزانین زەرەر و زیانەکان چەندن و چی پێویستە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە، پێشنیازمان کردووە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە سازبکرێت، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان لە قەیرانی داراییدایە، ئەگەر ئێمە ژمارەیەکی باوەڕپێکراو و وردمان لەبەردەستدا نەبێت ناتوانین داوای هاوکاری لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمان لە شەڕی دژی داعش بکەین، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران بە فەرمی وەڵامی ئەو

### دروستکردنی کانتۆن لە باشووری کوردستان قبووڵ ناکرێ

پڕۆژەیەیان نەداوەتەوە.

**ڕووداو: هیچ ژمارەیەکتان لەسەر زەرەر و زیانەکانی ئەم ناوچەیە لەلا نییە؟**

**نەسرەددین سندی:** زۆر زەحمەتە خەمڵاندن و هەڵسەنگاندن بۆ زەرەر و زیانەکان بکەی، بۆ نموونە ناحیەی سنوونێ و شنگال نزیکەی 60% وێران بووە، بۆیە زەحمەتە ژمارەیەکی ڕاستت دەستبکەوێ.

**ڕووداو: تۆ پێش کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال هۆشداری بوونی فرە هێزیت لەو ناوچەیە دابوو، بۆچی؟**

**نەسرەددین سندی:** ئەم هۆشدارییە لە ڕوانگەی پەرۆشی و دڵسۆزیمان بوو بۆ ئەو ناوچە ئازادکراوانە، بوونی هەر هێزێکی دیکە جگە لە پێشمەرگە لەو ناوچانە مەترسیدارە. بە تایبەتی ناوچەیەکی وەکو شنگال کە پێشمەرگە، حەشدی شەعبی و پەکەکەی لێیە، بوونی ئەو هەموو هێزانە لە نێو شارێک مەترسییەکی گەورەیە، بۆیە پێش ئازادکردنی شنگال و ئێستاش جەخت لەسەر چوونە دەرەوەی هەموو ئەو هێزانە دەکەم. لە بەرژەوەندی خەڵکی شنگال و ئەو ناوچانەدایە کە تەنیا هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێبێت.

**ڕووداو: بەڵام پەکەکە دەڵێن ئێمە ڕۆڵمان لە پاراستنی کوردی ئێزدی و کۆنترۆڵکردنەوەی شنگالدا هەبووە، بۆیە مانەوەیان لە شنگال بە ڕەوا دەزانن؟**

**نەسرەددین سندی:** ئێمە ڕێز لە قوربانیدان و شەهیدانی پەکەکە دەگرین، بەرگری ئەوانیش لە شنگال ئەرکێکی نەتەوەییە و ئێمە دەستخۆشییان لێدەکەین، هەر وەکو چۆن پێش ماوەیەک هێزی

### دەبێ تەنیا پێشمەرگە لەنێو شنگالدا بێت

### 96%ی خاکی باشووری کوردستان کۆنترۆڵ کراوەتەوە

پێشمەرگە چووە کۆبانێ و یارمەتی شەڕڤانانی لە دژی داعش دا و پاشان گەڕایەوە. بۆیە بوونی هێزەکانی دیکە لە باشووری کوردستان بە تایبەتی شنگال جێی قبوڵ نییە، چونکە لە بەرژەوەندی خەڵکی ئەو ناوچانەدا نییە جگە لە هێزی پێشمەرگە هیچ هێزێکی دیکە هەبێت.

**ڕووداو: لە سەروبەندی قسەوباسی بە کانتۆنکردنی شنگالدا تۆ وەکو سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکان بەیاننامەیەکی توندت بڵاوکردەوە، ئێستا باسی نەخشەی ئیداریی شنگال دەکرێت، چارەسەری واقیعی و گونجاو بۆ دۆخی شنگال چییە؟**

**نەسرەددین سندی:** کورد لەگەڵ حکومەتی عێراق بە درێژایی مێژوو کێشە و گرفتی لەسەر کەرکووک و شنگال هەبووە. پاش پرۆسەی ئازادیش بەهۆی ڕازینەبوونی حکومەتی ناوەندی بە جێبەجێکردنی ماددەی 140، ئەو ناوچانە نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئێمە ئەو ناوچانە بە بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان دەزانین، ئاساییە بکرێتە پارێزگایەک سەر بە هەرێمی کوردستان بێت، بەڵام دروستکردنی کانتۆن لە شنگال قبووڵ ناکەین. ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ باشووری کوردستان جیاوازە، یەکێتی خاکی کوردستان بۆ ئێمە گرنگە.

**ڕووداو: ئەوانەی بانگەشەی کانتۆن دەکەن لە خەڵکی ئەو ناوچانەن، ئێوە بۆ دژی خواستی بەشێک لە شنگالییەکانن؟**

**نەسرەددین سندی:** نەمزانیوە خەڵکی شنگال لەگەڵ دروستکردنی کانتۆن بن. پاشان ڕاپرسی نەکراوە تا پرس و ڕاوێژ بە خەڵکی شنگال بکرێت کە ئاخۆ دەیانەوێ کانتۆن دروست بکرێت یان نا. بەڵکو ئەمە داواکاری خەڵکی دەرەوەی شنگالە، ئێمە لەگەڵ بە پارێزگابوون، ئاوەدانکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاترین، بەڵام بە پارێزگابوونی شنگالیش بڕیاری سیاسی و هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا دەوێت و بابەتێکی ئاسان نییە.

**ڕووداو: ناوچەکانی ماددەی 140 ئێستا لە ڕووی سەربازییەوە لە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگەیە، ئایا چیدی ڕیفراندۆم پێویستە؟**

**نەسرەددین سندی:** حکومەتی عێراق بە بەردەوام کێشە و ئاستەنگی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دروستکردووە، لەگەڵ گۆڕینی حکومەتەکان لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140یش دەگۆڕێن، ماوەی دوو ساڵە حەیدەر عەبادی، سەرۆکایەتی حکومەت دەکات تاوەکو ئێستا سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە دانەنراوە، ئەمە خۆدزینەوە و کەمتەرخەمییە لە لایەن بەغداوە بەرامبەر جێبەجێکردنی ماددەی 140، لەلایەن هەرێمی کوردستانیشەوە کەمتەرخەمی و لاوازی هەبووە لە بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە.

### عەبادی دوو ساڵە سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دانەناوە

### دەکرێت حەویجە بکرێتە پارێزگا و عەرەبەکانی کەرکووک لەوێ نیشتەجێ بکرێن

**ڕووداو: وەکو دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەستتان لە قەزای حەویجە شووشتووە؟**

**نەسرەددین سندی:** حەویجە ئێستا لە دەست داعشە و زۆرینەی عەرەبن کە دژی گەڕانەوەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەگەر لە ئایندەدا قەزای حەویجە بکرێتە پارێزگایەکی سەربەخۆ، دەتوانرێت ئەو عەرەبانەی کەرکووک کە دژی گەڕانەوەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەو پارێزگایە نیشتەجێ بکرێن، ئەمەش چارەسەرێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140.

کەرکووک و بەغدا لەسەر لادانی ڕێککەوتن

# کوردێک لە شوێنی لیوا جەمال تاهیر دادەنرێت




پشتیوان جەمال
ڕووداو- کەرکووک

دواجار پارێزگاری کەرکووک و وەزارەتی ناوخۆی عێراق و سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕێککەوتن لەسەر گۆڕینی لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای کەرکووک و گەڕانەوەی چەند ئەفسەرێکی دیکەش بۆ پۆستەکانیان. بەرپرسێکی یەکێتیش دەڵێت "پۆستێکی باڵاتر لەوەی ئێستا دەدەینە لیوا جەمال تاهیر".

هەفتەی ڕابردوو د.نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک سەردانی شاری بەغدای کرد و چەند دیدارێکی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حکومەتی عێراق کرد، بەمەش بەستەڵەکی کێشەکانی نێوان ئیدارەی پارێزگای کەرکووک و وەزارەتی ناوخۆی عێراق توایەوە، ئیدارەی کەرکووک ڕازی بوون بە لادانی بەرپرسی یەکەمی پۆلیسی پارێزگاکە و وەزارەتی ناوخۆش بڕیاری دا مووچەی پۆلیسی کەرکووک خەرج بکات کە پێشتر بەهۆی لانەدانی لیوا جەمال تاهیر لە پۆستەکەی، مووچەکانیانی ڕاگرتبوو.

### کوردێک شوێنی لیوا جەمال دەگرێتەوە

وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، لە نێوان حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیران و محەممەد سالم غوبان، وەزیری ناوخۆ و نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکووک لەسەر کاندیدێکی نوێ بۆ فەرماندەی پۆلیسی کەرکووک ڕێککەوتن کراوە. بەپێی ڕێککەوتنەکە لە ماوەی داهاتوودا کاندیدێکی نوێ بۆ ئەو پۆستە دیاری دەکرێت.

محەممەد عوسمان، پەرلەمانتاری پارێزگای کەرکووک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، گوتی "دوای کۆبوونەوەکەی پارێزگاری کەرکووک لەگەڵ بەرپرسانی عێراق، قسەم لەگەڵ پارێزگار کرد، گوتی مەبدەئیەن ڕێککەوتووین کوردێک لە جێی لیوا جەمال تاهیر دابنرێت".

بڕیاری گۆڕینی بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک لە کاتێکدایە کە پێشتر بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ، لیوا جەمال تاهیر لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، بەڵام ئیدارەی شارەکە ئەو فەرمانەیان ڕەتکردەوە لەبەرئەوەی پرس و ڕاوێژیان پێ نەکرابوو، بەهۆی جێبەجێنەکردنی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆشەوە لەلایەن ئیدارە و ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، وەزیری ناوخۆی عێراق ناردنی مووچەی مانگی کانوونی یەکەمی پۆلیسی کەرکووکی ڕاگرت.

بە گوتەی محەممەد عوسمان، پارێزگاری کەرکووک لەگەڵ وەزیری ناوخۆ لەسەر هەموو کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان وەزارەت و ئیدارەی کەرکووک ڕێککەوتوون و گوتی "لەمەودوا مووچەی هێزەکانی پۆلیسیش ڕاناگیرێت، جگە لەوە پێشتریش چەند ئەفسەرێک لە پۆستەکانیان لابرابوون کە خانەنشین بکرێن، بەڵام بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئەوانەش دەگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانیان و بەم نزیکانەش دەست بە گۆڕانکارییەکان دەکرێت".

بەڵام ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک چاوەڕێی گەڕانەوەی د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووکن بۆ ئەوەی لە ئەنجوومەن ڕوونکردنەوەیان سەبارەت بەو گۆڕانکارییانە پێبدات.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت بە (ڕووداو)ی گوت، هەتا ئێستا بە نووسراو لەو گۆڕانکارییانە ئاگادار نەکراونەتەوە "چاوەڕێین پارێزگار بێتەوە ڕوونکردنەوەمان پێبدات و پاشان لە کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیەدا باسی دەکەین".

بەپێی یاسای ژمارە 21ی ساڵی 2008ی هەموارکراوی عێراق هەر گۆڕانکارییەک لە پۆستی بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا بکرێت پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی پارێزگا هەیە و پێویستە ئەو لایەنەی گۆڕانکارییەکەی بەردەکەوێت چەند کاندیدێک پێشکەشی پارێزگار بکات و دوای ڕەزامەندی پارێزگار، سێ کاندید ڕەوانەی ئەنجوومەن دەکرێن و ئەنجوومەنیش کاندیدێک پەسەند دەکات.

وەکو تاڵەبانی باسیکرد، ئەوان پێشتریش گلەییان لە نەبوونی هەماهەنگی هەبووە لەگەڵ پارێزگا و ئەنجوومەن بۆ گۆڕانکاری و گوتی "بێگومان بۆ هەر گۆڕانکارییەک، پێویستە بەهەماهەنگی ئەنجوومەنی پارێزگا بێت".

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی کەرکووک لە پشکی یەکێتییە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کاندیدێکیان بۆ ئەو جێگەیە دەستنیشان نەکردووە. ڕەوەند مەلا مەحمود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تا ئێستا گۆڕینی لیوا جەمال تەنیا ئەگەرێکە و قسە لەسەر جێگرەوەی پۆستەکەی نەکراوە، بەڵام ئێمە وەکو یەکێتی لە حاڵەتی گۆڕینیدا پێشنیازی پۆستێکی بەرزتری بۆ دەکەین، ئەگەر خۆی پێی باش بێت پێمان باشە پۆستێکی باڵاتر وەربگرێت وەکو جێگر یاخود بریکاری وەزیر لە بەغدا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر خزمەتی کەرکووک بکات".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە پۆلیسی کەرکووکەوە بە (ڕووداو) دراون، ئێستا باسی سێ بەرپرس دەکرێت کە کاندیدن بۆ پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای کەرکووک، ئەوانیش: عەمید خەتاب عومەر بەڕێوەبەری هێزی پۆلیسی ئامادە، عەمید یادگار، بەڕێوەبەری ئەکادیمیای پۆلیس، عەمید تەحسین دەروێش، بەڕێوەبەری کارگێڕی پۆلیسی کەرکووک، بەڵام عەمید خەتاب کاندیدە بەهێزەکەیە.

ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21



## بازرگانانی کورد بۆ جلی بووک دەچنە تورکیا

**ڕووداو– سلێمانی**

یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ بەشداریکردن لە دوو پێشانگا لە تورکیا و ئەڵمانیا. بەختیار مەلا ئەحمەد بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی هاوردە و ناردنکاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وا بڕیارە لە مانگی داهاتوودا وەفدێکیان بەشداری پێشانگایەکی نێودەڵەتی لە بواری جلوبەرگی بووک و ئاهەنگدا بکەن کە لە شاری ئەستەنبوڵی تورکیا بەڕێوە دەچێت، هەروەها لە مانگی شوباتیشدا وەفدێکی دیکەیان بەشداری لە پێشانگایەکی دیکەی نێودەوڵەتی لە بواری خواردەمەنیدا دەکەن کە لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا بەڕێوەدەچێ.

**خواست لەسەر کڕینیان 50% کەمی کردووە**

# کۆمپانیاکان بە ترسەوە ئۆتۆمبێلی مۆدێل 2016 هاوردە دەکەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

ساڵانی ڕابردوو ئەم کاتانە پێشەنگاکانی ئۆتۆمبێل جمەیان دەهات لەو کڕیارانەی دەیانویست مۆدێلی ئۆتۆمبێلەکانیان بەرزتر بکەنەوە، بەڵام کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی داراییەوە زۆر بە کەمی ئۆتۆمبێلی مۆدێل نوێ دەخەنە بازاڕەوە.

بەهۆی ناجێگیریی بارودۆخی سیاسی و ئەو قەیرانە داراییەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، ماوەی دوو ساڵە خواست لەسەر کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەرەو کەمبوونەوە دەچێ و بازاڕی فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی تازە وەکو جاران نەماوە، ئەمەش وای لە کۆمپانیاکان کردووە کە دوودڵ بن لە هێنانی مۆدێلی نوێی ئۆتۆمبێل.

کۆمپانیای NIM بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێل کە بریکاری سەرەکیی کۆمپانیای کیا مۆتۆرزی کۆرییە لە کوردستان، تەنیا 30 ئۆتۆمبیلی مۆدێل 2016ی لەسێ جۆر هێناوە، ماوەی چەند مانگێکیشە ئۆتۆمبێلەکانی نمایش کردووە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان فرۆشراون.

دەریا وریا، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای NIM گوتی "بەهۆی قەیرانی داراییەوە فرۆشی ئۆتۆمبیلەکانمان بە بەراورد بەساڵی 2013 نزیکەی 80% کەمی کردووە، نزیکەی 600 ئۆتۆمبیلی مۆدێل 2014 و 2015 مان لەسەر ماوە، بۆیە دوودڵ بووین لە هێنانی ئۆتۆمبێلی مۆدێل 2016".

پێشتر کۆمپانیاکەی دەریا لە مانگی تەممووزەوە لە هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبێلی کیا، مۆدێلی تازەی دەهێنا، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی کزیی بازاڕەوە تەنیا 30 ئۆتۆمبێلیان لە هەموو جۆرەکانی کیا هاوردە کردووە.

ژمارەیەک کۆمپانیا بریکارێتی کۆمپانیا جیهانییەکانی ئۆتۆمبێلیان وەرگرتووە و بەرهەمەکانیان لە کوردستان ساخ دەکەنەوە، بەڵام دەریا دەڵێت ئێستا مەترسی لەسەر هەڵوەشانەوەی بریکارێتییان لەگەڵ کۆمپانیای کیا هەیە.

دەریا گوتی "ماوەی دوو ساڵە بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی تووشی هەرێمی کوردستان بووە، وەک پێویست ئۆتۆمبیلمان لە کۆمپانیای دایک هاوردە نەکردووە، بۆ هێنانی ئەو ژمارە ئۆتۆمبێلانەش ئەمساڵ و ساڵی ڕابردووش پەنامان بۆ بریکاری ئەو کۆمپانیایە لە ئوردن بردووە".

بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیا NIM ڕەتیکردەوە نەهێنانی ئۆتۆمبێلی مۆدێل 2016 لەلایەن کۆمپانیاکەیانەوە بەهۆی لاوازیی دارایی کۆمپانیاکەوە بێت. ئەو گوتی "ترسمان لەوە هەیە بەهۆی مۆدێلی 2016، مۆدێلەکانی 2014 و 2015مان بۆ ساخ نەبێتەوە، چونکە هەندێ لە ئۆتۆمبیلەکانمان بە پێنج هەزار دۆلار کەمتر لەنرخی خۆی دەفرۆشین، کەچی هێشتا کڕیاری وەک پێویست نییە".

کۆمپانیای CHERYی چینیش کە دوو ساڵە لە شارەکانی کوردستان لقی کردووەتەوە، هیچ ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل 2015 و 2016ی نەهێناوە، ئەمە لەکاتێکدایە نرخی ئۆتۆمبێلەکانی ئەو کۆمپانیایە بەراورد بە کۆمپانیاکانی دیکە هەرزانترە و بەقیستیش دەیفرۆشێت، بەڵام بەرپرسانی کۆمپانیاکە ئامادەنین هۆکارەکەی بخەنەڕوو.

قەیرانی دارایی تەنیا کاریگەری لەسەر فرۆشی ئۆتۆمبێلی کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان نەبووە، بەڵکو کۆمپانیا گەورەکانیشی گرتووەتەوە. کۆمپانیای ساس مۆتۆرس بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێل کە سەر بە گرووپی سەردارە بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێل و هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی تۆیۆتا و نیسانی ژاپۆنی، ئەمساڵ تەنیا چوار مۆدێلی 2016ی لە جۆرەکانی تۆیۆتا (لاندکرۆزر، هایلۆکس، کامری و پرادۆ) هاوردە کردووە.

سەمیر سەبری، بەڕێوەبەری فرۆشتنی کۆمپانیای ساس بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێلی تۆیۆتا لە هەولێر، دەڵێت "بەهۆی کاریگەریی بەردەوامی قەیرانی دارایی کوردستان و کێشەی نێوان هەرێم و ناوەند و دابەزینی نرخی نەوت و پاڵپشتی نەکردنی بانکەکان بۆ فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەقیست لەلایەن کۆمپانیاکان و گرانیی نرخی ئۆتۆمبێلەکان بەهۆی تێچووی زۆر، خواست لەسەر ئۆتۆمبێلی مۆدێل تازە کەم بووە".

سەمیر سەبری، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بە لەبەرچاوگرتنی لاوازیی بازاڕ و کەمیی خواست، ئەمساڵ کۆمپانیاکەیان تەنیا 4 مۆدێلی 2016ی لەجۆرەکانی تۆیۆتا هێناوە، چونکە هێشتا مۆدێلی 2015 لە کۆگاکانیاندا ماون".

سەبارەت بەفرۆشی ئۆتۆمبێلە تازەکانیش، سەمیری سەبری دەڵێت "خواست لەسەر ئۆتۆمبێلی 2016 هەیە، بەڵام بەراورد بەپێشتر بەڕێژەی 50% کەمی کردووە".

### پیشەکەیان دەگۆڕن

کەمبوونەوەی خواست لەسەر کڕینی ئۆتۆمبیلی تازە بەهۆی قەیرانی دارایی جگە لە داخستنی پێشانگەی ژمارەیەک لە کۆمپانیاکان، جۆری کاری هەندێ لە کۆمپانیاکانیشی گۆڕیوە. کۆمپانیای ئەلحەیدەر کە هاوبەشی کۆمپانیای مەنسووری عێراقییە و بریکاری کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆرزی ئەمەریکین بۆ هێنانی ئۆتۆمبیلی جۆری شیڤرۆلێت و جی ئێم سی، لەساڵی ڕابردووەوە هیچ جۆرە ئۆتۆمبێلێکی تازەیان نەهێناوە.

ئەحمەد حەیدەر، بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراوی کۆمپانیای ئەلحەیدەر بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێل، دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی فرۆشی ئۆتۆمبێلەکانمان زۆر کەم بوو، تەنانەت گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەندێ لە ئۆتۆمبیلەکان نرخی خۆیشیان نەدەکردەوە، بۆیە لە کۆتایی ساڵی ڕابردووەوە هێنانی ئۆتۆمبێلی تازەمان ڕاگرت".

ئێستا کۆمپانیای حەیدەر بووەتە بریکاری کۆمپانیای یورب کاری فەرەنسی بۆ بەکرێدانی ئۆتۆمبێل، ئەمە لەکاتێکدایە پێشتر مانگانە 200 تاوەکو 300 ئۆتۆمبیلی تازەی دەفرۆشت، ئەحمەد حەیدەر گوتی "تاوەکو بارودۆخەکە ئاسایی نەبێتەوە، ئۆتۆمبێلی تازە ناهێنین".



# حکومەت بەقەرز مانگا دەداتە جووتیاران

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو– هەولێر**

وەزارەتی کشتوکاڵ لە ڕاپۆرتێکدا چەندین داتا لەبارەی ڕەوشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەخاتە ڕوو، بەپێی ڕاپۆرتەکە هەندێک لەو بەروبوومانەی جوتیارانی کوردستان بەرهەمیان هێناوە، گەیشتووەتە ئاستی خۆبژێوی.

### خۆبژێوی لە پیاز، پەتاتە، گەنم و جۆ

بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵانەی وەزارەتی کشتوکاڵ کە لە 2014/6/19 تاوەکو 2015/6/19 ئامادە کراوە و کۆپیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، ئاستی بەرهەمهێنانی گەنم و پەتاتە و جۆ لەساڵی 2015دا بەرزبووەتەوە، بە جۆرێک ئاستی بەرهەمهێنانی گەنم ملیۆنێک و 97 هەزار و 427 تۆن بووە، پەتاتە 139 هەزار و 160 تۆن و جۆش 204 هەزار و 758 تۆن بووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە بەرهەمێنانی پیاز کراوە کە لەساڵی 2014 دا وەزارەت مۆڵەتی بە 81 جووتیار داوە بۆ ئەوەی لەسەر ڕووبەری 330 دۆنم، پیاز بە ڕێنمایی وەزارەتی کشتوکاڵ بچێنن و 238 ملیۆن و 57 هەزار دیناریش بۆ ئەو 81 جووتیارە خەرجراوە، بەمەش توانراوە ئاستی بەرهەمهێنانی پیاز بگەیەندرێتە خۆبژێوی. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ئەو چوار بەرهەمە بەشی پێداویستی ناوخۆ دەکات و کوردستان چیدی پێویستی بە هاوردەکردنیان نابێت.

### 25 بەنداو لەژێر جێبەجێکردندان

پێش ڕاپەڕینی بەهاری 1991 هەرێمی کوردستان تەنیا خاوەنی دوو بەنداو بوو بۆ گلدانەوەی ئاوی ڕووبارەکان. بەڵام ئێستا ژمارەی بەنداوەکانی کوردستان گەیشتووەتە 12 بەنداو کە توانای گلدانەوەی 10 ملیار و 80 ملیۆن و 545 مەتر سێجا ئاویان هەیە. هەروەها 25 بەنداویش لەژێر جێبەجێکردندان.

### زەوی بۆ دەرچووانی کشتوکاڵ

وەزارەتی کشتوکاڵ پلان و بەرنامەی خۆی بۆ ساڵی داهاتوو لە 17 خاڵدا ئاشکرا دەکات. لە گرنگترین خاڵەکان: دابینکردنی 10 ملیار و 50 ملیۆن مەترسێجا لە ئاو، زیادکردنی ڕووبەری بەراوکردنی زەوی کشتوکاڵی بۆ ملیۆنێک و 561 هەزار و 760 هەزار دۆنم زەوی لە ڕێگای دروستکردنی بەنداو. زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی لە ڕێگای دارستانی دەستکرد. لە بەرنامەی وەزارەتدا هەیە بڕی 5 دۆنم زەوی بە دەرچووانی کولێژی کشتوکاڵ و ڤێترنەری و پەیمانگاکانی ئامادەیی کشتوکاڵ بدرێت.

### پرۆژەکانی پەلەوەر و ئاژەڵ

لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە پێدانی مۆڵەتی دامەزراندن بە 98 پرۆژەی پەلەوەری گۆشت، پرۆژەی هێلکەی خواردن، پێنج پرۆژەی مانگای شیر، سێ پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕ و بزن ، دوو پرۆژەی دایکانەی هێلکە تروکاندن، سێ پرۆژەی هێلکە، هەشت پرۆژەی ماسی، سێ کارگەی ئالیک و 50 پرۆژەی باخداری دراوە.

وەزارەتی کشتوکاڵ جەخت لەسەر خۆبژێوی لە بواری پەلەوەر دەکات، ئەویش لەگەڵ تەواوبوونی 10 کێڵگەی پەلەوەر بە سیستەمی نوێ، لەگەڵ کارگەیەکی ئالیک لە دەڤەری گەرمیان بە توانای 20 تۆن لە کاژێرێکدا

### مانگا بەقەرز

لە ڕاپۆرتی ئەو وەزارەتەدا ئاماژە بە پرۆژەیەکی نوێ کراوە کە کۆمپانیایەک کارگەیەکی شیر دادەمەزرێنێ. وەزارەتی کشتوکاڵ 10 مانگا بەقەرز دەداتە هەر جووتیارێک، هەروەها تەویلە بۆ مانگاکان دروست دەکات، لەگەڵ ئامێری دۆشین و ئالیکی بۆ دابین دەکرێت، لە ڕووی ڤێترنەریشەوە کۆمپانیاکە سەرپەرشتی دەکات و ڕۆژانە شیرەکە بە ئۆتۆمبێلی مۆبایل کۆدەکاتەوە. لە قۆناغی یەکەمدا هەزار بۆ 1500 مانگا بەسەر 100 تاوەکو 150 جووتیاردا دابەش دەکرێت. لە بەرنامەی کاری وەزارەتدایە لە قۆناغەکانی داهاتوودا بیگەیەنێتە 40 هەزار تاوەکو 60 هەزار مانگا.

### پرۆژەی وشترمەل

پرۆژەی بە خێوکردنی وشترمەل (نەعامە) بە یەکێک لە پرۆژە تاقانەکەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت کە بە سەرمایەی 4 ملیۆن دۆلار لە ڕێگای وەبەرهێنانەوە دامەزراوە و 500 وشترمەل لەو کێڵگەیە لە ناحیەی قوشتەپە لە هەولێر بەخێودەکرێت، 240 وشترمەلی دایکانە و 240 وشترمەلی بێچوو لەگەڵ 120 وشترمەلی دیکە کە ئامادەن بۆ سەربڕین. جگە لەوە لەم کێڵگەیە لە سەرەتای ئەمساڵەوە 600 وشترمەل فرۆشراوە، ساڵانەش دەتوانێت 200 تۆن گۆشت دابین بکات.

وەزارەتی کشتوکاڵ لە ڕاپۆرتەکەیدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەهۆی سەپاندنی ڕسووماتی لەسەر بەروبوومی هاوردەکراو لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆ، هانی جووتیاران و کشتوکاڵ دەدەن. بۆ نموونە لە کاتی پێگەیشتنی ئەو بەرهەمانە: بڕی 250 دینار ڕەسم دەخرێتە سەر کیلۆیەک سەوزە، میوە 350 دینار، گۆشتی مریشک 200 دینار، تەبەقە هێلکەیەک 200 دنیار. قارچک هەزار دینار. کیلۆیەک گوڵەبەڕۆژە 250 دینار.

### بودجەی کشتوکاڵ ناگاتە 3%.

لە بەربەستەکانی بەردەم کەرتی کشتوکاڵ بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری نەبوونی بودجەیە. بەپێی ستانداردی نەتەوە یەکگرتووەکان نابێت بودجەی کەرتی کشتوکاڵ لە 10%ی بودجەی گشتی کەمتر بێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بودجەی کەرتی کشتوکاڵ ناگاتە 3%. هەروەها هێنانی بەروبووم بە ڕێگای قاچاخ لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەمە خۆماڵییەکانی گۆشت و مریشک و سەوزە و میوە زەرەر و زیانی زۆری لە جووتیاران و بەرهەمی ناوخۆ داوە.

### 700 سکاڵا لە دادگایە

لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتدا هاتووە، لێدانی بیری ئاو بە ڕێگای پایلی سووری گەورەترین مەترسییە لەسەر وشکبوونی ئاوی ژێرزەوی. هەروەها بوونی زێدەڕۆیی لەسەر زەوییەکانی کشتوکاڵ کە بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ، 700 سکاڵا لەسەر زێدەڕۆیی زەوی کشتوکاڵی چووەتە بەردەم دادگاکان. هەروەها 224 حاڵەتی زێدەڕۆیی لەسەر پرۆژە ئاودێرییەکان تۆمارکراون کە زەرەر و زیانی بە سەدان ملیۆن دۆلاریان لە حکومەت داوە.



# وزە.. تاکە سەرچاوەکەی کوردستان دەبێتە بەڵا؟

پۆڵ ئیدن

نزیکەی چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر، سەرۆکی کۆچکردووی تورکیا تورگۆت ئۆزال بەرەشبینییەوە باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکرد و دەیگوت "ئەگەرچی ڕەنگە هەندێک نەوتیان هەبێت، بەڵام دیسانیش بە تەواوی وابەستەی تورکیا دەبن".

لە سەردەمی ئێمەدا نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە تورکیاوە بە بۆڕی هەناردەی بازارە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت. ئینجا، وەهاش دیارە کە تورکیا لە ئایندەیەکی نزیکدا، خۆی ببێتە کڕیاری سەرەکیی گازی سروشتیی کوردستان.

تا ئێستاش ئەنقەرە پشکی سەرەکیی گازی خۆی کە دەگاتە نزیکەی 60%، لە ڕووسیاوە دابین دەکات. بێگومان ئاکامی ئەم وابەستەییەی تورکیا بە ڕووسیاوە لەڕووی گازەوە دەتوانێت گرفتی گەورە بۆ ئەنقەرە بنێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە مۆسکۆ نەک هەر تەنیا جۆرێک لە گەمارۆی ئابووری خستووەتە سەر ئەنقەرە، بەهۆی خستنە خوارەوەی فڕۆکەکەیەوە لە 24ی تشرینی دووەمدا، بەڵکوو سیاسەت و بەرژەوەندیی لێکجیاوازی ئەم دوو وڵاتە لە شەڕی سووریادا دەتوانێت دواجار ئەم وابەستەییە بە زیانی تورکیا بشکێنێتەوە. دیارە هەر بۆیەشە ئەنقەرە وا هەوڵی چڕوپڕ دەدات کە هاوردەکردنی وزە بەسەر زیاد لە یەک سەرچاوەدا دابەش بکات.

یەکێک لەو سەرچاوانە، ئاشکرایە کە دەبێ هەرێمی کوردستان بێت. هەر لە ئێستاوە، بە گوێرەی هەواڵێکی بلوومبێرگ، تورکیا لە بەرنامەیدایە بۆڕییەکی 180 کیلۆمەتری لە کوردستانەوە رابکێشێت. هەرێمی کوردستان وا پێشبینی دەکرێت کە نزیکەی 200 تریلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتیی لەژێردا هەبێت، بۆیەشە دەتوانێت نەک هەر لە بواری نەوتدا، بەڵکوو بۆ گازیش ببێتە هەناردەکارێکی حیساب بۆکراو. ئەمانە هەموویان دەتوانن سەرچاوەی چاکی داهات بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەن، ڕێک لە کاتێکدا کە بەهۆی شەڕی دوانەبڕاوی داعشەوە و ژمارەیەکی بێوێنەی لێقەوماوان کە کوردستان لەخۆی گرتوون، ئەم وڵاتە دووچاری تەنگژەیەکی سەختی ئابووری بووە.

ئەوەشمان بیر نەچێت، ڕەنگە دواجار گازی سروشتی جێگەی نەوت وەک کاڵایەکی گرانبەها بگرێتەوە، ئاماژەکەش هەر کەوتنی خێرای نرخی نەوتە لەو ساڵەی کە تێپەڕی. سەیر بکەن، ئێستا شێخنشینی قەتەر دەوڵەمەندترین وڵاتی دونیایە (بە گوێرەی داهات و دانیشتوو) کە ئەم دۆخەشی بۆ خۆی لە ڕێگەی فرۆشی سەرچاوە سروشتییەکانەوە دابین کردووە. ئینجا، بە هەڵە بۆی مەچن، ئەوەی ئێستا زۆرترین داهات بۆ قەتەر دەگەڕێنێتەوە گازی سروشتییە، نەک نەوتی خاو.

دواجار کوردستانیش دەبێ ئەزموونی تورکیا لە وابەستەیی ئابووری وەک وانەیەکی گرنگ وەربگرێت. ئەگەر ئەنقەرە هەوڵ بدات زیاد لە یەک سەرچاوەی وزە بۆ پێداویستییەکانی خۆی دەستەبەر بکات، وا باشە کوردستانیش پشتی خۆی تەنیا بە هەناردەکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی نەبەستێ، چونکە ئەوە وا دەکات وڵات ببەسترێتەوە بەو وڵاتەی کە بۆی هەناردە دەکرێت و ئەو داهاتە دابین دەکات کە کوردستان پێویستی پێیە بۆ کڕینی کەلوپەلی خۆی (هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری کاڵاکانی هاوردە دەکات و ڕاپۆرتێکی ئەم دواییە باس لەوە دەکات کە نزیکەی 90%ی خۆراک هاوردەی کوردستان دەکرێت و بەرهەمی خۆماڵی نییە). ئێمە دەمێکە دەزانین کە پشتبەستنی لەڕادەبەدەر بە سەرچاوەی سروشتی بۆ داهات، جۆراوجۆری (تنوع) لە ئابووریدا سنووردار دەکات. ئەمە وانەیەکە کە ئێمە لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوتی کەنداودا بۆمان دەرکەوت کە ساڵانە دەکەونە ڕیزبەندی خوارەوەی ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی دونیاوە.

ئەگەرچی تورکیا و کوردستان پێوەندییەکی باش و نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەیە، دیسانیش هەر گرنگە کە کوردستان زۆر خۆی بە ئەنقەرەوە وەک کڕیاری سەرەکیی سەرچاوەکانی نەبەستێتەوە. بۆ ئەوەی بە تەواوی سەربەخۆ بن، کە کورد دەمێکە هەوڵی بۆ دەدات، پێویستە سەرچاوەکانی داهات فراوان بکرێن. ئەوە ئەو مەترسییە ناهێڵێت کە کوردستان وابەستەی کەسێک بێت، جا چ جیا ببێتەوە یان ئەوەی کە سەربەخۆییەکی زیاتر وەربگرێت. هەڵبەت لە هەمووان ڕوونە- لە کورد زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە- کە وابەستەیی پێچەوانەی سەربەخۆییە. کەس نایەوێت ئەوەندە گرێدراوی کەسێکی دیکە بێت و دواجار لە ژێر گوشاردا مامەڵە بکات.

لە سەرە باشەکەیەوە ئەگەر بیپێوین، لێمان دەردەکەوێت کە سەرچاوە سروشتییەکانی ئەم وڵاتە نیعمەتێکە و یارمەتیی کوردستان دەدەن کە خێراتر بەسەر ئاستەنگە ئابوورییەکانیدا زاڵ بێت. بەڵام لایەنێکی دیکەش هەیە، ئەویش، ئەگەر کوردستان لە درێژخایەندا هەموو پشتی خۆی بەم سەرچاوانەوە ببەستێتەوە، ڕێک ئەو سەرچاوانە دەبنە بەڵایەکی گەورە هەم بۆ هەرێمی کوردستان و هەمیش بۆ میللەتەکەی.

*** پۆڵ ئیدن، ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی سیاسییە و پتر لە بارەی سیاسەت و کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەنووسێت.**



# حەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوت و هەڕەشە لە ئاستی بەرهەمهێنان

عومەر ئەحمەد

جگە لە دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت، گەورەترین تەحەددای بەردەم کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دواکەوتنی دانەوەی حەقدەستی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتە کە لە هەرێمی کوردستان نەوتی خاو بەرهەم دێنن و بەردەوامن لە هەناردەکردنی.

دیارە کۆنترۆڵکردنی نرخی نەوت بە هیچ وڵاتێکی نەوتی بەتەنیا ناکرێت و تەنانەت لە دوایین کۆبوونەوەی ئۆپێک لە سەرەتای ئەم مانگەشدا 13 وڵاتی ئەندام لەو ڕێکخراوە نەیانتوانی هیچ کارێک بکەن بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوت.

لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین تەحەددای بەردەم کەرتی نەوت دواکەوتنی دانەوەی حەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوتە، بەتایبەتی حەقدەستی هەرسێ کۆمپانیای DNO ، گەنەڵ ئێنێرجی و گۆڵف کیستۆن کە هەریەک بە ڕێژەیەک بەشدارن لە بەرهەمهێنانی ئەو نەوتەی کە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە هەناردەی دەکات.

بەپێی گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم کە کۆمپانیاکانی نەوت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوویانە، دوای ئەوەی کە ئەو کۆمپانیایانە گەیشتنە قۆناغی بەرهەمهێنان، ئەوەش دوای خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لە گەڕان بە دوای نەوت و گازدا و هەروەها دوای قۆناغی پەرەپێدان، دەبێت لە داهاتی فرۆشتنی نەوت، بە ڕێژەیەک قەرەبووی ئەو کۆمپانیایانە بکرێت کە بە حەقدەستی کۆمپانیاکان ناودەبرێت.

کەڵەکەبوونی ئەو حەقدەستانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی لەدوای ساڵی 2014 ەو پاش بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە دروستبوو، بووە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێ لە دوو ساڵی ڕابردوودا وەک پێویست پارەی کۆمپانیاکان بدات.

تا ئێستا حەقدەستەکانی کۆمپانیای DNO گەیشتووەتە نزیکەی یەک ملیار دۆلار. حەقدەستی کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجیش نزیکبووەتەوە لە 400 ملیۆن دۆلار. کۆمپانیای گۆڵف کێستۆنیش کە لە خراپترین ڕەوشی داراییدایە، نزیکەی 300 ملیۆن دۆلاری لەلای حکومەت ماوە.

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی گونجاو بۆ پێدانی حەقدەستی کۆمپانیاکان دانەڕێژێت و میکانیزمێک بۆ جێبەجێکردنی پێناسە نەکات، نائومێدیی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان زیاتر دەکات. هەرچەندە لە مانگی ئەیلولەوە مانگانە لە داهاتی فرۆشتنی نەوت بەشێک لە حەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوت دەدرێت، بەڵام دیارە ئەو بڕە بە تەواوەتی جێی ڕەزامەندیی کۆمپانیاکان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ نەبێت بەردەوامبوونی ئەو پرۆسەیە پێوستە.



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

کۆمپانیا نێوەوڵەتییەکانی نەوت بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە ئاستی ئێستای بەرهەمهێنانی نەوت بدەن لەو کێڵگە نەوتییانەی کاریان تێدا دەکەن وەک کێڵگەی تاوکێ و کێڵگەی تەقتەق و شێخان، پێویستیان بە بەدەستهێنانی پارەیە بۆ ئەوەی بتوانن خەرجییەکانی بەرهەمهێنانی نەوت دابین بکەن، چ بگات بەوەی ئاستی ئێستای بەرهەمهێنانی نەوت بەرزبکەنەوە وەک چۆن بەرپرسانی حکومەت و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئامانجیانە بیگەیەننە ئاستی هەناردەکردنی ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل.

دابەزینی نرخی نەوت، دابەزینی داهاتی کۆمپانیاکانی نەوتی لەسەر ئاستی جیهان لێکەوتووەتەوە. کۆمپانیاکان چیدی ناتوانن لە دەرهێنانی هەر بەرمیل نەوت ئەو پارەیە بەدەستبهێنن کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەدەستیان دەهێنا.

ئەگەر دادوەرانە تەماشا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کۆمپانیاکانی نەوت هەر لەسەرەتای بەرهەمهێنانی نەوتەوە، زۆر یارمەتیدەری هەرێمی کوردستان بوون و بە دواکەوتنی حەقدەستەکانیشیان دانیان بەخۆیاندا گرتووە، بەردەوامیش پابەندبوونیان بە هەرێمی کورستانەوە دووپات کردووەتەوە.

کێشەی سەرەکیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دواکەوتنی پێدانی حەقدەستی کۆمپانیاکان ئەوەیە کە ئەو کۆمپانیایانە بەهۆی ڕەوشی داراییەوە ناچارن ئەو پارەیەی کە دەستنیشانیان کردووە لە کێڵگە نەوتییەکان خەرجی بکەن، کەمتر بکەنەوە. ئەو پارەیەی کە هەرسێ کۆمپانیای ناوبراو لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا خەرجیان کردووە لە کێڵگە نەوتییەکان، کەمتر بووە لە 200 ملیۆن دۆلار، ئەوە لە کاتێکدایە لە 2014 دا ئەو کۆمپانیایانە 800 ملیۆن دۆلاریان خەرج کردبوو. کەمبوونەوەی خەرجیی کۆمپانیا نەوتییەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئاسۆی ناڕوون و نەرێنیی کەرتی نەوت لە ساڵی 2016 دا ئەگەری زۆرە ببێتە هۆکاری کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی و کوردستان.



## موسیبەتی دانا گاز

د.هاوڕێ مەنسووربەگ

من لە یەک شت باش تێناگەم، کۆمپانیا ئیماراتی بێت، کێڵگەی گاز "حازر و بزر" کوردستانی بێت، بەڵام دادگا بەریتانی بێت. لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر شارەزا و ناودار لە بواری یاسای وزە و کۆنتراکتی نەوت و گاز کە لە سویسرا دەژیت، هەمان پرسیارم کرد، ئەو گوتی ئەگەر ئەو بڕگەیە نەبێت کە دادگای نێودەوڵەتی مافی یەکلاکردنەوەی کێشەکانی هەیە، کەم کۆمپانیا هەن ئامادە بن، کاری وەبەرهێنان بکەن.

1 - من هەر لەسەر ڕای خۆم سوورم کە کۆمپانیای نەوت و گاز دەبێت پابەند بکرێن و ڕازی بن کێشەکانیان لە دادگاکانی کوردستان یەکلایی بکەنەوە، ئەگەر باوەڕیشیان بە سیستەمی دادوەریی ئێمە نییە با کاری وەبەرهێنان لە کوردستان نەکەن. دەمێکیشە هاوار دەکەم کە دادگاکان و یاساناسەکانیش ئامادە بکرێن بۆئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو مەلەفە ئاڵۆزانە بکەن، دادگا و دادوەری تایبەت بە تەحکیمکردن "Court of Arbitration" دابمەزرێنن کە بە ستانداردی جیهانی کار و ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن.

2 - کێڵگەی گازی کۆرمۆور و چەمچەماڵ، نانی زۆر حازر و چەورن، ئەگەر بۆ کێڵگەکانی دیکەش بە سەختی وەبەرهێنەر بدۆزینەوە، بۆ ئەو کێڵگانە، کۆمپانیا دەستدەکەوێت، خۆ هەر لە سەرەتاوە کارێکی هەڵەیە کێڵگەی نەوت و گازی حازر و دۆزراوە ببەخشرێت بە هیچ کۆمپانیایەکی بیانی، بەبێ بوونی هاوبەشێکی بەهێزی ناوخۆیی وەک کار و قەیوان و بگرە ئەحمەد ئیسماعیل و هتد. هەرچەندە مەخابن، کۆمپانیای نەوت و گازی نیشتیمانی ماوەی هەشت ساڵە تەنیا لەسەر کاغەز ماوەتەوە و وادەی لەدایکبوونی هێشتا دیار نییە.

3- دەزانم ئەو تیمەی کە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، تیمێکی ناوداری زۆر بەتوانان، بەڵام هەموو شتێکیش بە ئەنجام دەپێورێت. پێویستە هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بکات بەو تیمە پارێزەرانەی کە کار لەسەر ئەو کەیسە دەکەن. هەندێک لە پارێزەرە ناودارەکان تەنیا بەناو سەرپەرشتیی کەیسەکان دەکەن، بە هۆی سەرقاڵییان کەیسەکان دەدەنە پارێزەری کەم ئەزموون لە خوار خۆیان، ئەوان وەک ناو دەمێننەوە بۆ پەیداکردنی موشتەری. پێویستە هەرێمی کوردستان دڵنیا بێت کە پارێزەرە ناودارەکان خۆیان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی کەیسەکان دەکەن و دەرفەت نەدرێت کە تەنیا ببینە کاڵای پارە پەیداکردن بۆ هەندێک تیمی پارێزەری ناوداری جیهان.

4- دانا گاز، کۆنتراکتی بەستووە، مامەڵەی وەک دەوڵەتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە، ئێستا بۆ دۆشینی هەرێمی کوردستان، ئەو بڕگانە ڕەتدەکاتەوە کە دادگا لە قازانجی دەوڵەتانی خاوەن سەروەری لێکیاندەداتەوە (بڕوانە یاسای ناسراو بە State Immunity Act 1976 )، پارێزەرانی دانا گاز دادوەرانیان ڕازی کردووە کە دەڵێت هەرێمی کوردستان خاوەنی سەروەری نییە و ئەو یاسایە نایگرێتەوە. سەیر بکەن بانێکە و دوو هەوا چەندە قێزەونە!

بەڕێزان گەمە لەگەڵ کۆمپانیای نەوت بقە و مەترسیدارە، دۆستایەتی و دەعوەت و موجامەلە لەگەڵ هەر کەس و لایەنێک بتپارێزێ، لەگەڵ کۆمپانیای نەوت ناتپارێزێ، لەگەڵ کۆمپانیای نەوت تەنیا بڕگەی تۆکمەی ناو کۆنتراکتەکان دەتپارێزێ، دامەزراوەی نیشتمانی و موئەسەساتی پڕ لە عەقڵ و حیکمەت دەتپارێزێ.

***مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕ لەبواری وزە**

ڕووداو
هونەری
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21



## بێریڤان هێڵی سوور دەبەزێنێ


**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

بێریڤان عیسا، خانمە ئەکتەری ڕۆژئاوای کوردستان، دەخوازێت کچانی کورد لە نێو سینەمادا ئەو هێڵە سوورانە بشکێنن کە کۆمەڵگە بۆی دروستکردوون. بێریڤان عیسا کە بەشداری فیلمێکی سینەمایی کردووە بە (ڕووداو)ی گوت "بۆ پێشکەوتنی سینەمای کوردی دەبێ هەموو کارێک بکرێت، هەتا کەی ئێمە دواکەوتوو بین، دەبێت ئێمە ئەو هێڵانە بشکێنین، کە کۆمەڵگە بۆی دروست کردووین، ئەگەر وانەکەین چۆن پێشدەکەوین".

بێریڤان لەو فیلمەدا جورئەتێکی زۆری نواندووە، چونکە کوڕێک ماچی دەکات و لە باوەشی دەگرێت. ئەو دەڵێت "هیوادارم من ڕێچکەشکێن بوویم بۆ ئەوەی کچەکانی دیکەش چاوم لێ بکەن".

### هونەرمەند شوان عەتوف بۆ (ڕووداو):

# فیلمی کوردیمان هەیە نەک سینەمای کوردی




کەم هۆڵی سینەما هەیە لە کوردستان فیلمێکی شوان عەتوفی تێدا نمایش بکرێ و پڕ نەبێت. عەتوف لە ئەکتەرێکی شانۆ، پاشان دراما و فیلمەوە، ئێستا دەیەوێ هەنگاوێکی دیکە بەرەو دەرهێنانی فیلم بنێت و بەوەش خەونی خۆی بهێنێتەدی.

بەپێچەوانەی ئەو هونەرمەندە کورد و بیانیانەی دەڵێن کورد سینەمای هەیە، شوان عەتوف دەڵێت "کورد سینەمای نییە، بەڵکو تەنیا فیلمی هەیە". شوان کە نیشتەجێی شاری سلێمانییە، لەبارەی پایتەختی ڕۆشنبیرییەوە قسەی خۆی هەیە و دەڵێت "بڕیار درا کە سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری بێت، بەڵام بە پراکتیکی کار بۆ ئەوە ناکرێ".

پشتیوان جەمال و سەرتیپ عوسمان
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: با لە دوایین بەرهەمتەوە دەست پێبکەین کە بۆ نمایشکردنی بەرهەمێکت بەنێوی باخچەکەی باوکم بەشداری فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی دوبەیت کرد، دەکرێ باسێکی کورتی ئەو بەرهەمە بکەی؟**

**شوان عەتوف:** ئەو بەرهەمە کورتە فیلمێکە، ناردبووم بۆ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دوبەی لەبەرئەوەی یەکێکە لە فێستیڤاڵە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و یەکەمجار لەوێ نمایش کرا. بەرهەمەکەش بەناوی عێراق لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی وەرگیرابوو. هەرچەندە هیچ خەڵاتێکی وەرنەگرت، بەڵام بەشداریکردنی فیلمەکە گرنگ بوو، لەبەرئەوەی گفتوگۆی بابەتێکی هەستیار دەکەم، ئەویش فیکری جیهادی سەلەفی و بەراوردکردنی بە فیکری تەسەوف لە ئاینی ئیسلامدا. لەو فیلمەدا پرسیاری ئەوە دەکەم بۆچی کارەکتەری کورد بەو هەموو ترایژیدیایەوە دەبێتە کەسێکی جیهادی.

**ڕووداو: لەو فێستیڤاڵەدا لە عێراق و هەرێمی کوردستان چەند فیلم وەرگیرابوون؟**

**شوان عەتوف:** لە هەرێمی کوردستان سێ بەرهەم (دوو کورتە فیلم و فیلمێکی درێژ) هەرچەندە بۆ بەرهەمەکانی شارەکانی عێراق نازانم چەندن، بەڵام عێراق هەمیشە ئامادەبوونێکی باشی لەو فێستیڤاڵانەدا هەیە.

**ڕووداو: ئەو پێشوازییەی لەو بەرهەمەی تۆ دەکرێت پەیوەندی بەو بیرۆکەیەوە هەیە کە ئیشت لەسەر کردووە، یاخود شەخسی خۆتە؟**

**شوان عەتوف:** لایەنێکی پەیوەندی بە خودی خۆمەوە هەیە لەبەرئەوەی لەوێ دەمناسن و ئەوە چوارەم جارە بەشداری دەکەم و پێشتریش خەڵاتم وەرگرتووە. پێشتر منیان وەکو ئەکتەر بینیبوو، بەڵام ئەمجارە وەکو دەرهێنەر بەشداریم کرد. جگە لەوەش کورتە فیلمەکە وەکو بابەت سەرنجڕاکێشە. فێستیڤاڵەکەش 14-15 بەشی گەورەی هەیە و ئێمە بەشی کورتە فیلم بووین. بۆ نموونە خەونی خۆم لەو فێستیڤاڵە دوو ئامانج بوو، یەکێکیان دروستکردنی فیلمی درێژ بۆ ناسینی بەرهەمهێنەری فیلم یاخود لەڕێگەی فیلمەکەتەوە بازاڕ بۆ فێستیڤاڵەکانی داهاتوو دروست بکەیت.

**ڕووداو: شوان لە ئەکتەری شانۆوە بۆ دراما و پاشان فیلم و دەرهێنەر، ئایا ڕۆیشتنت بەو بوارانەدا ئەوە بووە کە خەونی تۆ تەنیا لە شانۆدا ناوەستێ؟**

**شوان عەتوف:** هەموو پێکهاتەی شانۆ و دراما و سینەما پەیوەستە بە نواندن و نووسین و دەرهێنانەوە. منیش لەو سێ بوارەدا کارم کردووە. نزیکەی سێ ساڵە وەکو نووسینی سیناریۆ کاردەکەم و وەک دەرهێنەریش کار دەکەم. ڕاستە ئیشکردن لە شانۆ و دراما و سینەمادا جیاوازە، بەڵام هارمۆنیەت لەنێوانیاندا هەیە، دەمێکە خەونم ئەوەیە وەکو دەرهێنەر لە سینەمادا کار بکەم، چەند ساڵێک پێش ئێستاش وەکو دەرهێنەر ئیشم کردووە و ئیشەکانیش زۆر جوان بوون، بەڵام بڵاوم نەکردوونەتەوە.

**ڕووداو: بەڵام لە هونەردا دەرهێنان لە هەموو کارەکان قورسترە، ئاخۆ ئەو توانایە لەخۆتدا بەدی دەکەیت؟**

**شوان عەتوف:** لەسەر ئەوە دەبێت قسەی زۆر بکەین، چونکە هەموو بەشەکان گرنگیی خۆیان هەیە و وەک چۆن پەنجەیەک لەدەستێکدا نەبێت هەست بە بوونی کێشەیەک دەکەیت، بەڵام بەبۆچوونی من دەرهێنەر پرۆژەی چڕبوونەوەی ڕۆحی هونەرییە لە فیکر و هۆشی ئەو کەسەدا، کاتێک هەست دەکەیت قودرەتی خولقاندنێکی زۆرت هەیە، دەبیتە دەرهێنەر.

**ڕووداو: قسەیەک هەیە دەڵێت فیلمی باش دوای تەواوبوونی دەستپێدەکات کە لە یادەوەریی مرۆڤدا بمێنێتەوە، بەڕای تۆ لە باشووری کوردستاندا ئەو فیلمانە دروستکراون؟**

**شوان عەتوف:** بەڵێ، لەوانەش نیوە مانگی بەهمەنی قوبادی یەکێکە لەو فیلمانە، فیلمی ڤۆدگا لیمۆن لە دەرهێنانی هونەر سەلیم، فیلمی شوێنێک بۆ یاری کە لە دەرهێنانی شەوکەت ئەمین بوو.

**ڕووداو: واتە ئێستا دەتوانین بڵێین سینەمای کوردیمان هەیە یاخود فیلمی کوردی؟**

**شوان عەتوف:** دەتوانین بڵێین فیلمی کوردیمان هەیە، لەبەرئەوەی سینەمای کوردی ئەوەیە لەسەرخۆ فیلمێک بەرهەم بهێنرێت، بۆ نموونە هونەرمەندێک 10 فیلمی بەر بکەوێت و هونەرمەندێکی دیکەش 10 فیلم و خەڵک بڕۆن بلیت بۆ بینینی فیلمەکان بکڕن و فیلمەکانیش لە فێستیڤاڵەکاندا بن و فیستیڤاڵی جیهانیمان هەبێت، میدیا و ڕەخنەمان هەبێت، بۆیە ئەگەر پێم بڵێی سینەما لە کوردستان چییە؟ دەڵێم تەنیا بەرهەمهێنانی فیلمە.

**ڕووداو: باشە ئەگەر ئەو بوارانەی باستکردن هەبن، بینەرمان هەیە؟**

**شوان عەتوف:** 100%. تەنیا باسی ئەزموونی خۆم لە 1991ەوە تاوەکو ئێستا دەکەم کە ئامادەبوونم هەیە، ئیشم نەکردووە بینەرم نەبووبێت. هەر بۆ نموونە لە ڕۆژی خۆپیشاندانەکەی سلێمانی دوو مانگ لەمەوبەر کورتە فیلمێکم نمایشکرا 600 کەس ئامادەی بوون و 100 کەسیش گەڕانەوە، ئەمە جگە لە بەرهەمەکانی دیکەش.

**ڕووداو: ئەو پێشوازییەی لە تۆ دەکرا وەک شانۆکارێک، جیاوازیی چییە لەو پێشوازییەی وەک سینەماکارێک یاخود دەرهێنەرێک لەتۆ دەکرێت؟**

> سلێمانی ڕەگەزەکانی شارێکی ڕۆشنبیریی تێدایە، بەڵام گەشەی پێنادرێت

> سلێمانی پێش نازناوەکەی حاڵی باشتر بوو

**شوان عەتوف:** بۆ ئەوەیان نازانم، بەڵام وەک گوتم ئیشم نەکردووە بینەری نەبووبێت، لە کوردستان ئیشی باش بکە خەڵک دێت بۆ بینینی. ئەو لێکدانەوەیەش زۆر هەڵەیە کە وا بیر بکەینەوە بینەری ئێمە هەر حەزی لە ئیشی بێبایەخە. لەبەرئەوەی خەڵک هونەرمەند و ئیشی باش و ئیشی جددی و ناجددیش دەناسێتەوە، ئەوەش لە هەموو وڵاتێکدا هەیە. هەموو بەرهەمەکان بە جددی و کۆمیدییەوە بینەری خۆیان هەیە و دواجار فێستیڤاڵ بڕیار لەسەر بەرهەمەکان دەدەن. هەروەها پێم مەڵێن فڵان هونەرمەندی کۆمیدی بینەری زۆرە، منیش دەڵێم ئەو ئیشی خۆی دەکات و تۆش ئیشەکەی خۆت نمایش بکە. خەڵک پەیامی پێویستە، گرنگە بزانین باسی چ شتێک بۆ بینەری خۆمان دەکەین.

**ڕووداو: کاتێک بڕیار دەدەیت وەک ئەکتەری سەرەکی بەشداری بەرهەمێک بکەیت، دڵنیایت کە تێیدا سەرکەوتوو دەبیت؟**

**شوان عەتوف:** نەوەڵڵا، زۆر هەوڵیش دەدەم جددی بم، بەڵام زۆر کەم متمانەم بەخۆمە، تەنانەت دوای ئەو هەموو کارانەی کردوومن و تائێستاش کە یەکەم ڕۆژ فیلمێکم نمایش دەکرێت دەلەرزم، دەڵێم ئاخۆ خەڵک دێت بۆ بینینی ئیشەکە؟

**ڕووداو: لە ماوەی ڕابردوودا پەیامێکت بۆ ئۆباما بڵاوکردەوە، باشتر نەبوو ئەو پەیامەت لە فیلمێدا ناردبایە؟**

**شوان عەتوف:** باش بوو ئەو پرسیارەت کرد، ئەوە یەکەمیان خۆدزینەوەی بەشێکی زۆری هونەرمەندانە لە ترسی هەڵوێست وەرگرتن، هونەرمەندی ئێرە ترسنۆکن و هەڵوێستیان نییە. منیش خۆم وەکو قارەمانێک نیشان نادەم، بەڵام خۆم ڕام وابووە کاتێک ڕۆژنامەنووسێک دەکوژرێت، شانۆییەکی بۆ دەکەم ئیدی تۆ هەقت چییە من وا بیری لێدەکەمەوە. یاخود کەسێک لە سووریا دەکوژرێت نامەیەک بۆ ئۆباما دەنووسم و دەڵێم تۆ سەخیفترین کەسی و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، دەڵێم ئۆباما بۆچی شەرعیەت نادات بەوەی هاوکاریی هێزێکی کوردی لە کوردستان بکات کە زیاتر لە هەزار شەهیدی هەیە و تائێستاش چەکی لە بەغداوە بۆ دەنێرن. یاخود نموونەیەکی دیکە ئەو کاتەی ئیش لەسەر ژنکوشتن دەکەم، ڕۆژنامەنووسێک لەسەر شەقامەکە دەکوژرێ، من بوەستم تا دوو ساڵی دیکە و تا پارەم دەستدەکەوێت پاشان هەڵوێستی خۆم دەربخەم؟ شتی وا بووە! ئەو کاتانە چرکەساتێکە و کۆمەڵگەکەت پێویستی بە تۆیە، وەکو هاووڵاتییەکی ئاسایی نەک هونەرمەند. مەرج نییە هونەرمەند تەنیا بە هونەرەکەی پەیام بگەیەنێت.

**ڕووداو: لە ساڵانی ڕابردوودا هونەرمەندانی ناڕازیتان دروستکرد. ئەو ئامانجانەی هەتانبوو هەست دەکەیت هاتوونەتەدی، یاخود دۆخە هونەرییەکە وەکو خۆیەتی؟**

**شوان عەتوف:** مەسەلەی هونەرمەندانی ناڕازی ویستمان ئەو ڕێکخراوانەی هونەریان بەلاوە گرنگە لەژێر دەستی حیزب بێنە دەرەوە، بەڵام نەمانتوانی بیکەین. چونکە هونەرمەندان لەو ڕێکخراوانەدا دادەمەزرێنرێن.

**ڕووداو: چ قسەیەکت هەیە لەبارەی درامای ئێرانی و تورکی کە شاشەی تیڤییە کوردییەکانیان تەنیوە، لەو باوەڕەدا نیت کە دەبێ سنوورێکیان بۆ دابنرێ؟**

**شوان عەتوف:** حەقە ئەو پرسیارە لە بەرپرسانی هونەر و ڕۆشنبیری بکرێ کە بۆچی ڕێگە بەو درامایانە دەدرێ نمایش بکرێن. ئایا ئەوان لە کەرامەتی نەتەوەیی تێدەگەن؟ بۆچی ڕێگە بەو تەلەڤزیۆنانە دەدەن و بۆچی هیچ مەرجێکیان بۆ دانانێن؟ لە بەشێک لەو درامایانەدا گاڵتە بە کورد دەکرێ، باشە ئەگەر لەبەر خراپی کواڵیتی زنجیرە کوردییەکانە؟ کەواتە تا هەتایە هەروا بڵێن. فەرموو کواڵیتی زنجیرە کوردییەکان بەرز بکەنەوە.

**ڕووداو: با بێینە سەر پرۆژەی سلێمانی وەک پایتەختی ڕۆشنبیری، بە چی گەیشتووە؟**

**شوان عەتوف:** خۆزگە بمتوانیایە تێبگەم ئەو پارەیەی پایتەختی ڕۆشنبیری چی لێدێت و چۆنە و بە کوێدا دەڕوات؟ بەڵام تێناگەم، نازانم چۆن بڕیاری لێدراوە و بۆچی هاتووە و لەکوێیە.

**ڕووداو: تائێستا هیچ پرۆژەیەکی بۆ کراوە یاخود دەکرێت؟**

**شوان عەتوف:** ئەوەندە ئاگادارم کە خەریکی دروستکردنی هەندێک باڵەخانەن.

**ڕووداو: ئەگەر شارێک لە ساڵێکدا فێستیڤاڵێک یاخود شانۆ و فیلمێکی تێدا نەبێت، ئایا شیاوی ئەوەیە پێی بگوترێت پایتەختی ڕۆشنبیری؟**

**شوان عەتوف:** ئەو کارانەی تێیدا دەکرێت، لەبەرئەوە نییە کە پلانی حکومەتە، بەڵکو سلێمانی خۆی یەکێکە لە شارە چالاکەکان. دیارە ئەگەر بڵێین ئایا ڕەگەزەکانی شارێکی ڕۆشنبیریی تێدایە جیا لە وشەی پایتەخت، بەڵێ ڕەگەزی گەورەی ڕۆشنبیریی تێدایە و چالاکە، بەڵام گەشەی پێنادرێت، ئەگەرنا هەفتە نییە چالاکیی تێدا نەبێت.

**ڕووداو: واتە ئەو پایتەختە تەنیا ناونیشانێکە؟**

**شوان عەتوف:** ئەوە مافێکی ئەم شارەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکی دروشمەکە تێنەگەیشتوون، واتە لە بنەڕەتدا دروشمێکیان پێداوە و پراکتیکی دروشمەکە ناکەن، بەڵام چی بۆ ئەو دروشمە دەکەیت و پلانت چییە؟ سیاسەتی بەڕۆشنبیریکردنی ئەم شارە چییە؟ بۆ نموونە کاتێک بڕیار دەدەیت ئەمساڵ چەند فێستیڤاڵ بکەیت، دەبێت ئەوەندەش ئوتێل و ڕێستۆرانتت هەبێت بۆ ئەوەی خەڵک رابکێشی و ژنکوشتن لەم شارەدا کەم بکەیتەوە. قوتابخانەی کوڕان و کچان تێکەڵاو بن. کاتێک کوڕ و کچێک لەسەر شەقام دەبن تانەیان لێنەدرێت. پاشان هونەر وەکو بزنس سەیر بکرێت. گالەری و هۆڵت هەبێت. بۆیە دروشمەکە بە باشی پراکتیک ناکرێت و تەنانەت هەر خەریکە بە دروشمەکەش غەدری لێدەکرێت، چونکە پێش بەخشینی نازناوی پایتەخت باشتر تەمویلی سلێمانی دەکرا، بەڵام کاتێک نازناوەکەی پێدرا هەموو سەرچاوەکانی لێگیرایەوە.

**ڕووداو: زۆر جار دەگوترێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە پرۆژەکانی ئەو بە پایتەختبوونە دواکەوتوون، چ شتێک بە پارە ناکرێت و دەکرێت ئەنجام بدرێت؟**

**شوان عەتوف:** بیرکردنەوە و پلان و بەشداریکردنی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی شارەکە، بۆ نموونە فێستیڤاڵێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ژنکوشتن هەبێت و لەولاشەوە فێستیڤاڵێک بۆ دەنگخۆشی قورئان هەبێ.

ڕووداو تاراوگە
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21



## کوردێک دەبێتە نوێنەری لاوانی پارتە دیموکراتەکان

**کارزان حەیدەر/ ڕووداو- بەرلین**

لاوێکی کورد بەناوی لاوانی پارتە دیموکراتەکانی تەواوی جیهان، بەشداری بیست و هەشتەمین کۆنگرەی پارتی کریستیان دیموکراتی ئەڵمانیا CDU دەکات. فەلاح حەسەن، جێگری سەرۆکی لاوانی دیموکراتی جیهان کە گەنجێکی باشووری کوردستانە ، بە بانگهێشتی فەرمی ئەو وڵاتە بەشداری کۆنگرەی پارتی کریستیان دیموکراتی ئەڵمانیا CDUی کرد. ئەو گەنجە کوردە بۆ میدیاکان باسی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی بەسەر داعشدا کرد و گوتی "کورد بە قوربانییەکانی سەربەرزە، قوربانییەکانیش لەپێناو ئاشتیی هەموو جیهانە". فەلاح داوای لە کۆمەڵگای ئەوروپی و دەسەڵاتدارانی ئەوروپا کرد پشتیوانی زیاتری هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بکەن.

# کۆچبەران بە لێشاو دەگەڕێنەوە

## کۆچبەرێکی کورد:
## ژیانی ئەوروپا درۆیەکی گەورەیە

ڕووداو – ستۆکهۆڵم

چەند رۆژێک بەسەر راگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی سوید، ئەڵمانیا و نەمسا بۆ کوردستان تێپەڕیوە، ژمارەیەک کۆچبەر لە نێو فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێن کە کەی گەشتەکان دەستپێدەکەنەوە. ژمارەیەک کۆچبەری دیکە لە تەرمیناڵی گەورەی سەنتەری ستۆکهۆڵم دانیشتوون و نازانن چی بکەن و چۆن بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

تارق محەممەد، کە یەکێک بوو لەو کۆچبەرە کوردانە و لەسەر کورسییەکی نێو فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم دانیشتبوو، دواجار لەگەڵ 17 کۆچبەری دیکە بە ترانزێت گەیشتەوە هەولێر.

تارق یەکێک بوو لەو گەنجانەی روویان لە سوید کردبوو، بەڵام لەسەر داوای خۆی گەڕایەوە، ئەو مافی ئەوەی نەبوو دووبارە بگەڕێتەوە کەمپ، بۆیە تا ئەوکاتەی گەڕایەوە، ناچار بوو لەسەر شەقامەکان رۆژ بکاتەوە. تارق گوتی "تەنیا پارەی تکتم پێ پەیدا کرا، ئێستا نازانم چی بکەم".

لە فڕۆکەخانەی ئارلاندا لە نزیک ستۆکهۆڵمی پایتەخت، تارق و ئەحمەد و سالار کە هاوڕێی یەکدین، لەگەڵ 14 کۆچبەری دیکە چاوەڕێی گەڕانەوە بوون بۆ هەولێر. ئەحمەد گوتی "بەقاچاخ هاتین، بەڵام هاتنەکەمان هێندەی ئەم گەڕانەوەیە ئەستەم نەبوو". ئەو دەیگوت "ئێمە هەڵخەڵەتێنراین".

بەڵام سالار هیچ پەشیمان نەبوو لەو گەشتە و بە پێکەنینەوە دەیگوت "تەنیا پارەی گەشتێکی لوبنان، یان ئەنتالیام خەرج کردووە، ئەوە خەونی گەیشتنە ئەوروپام بەدی هێنا و کۆتایی هات".

سالار تەنیا بە 1500 دۆلار گەیشتبووە سوێد، بەڵام کاروانی هاوڕێی بەهۆی فریودانی لەلایەن قاچاخچییەکان بە 35 هەزار دۆلار گەیشتبووە سوێد، کەچی چارەنووسی هەردووکیان گەڕانەوە بوو.

کاروان گوتی "قاچاخچی بەڵێنی پێدابووین بە کەشتی بمانگەیەننە ئیتاڵیا، بەڵام درۆی لەگەڵ کردین، بە چوپ پەڕینەوە". کاروان لە مافی خۆی خۆش نابێت و دەڵێت بگاتەوە کوردستان قاچاخچییەکە دەدۆزێتەوە و بە رێگەی عەشایری یان یاسا پارەکەی خۆی لێ وەردەگرێتەوە. ئەو گوتی "ئەو قاچاخچیانە ئێستا لە کوردستان نووسینگەیان هەیە و خەڵکی دەستڕۆیشتوویان لە پشتە".

### چاوەڕێن سنوورداش بکرێنەوە

دوو رێگە هەن بۆ ئەو گەڕانەوەی ئەو کۆچبەرانەی پەشیمانن لە هاتن، ئەوانەی پارەیان هەیە لەسەر حیسابی خۆیان دەگەڕێنەوە، ئەوانەشی پارەیان نییە، دەبێ چاوەڕێ بکەن سنوورداش بکرێنەوە.

گەورەترین کەمپی پەنابەران لە سوێد کە لە باکووری وڵاتە، نزیکەی 900 کۆچبەری تێدایە و زۆربەیان سەڵتن. کارمەندێکی کەمپەکە کە کوردە بە (ڕووداو)ی گوت "کەمپەکەمان 345 کۆچبەری کوردی تێدایە، 200یان ناوی خۆیان نووسیوە بۆ گەڕانەوە".

لیڤاڵد یەکێکی دیکەیە لەو کامپانە و پێشتر کورد لەوێ زۆرینە بوون، بەڵام ئێستا کەمینەن و شوێنیان بۆ کۆچبەرانی سووری و ئەفغانی چۆڵ کردووە. سەرۆ کە کۆچبەرێکی کوردی کەمپەکەیە، دەڵێت "دوو مانگە ناوی خۆم نووسیوە بگەڕێمەوە، بەڵام پێمدەڵێن دەبێت دوو مانگی دیکە چاوەڕێ بکەیت. زۆربەمان پارەی گەڕانەوەمان نییە، ئەگەرنا دڵنیام ئێستا کەمپەکە چۆڵ دەبوو".

لەبەر نەبوونی یاسایەکی نوێ بۆ پاڵپشتیی گەڕانەوەی کۆچبەران، دەبێت کۆچبەرانی خوازیار بۆ گەڕانەوە، هەندێکجار شەش مانگ چاوەڕێ بکەن، تا پارەی کڕینی تکتیان بۆ دابین دەکرێت.

کارمەندێکی فەرمانگەی کۆچی سوید بە (ڕووداو)ی گوت "هەندێکجار کۆمۆنەکان پارەی تکتی گەڕانەوە بۆ کۆچبەران دابین دەکەن، لەم حاڵەتەدا کۆچبەر زۆر چاوەڕێ ناکات".

هانا یۆهانسن لە رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی دەڵێت "دابینکردنی تکتی گەڕانەوەی کۆچبەر کاری سەرەکیی ئێمەیە، بەڵام ئەم پرۆگرامە لە سوید کارا نەبووە". هانا گوتی "ئەم گەڕانەوە بە لێشاوە شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ ئێمە و حکومەتیش، بۆیە ئەرکی گەڕانەوە نەدەبوو تەنیا ئەرکی حکومەت و رێکخراوەکان بووایە، بەڵکو دەبوو باڵیۆزخانەی عێراقیش رۆڵی هەبووایە".

بەشی پەیوەندییەکانی باڵیۆزخانەی عێراق لە سوێد قسە بۆ میدیاکان ناکەن، بەڵام کارمەندێکی باڵیۆزخانەکە گوتی "تەنیا پەڕەی فەرمیی گەڕانەوە ئەرکی ئێمەیە، یان ئەگەر کێشەیەکی رەگەزنامە هەبێت، لەم بارەیەشەوە کاری زۆر دەکەین و گوشارێکی زۆرمان لەسەرە".

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، زۆربەی کۆچبەران بۆ گۆڕینی کەیسی پەنابەرێتیان لەلایەک و بەهۆی بەکارهێنانی رێگەی نایاسایی لەلایەکی دیکە، پاسپۆرتەکانیان لەناوبردووە. بەشێکیشیان مافی بەکارهێنانیان نییە، چونکە بەشێوەیەکی نایاسایی کاریان پێکردووە. ئەوانە تەنیا رێگەیەکیان هەیە، ئەویش دروستکردنی (پەڕی گەڕانەوە)یە، واتە "پاسپۆرتی کاتی" کە تەنیا یەکجار بۆ گەڕانەوە بەکاردێت.

هیوا کوردێکی شاری کەرکووکە و ئێستا دەیەوێ بگەڕێتەوە شارەکەی، ئەو گوتی "زیاتر لە سێ هەفتە نۆرەم گرت، تاوەکو پاسپۆرتەکەم وەرگرت، بەڕاستی مامەڵەی کارمەندانی باڵیۆزخانە زۆر ناخۆشە، وەک مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکردین".

### "ئەوروپا درۆیەکی گەورەیە"

هیوا دەڵێت ئەوروپا ئەوە ناهێنێ خۆتی بۆ بکەیتە قوربانی "ئەوروپا درۆیەکی گەورەیە، رۆژانە 25 کرۆن (نزیکەی 2،5 یۆرۆ)مان وەردەگرت لەگەڵ خواردنێکی ناخۆش. دەبێت وەک رۆبۆت کار بکەیت، ئێمە لەگەڵ ئەو ژیانە هەڵناکەین، بۆیە بە راکردن جێی دەهێڵم".

شێلان مارف، کارمەندی یەکێک لە خانە کاتییەکانی کۆچبەران لە ستۆکهۆڵم، دەڵێت "درێژترین کاتی مانەوەی کۆچبەران لای ئێمە یەک مانگە، کورد بێ تەحەمولترین میللەتن، زۆربەیان بیر لە گەڕانەوە دەکەنەوە".

شێلان کە کۆمەڵناسە، پێیوایە "کۆچبەرانی تازەی کورد، توانای ژیانی ئەوروپایان نییە. زۆربەیان کاری سووکیان کردووە و نەیانخوێندووە". گوتیشی "هەستم کرد ئامانجێکی دیاریکراویان نەبوو، ئەوان زوو تێگەیشتن لەوەی هاوڕێیەتی کچێکی پرچ زەرد و خۆشگوزەرانیی ئەوروپا، تەنیا خەونێکە و هیچی دیکە".

دامەزراوەی کۆچی سوید (migrationsverket) هێشتا زانیاریی کۆچبەرانی گەڕاوەی رانەگەیاندووە، بەڵام چالاکڤانێکی بواری پەنابەران بە دووری نازانێت گەڕاوەکانیش تا ئێستا لەنێو ئەو پەنابەرانە هەژمار کرابن کە بە شوێنبزر تۆمار کراون.

نەژاد ئەحمەد، کارمەندی کۆمپانیایەکی گواستنەوەی فڕۆکەوانی دەڵێت "هەفتە هەبووە 75 بۆ 100 تکتمان بەو کۆچبەرانە فرۆشتووە کە پاسپۆرتی کاتییان دەرکردووە".

### دەوڵەت ناچاری گەڕانەوەیان دەکات

کارڵ ئۆڵف یۆهان لە رێکخراوێکی داکۆکیکار لە کۆچبەران دەڵێت "شتێک نییە بەناوی کۆچی پێچەوانە، بەقەد ئەوەی دەوڵەت ناچارت دەکات وڵات بەجێبهێڵی".

پارتەکانی نێو حکومەت و کۆمۆنەکان و فەرمانگەی کۆچ کۆکن لەسەر گۆڕینی یاسای پەنابەرێتی و بەخشینی پەنابەرێتی کاتی لەلایەک و گەڕاندنەوەی کۆچبەران لەلایەکی دیکە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ یاسایەک نییە بۆ گەڕاندنەوەی زۆرەملێی کۆچبەران، تەنیا ئەوانە نەبێت کە دامەزراوەی کۆچ داوێتییە پۆلیس.

کارل ئۆڵف دەڵێت "دابیننەکردنی خزمەتگوزاری و قورسکردنی ژیانیان، سەرەتایەکە بۆ دروستکردنی گوشار لەسەر کۆچبەران تا خۆویستانە بگەڕێنەوە".

ژمارەی ئەو کەیسانەی دامەزراوەی کۆچ بەمەبەستی سنووربەدەرکردنیان و گەڕاندنەوەیان داوێتیە پۆلیس 10 هەزار و 376 کەیسە، لەگەڵ کەیسەکانی ژێر دەستی پۆلیس بۆ بەزۆر ناردنەوەیان دەگاتە 22 هەزار دۆسیە کە زۆرینەیان ونن و خۆیان شاردووەتەوە.



# نووسەرانی کورد بە کوردی هەژار و بە سویدی دەوڵەمەند دەبن

## نووسەرێکی کورد:
## ئەگەر بەکوردی بنووسم کەس کتێبەکانم ناکڕێت

ڕووداو – ستۆکهۆڵم

"ئەگەر بە کوردی بنووسین هەژار دەبین، بەڵام بە سوێدی و ئینگلیزی دەوڵەمەند دەبین". ئەوە قسەی نووسەرێکی کوردی تاراوگەنشینە کە دەڵێت کوردی تاراوگە هاندەر نین بۆ ئەوەی بە کوردی بنووسن.

نووسەرانی کورد نوخبەیەکی دیاری کۆمەڵگەی کوردی تاراوگە و بەتایبەتی کوردی سویدن، بەڵام ئەگەر بە زمانی خۆیان بنووسن دەبێت قوربانییەکی زۆر بدەن.

کوردۆ باکسی، کوردێکی تاراوگەنشینە و خاوەنی دەیان کتێبە بە زمانەکانی سویدی و ئینگلیزی و ئیسپانی، بەڵام تا ئێستا کتێبێکی بەزمانی خۆی نییە. باکسی ئەو حاڵەتە بە "راستییەکی تاڵ" وەسف دەکات و دەڵێت "ئەگەر بە کوردی بنووسم کەس کتێبەکانم ناکڕێت، بەڵام بەهۆی زۆر فرۆشتنی کتێبە سویدییەکانم دەوڵەمەند دەبم".

کوردۆ باکسی لەو باوەڕەدایە ئەگەر کتێبێک بە زمانی کوردی بنووسێت، ناتوانێت هەزار دانەی لێ بفرۆشێت، بەڵام هەر کتێبێک بە سوێدی بنووسێت، نیو ملیۆن دانەی لێ چاپ دەکات.

### سوید.. وڵاتی خوێندنەوە

سوێدییەکان کە ژمارەیان نزیکەی نۆ ملیۆن و نیوە، بایەخێکی زۆر بە خوێندنەوە دەدەن. تیراژی هەندێک کتێب لەو وڵاتە دەگاتە زیاتر لە ملیۆنێک. بەڵام فرۆشی هیچ کتێبێک بە زمانی کوردی لەم وڵاتەدا ناگاتە 500 دانە، لە کاتێکدا 100 هەزار کورد لەو وڵاتە دەژین.

ئەرکان ئەسعەد، خاوەنی دوو کتێبە بە زمانی سوێدی، یەکەمیان تاوەکو ئێستا سێ جار چاپکراوەتەوە و شەش خەڵاتی بەدەستهێناوە. ئەو دەڵێت "کتێبەکەم کراونەتە کوردی، بەڵام هیچ چاپخانەیەک ناوێرێ چاپی بکات، چونکە بە کوردی خوێنەری نییە". گوتیشی "کۆمپانیاکانی چاپ چەندین ئۆفەر دەخەنە بەردەستم، بەڵام کەس نییە کتێبە کوردییەکەم بۆ چاپ بکات".

### خۆیان چاپی دەکەن

رزگار شێخانی خاوەنی زیاتر لە 10 کتێبە و دەڵێت "دەبێت دوو ساڵ کار بکەم تا بتوانم کتێبێک بنووسم و بە چاپی بگەیەنم".

شێخانی نایشارێتەوە کە هاوکاریی کراوە، بەڵام دەڵێت "تەنیا لە چاپی هەندێک لە کتێبەکان هاوکاریی رەمزی کراوم". باسی لەوەش کرد کە زۆرینەی کتێبەکان خۆبەخشانە وەردەگێڕێ و چاپیان دەکات.

بەشێکی زۆر لە نووسەرە ناسراوەکانی سوید ئێستا کتێبەکانیان بە کوردی هەیە، زۆربەی کتێبەکانیش لەلایەن خەبات عارف، دانا مارف و رزگار شێخانی کە سێ وەرگێڕی کوردن، وەرگێڕدراون.

شێخانی و وەرگێڕە کوردەکانی دیکەش تێبینی ئەوەیان کردووە کە عەرەب و تورک وەک کورد نین و چالاکترن.

نیعمەت عەلی مورادی، بازرگانێکی بواری چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، دەڵێت "تورک بە پلەی یەک و عەرەب و پاشان کورد، بایەخ بە کڕینی کتێب دەدەن". ئەو کە زیاتر لە 300 کتێبی لەو وڵاتە چاپ کردووە و زۆربەی کتێبە کوردییەکان ئەو دەیفرۆشێت و بڵاوی دەکاتەوە، دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی کتێب دەکڕن دامەزراوەی فەرمی و کتێبخانە و قوتابخانەکانن".

مورادی گوتیشی "نەوەی کۆنی تاراوگە چالاکتر بوون لە کڕینی کتێبی کوردی، بەڵام گەڕانەوەی زۆرینەی نوخبەی رۆشنبیر و نووسەران بۆ کوردستان، بازاڕی کتێبی کوردیی لاواز کردووە".

### هەژارترین کتێبخانە

سوید یەکێکە لەو وڵاتانەی بایەخێکی زۆری بۆ کتێب و بڵاوکراوەی نەتەوە جیاوازەکان هەیە و بۆ کتێبخانە و قوتابخانەکانی دەیانکڕێت.

بەڵام کەسانی پسپۆڕی ئەو بوارە و رۆشنبیران نایشارنەوە کە کتێبخانە کوردییەکان، هەژارترینن.

نەوزاد هەوری کە بەرپرسی کتێبخانەی کوردیە لە شاری ستۆکهۆڵم، پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو کە کتێبخانەکەیان لەبەردەم مەترسی لەناوچووندایە و پێویستیان بە هاوکارییە.

هیوا قادر کە نووسەرێکی کوردی ئەو وڵاتەیە و پێشتر لە کتێبخانەی کوردی کاری کردووە، دەڵێت "بەهۆی کەمیی سەردانیکەر و کەمیی کەسی سوودمەند لە کتێبەکان، حکومەت هاوکاریی خۆی بۆ کتێبخانەکە کەم دەکاتەوە".

بە گوتەی هیوا، کورد کەمترین کتێب لە کتێبخانەکانی سوێد وەردەگرن، ئەو بە پێکەنینەوە گوتیشی "کە لە کتێبخانە بووم، زۆر جار کتێبی کوردیم دەبردنەوە، لەکاتێکدا پێویستیشم نەبوون، بەڵام هەر بۆ ئەوەم بوو کە لە ئامارەکاندا خوێنەری کوردیش تۆمار بکرێن".

### گەشەی کولتووری.. پرۆژەی حکومەت

رزگاری شێخانی دەڵێت ئەدەبیاتی تاراوگە لە وەرگێڕانەوە دەست پێدەکات "ئەمە وەک سیاسەتی نەوت و ئاسایش دەبێت بەشێک بێت لە بەرنامەی حکومەت". بەڵام وەک رزگار دەڵێت "لە هیچ یەکێک لە کابینەکانی رابردووی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا باسی شتی وا نەکراوە کە وەرگێڕان و ئەدەبیاتی تاراوگە پەرەی پێبدرێ".

رزگار شێخانی بە توندی رەخنە لە دامەزراوە کولتووری و حکومییەکانی کورد دەگرێت و دەڵێت "بە بەراورد بە عەرەب و تورک، کورد هیچی نەکردووە". شێخانی سعودیە بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "سعودیە ساڵانە سەدان ملیۆن دۆلار لە دروستکردنی مزگەوت خەرج دەکات، لەپێناو بڵاوکردنەوەی کولتووری ئیسلامی، بەڵام هیچ پرۆژەیەکی کولتووری کوردی لە ئەوروپا نییە کە حکومەت کردبێتی".

کوردۆ باکسی کە وەک سیمبولێکی ئەدەبیاتی کوردی لە سوید ناسراوە، دەڵێت "گرنگە سیاسەتێکی نیشتمانی هەبێت، بۆ بایەخدان بە ئەدەبیاتی کوردی لە ئەوروپا، ئەمەش لە بایەخدان بە بواری وەرگێڕان دەست پێدەکات".



رەنگین شەرۆ، پەیامنێری تەلەفزیۆنی ڕووداو:

# لەسەر راپۆرتێکی رووداو لە حیزبەکەم دەرکرام

- لە تێست دەرنەچووم و گوتیان بە کەڵکی راگەیاندن نایەت
- دەیانجار بۆ بارودۆخی پەنابەران تێر گریاوم

رەنگین محەممەد سەلیم (رەنگین شەرۆ)، تەمەنی 28 ساڵە. لە گوندی دوو گردکا لە نزیک دێرکێ لەدایک بووە. بەڵام لە رمێلان ژیاوە. بەشی دەروونزانی لە زانکۆی دیمەشق تەواو کردووە. رەنگین شەرۆ وەک خۆی باسی دەکات سەرەتا لە تێست دەرنەچووە و یەکێک لە راهێنەرەکان پێیگوتووە تۆ بە کەڵکی راگەیاندن نایەیت. بەڵام رەنگین کۆڵی نەداوە و ئێستا یەکێکە لە پەیامنێرە چالاکەکانی ڕووداو. لەو هەڤپەیڤینەدا زۆرتر لەبارەی رەنگین شەرۆوە دەزانن.

هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر



من دەمەوێت ستایلی جلوبەرگم وەک خەڵکی کەمپەکان بێت

**ڕووداو: تۆ دەرچووی بەشی دەروونیت، چۆن بوو بوویتە پەیامنێر؟**

**رەنگین شەرۆ:** هیچ بڕیارێک نەبوو لە راگەیاندن کار بکەم. رۆژێکیان وەکو کادیری سیاسی رۆژئاوای کوردستان سەردانی تۆڕی میدیایی ڕووداومان کرد. لەوێ چاومان بە بەڕێوەبەری گشتی ڕووداو، کاک ئاکۆ محەممەد کەوت، سەمینارێکی پێشکەش کرد، دواتریش دەرگای گفتوگۆ و پرسیاری کردەوە، منیش چەند پرسیارێکم کرد، ئیدی کاک ئاکۆ گوتی دەبێت تۆ ببیتە پەیامنێری ڕووداو، منیش گوتم من هیچ لە راگەیاندن نازانم، بەڵام ئەو گوتی ئێمە خولت بۆ دەکەینەوە و فێرت دەکەین. بەڵام کە تێست کرام دەرنەچووم، کاک ئەلبێرت کە راهێنەر بوو لە ڕووداو، گوتی بە کەڵکی راگەیاندن نایەت، بەڵام کاک ئاکۆ گوتی مادام لەبەردەم کامێرا بە جورئەتەوە وەستاوە، باش دەبێت.

**ڕووداو: تۆ پێشتر کادیری پارتی دیموکراتی کورد لە سووریا بوویت، بەڵام وازت هێنا؟**

**رەنگین شەرۆ:** دوای ئەوەی لە ڕووداو چەند راپۆرتێکم بڵاوکرایەوە کە لە قازانجی ئەوان نەبوو، دەریانکردم. بۆیە ئێستا ئەندامی هیچ حیزبێک نیم.

**ڕووداو: لەگەڵ پەیەدە نێوانت چۆنە؟**

**رەنگین شەرۆ:** پەیوەندیم لەگەڵ هەموو حیزبەکانی رۆژئاوا باشە، دەمەوێت ئەوە بڵێم من یەکەم پەیامنێری ڕووداو بووم کە دەربازی ناو دەزگاکانی پەیەدە بووم. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لەو پەیامنێرانە بووم مۆڵەتی کارکردنم لە رۆژئاوای کوردستان لە پەیەدە وەرگرتووە، لە دوای قەدەغەکردنی ڕووداویش لە رۆژئاوا، من زیاتر لە 12 فیچەرم لەوێ دروستکردووە، بێ ئەوەی کەس رێگەم لێبگرێ.

**ڕووداو: دەڵێن لەکاتی ئامادەکردنی راپۆرت لە نێو کەمپەکاندا زۆرجار گریاوی؟**

**رەنگین شەرۆ:** دەیانجار بۆ بارودۆخی ئەو پەنابەرانە و نەهامەتیەکانیان تێر گریاوم. باوەڕ بکە چەند جارێک بیرم لەوە کردووەتەوە واز لە راگەیاندن بێنم، چونکە لە بەرامبەر ئەو نەهامەتی ناخۆشیانەی پەنابەران گەلێک ئازارم چەشتووە.

**ڕووداو: پەیامنێریت لە باشووری کوردستان پێ خۆشترە یان لە رۆژئاوای کوردستان؟**

**رەنگین شەرۆ:** بێگومان لە رۆژئاوای کوردستانم پێخۆشترە، هەست دەکەم مەیدانێکی بەرفراوانە بۆ کاری راگەیاندن، بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێ کاری تێدا بکات، من پێموایە هەر راپۆرتێک لە رۆژئاوا دروست بکەم بە 10 راپۆرتی باشووری کوردستانە.

**ڕووداو: بەشێکی زۆری راپۆرتی تۆ لە کەمپەکانە، لە ڕووداو دەڵێن ئەگەر کەمپ نەمێنێ رەنگین چی دەکات؟**

**رەنگین شەرۆ:** بەڕاستی حەز دەکەم کەمپەکان نەمێنن، قەینا با من لەماڵەوە بێ ئیش دابنیشم، هیوادارم یەک کەمپ لە باشووری کوردستان نەمێنێ، کارکردنیش لە کەمپەکان دڵسۆزیی منە بۆ ئەوەی ئێش و ئازارەکانی ئەو خەڵکانە بگەیەنم.

**ڕووداو: بەشێک لە کۆچبەران دەچنە ئەورووپا، ئەگەر لە نێوان ئەورووپا و رۆژئاوای کوردستان سەرپشک بکرێی کامەیان هەڵدەبژێری؟**

**رەنگین شەرۆ:** هیچ کاتێک بیرم لەوە نەکردووتەوە لە ئەورووپا بژیم، ئەگەر بیری ئەوەم هەبووایە هەر لەسەرەتاوە دەڕۆیشتم. من دەخوازم سبەی بگەڕێمەوە رۆژئاوای کوردستان.

**ڕووداو: چۆن دڵشادی هاوژینت ناسی؟**

**رەنگین شەرۆ:** لە ڕووداو ناسیم، ئەو برادەری دڵدار هەرکی بوو، بەسەردان هاتبووە لای. دڵدار هەرکی ئێمەی بەیەکتر ناساند، دیار بوو پێشتر دڵشاد

## کە بەرازیل بە 7 گۆڵ دۆڕا زۆر گریام و سێ رۆژ دەوامم نەکرد

لەسەر فەیسبووک بەدوای مندا گەڕابوو، دڵداریش پێی گوتبوو وەرە سەردانم بکە و رەنگین دەبینی. سەرەتا لە فەیسبووک قسەمان دەکرد، پاشان داوای لێکردم شووی پێبکەم، منیش رازی بووم.

**ڕووداو: دەڵێن دوای ئەوەی شووت کردووە گرنگی بە خۆت نادەیت، ئەمە راستە؟**

**رەنگین شەرۆ:** لەبەر ئەوە نییە کە من شووم کردووە، ئەمە لەبەر ئەوەیە من ئێستا هیچ کاتم نییە بۆ ئەوەی گرنگی زیاتر بەخۆم بدەم، دواتریش زۆربەی کارەکانی من لە نێو کەمپەکاندایە. من نامەوێ بە جلی مۆدە و پێڵاوی پاژنە بەرز و بۆن لە خۆم بدەم و ئینجا بچمە کەمپەکان، دەمەوێت ستایلم وەکو ستایلی خەڵکی کەمپەکان بێت و لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی ئەوانیش بم، نەوەک خۆم لەوان بەرزتر ببینم.

**ڕووداو: لەگەڵ کاروباری ماڵەوە چۆنی؟**

**رەنگین شەرۆ:** زۆربەی خواردنەکان دەزانم دروست بکەم تەنیا سەروپێ و کفتە نازانم، بەڵام لەبەر دەوام، هەموو رۆژێک ناتوانم خواردن دروست بکەم.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا بیرت لەوە نەکردووەتەوە منداڵت هەبێت؟**

**رەنگین شەرۆ:** تاوەکو لە ڕووداو بمێنمەوە باوەڕ ناکەم بهێڵم منداڵم ببێت، چونکە ڕووداو هەموو کاتی لێگرتووم، منداڵ بەخێوکردنیش ئێستا زۆر ئەستەم بووە، دواتر من لەو باوەڕەدام ئەگەر منداڵێک بهێنمە ئەم دونیایە گوناهبار دەبم، چونکە من لێرە پەنابەرم ئەگەر منداڵێکمان ببێت نابێتە خاوەنی رەگەزنامەی عێراقی و نە رەگەزنامەی سووری، ئینجا بۆچی ئەم منداڵە بهێنمە دونیا.

**ڕووداو: لەگەڵ وەرزش چۆنی؟**

**رەنگین شەرۆ:** تاوەکو پۆلی 10 یاریزانی تایکواندۆ بووم، تاوەکو پشتێنەی شین و نیوە سوور رۆیشتم، هەروەها یاریزانی باسکە بووم، زیاتر لە پێنج یاریم دەکرد، بەڵام دواتر نەمتوانی بەردەوام بم. ئێستا زیاد لە پێویست قەڵەو بووم، چونکە هیچ جۆرە وەرزشێک ناکەم.

**ڕووداو: هاندەری کامە یانە و هەڵبژاردەی تۆپی پێی؟**

**رەنگین شەرۆ:** هاندەرێکی سەرسەختی هەڵبژاردەی بەرازیلم، کاتێک بەرازیل بە 7 گۆڵ دۆڕا زۆر زۆر گریام و سێ رۆژ نەچوومە دەوام.

**ڕووداو: رەنگین خەون بەچییەوە دەبینێ؟**

**رەنگین شەرۆ:** گرنگترین خەونەکانی من ئەوەیە جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر کاری دەروونزانی، لەگەڵ ئەوەشدا بتوانم خوێندنی باڵا تەواو بکەم، بگەڕێمەوە شارەکەی خۆم، نزیکی ماڵباتی خۆم بژیم و هیچی دیکەم ناوێت.

**ڕووداو: دەڵێن لە گوتنی ناوی "کەورگۆسک" کێشەت هەبووە، ئێستاش ئەو کێشەیەت هەیە؟**

**رەنگین شەرۆ:** گەورەترین کێشەی من ئەوە بوو نەمدەتوانی بڵێم کەورگۆسک، دەمگوت کەورە گۆسک، جار هەبووە 20 جار دووبارەم کردووەتەوە، بەڵام نەدەهاتە سەرزمان بڵێم کەورگۆسک، دوای ساڵێک ئێستا دەتوانم بەباشی بڵێم کەورگۆسک.



■ دکتۆر ئاراس برادۆستی

## کورد لە ئوردن و مافیا لە کوردستان

کاژێرێک و چل خولەک دوای فڕینمان لە هەولێر، خۆمان لە عەممان بینییەوە، ئەو شارە چوار ملیۆنییەی کە بووەتە قیبلەنومای گەشتیاریی پزیشکی لە ناوچەکەدا، پلەی پێنجەمی دنیاشی گرتووە و بە پێش زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کەوتووە.

عەممانی پایتەختی شانشینی ئوردنی هاشمی، پڕاوپڕە لەو سەردانیکەرانەی لە وڵاتەکانی خۆیان هیوابڕاو بوون و بۆ چنینەوەی هیوای چارەسەری، لە دەرگای پزیشکانی ئەوێ دەدەن. ئوردنییەکانیش بە شێوازێکی هێندە شاهانە و روویەکی هێندە گەشەوە پێشوازییان دەکەن، بە درێژایی ژیانیان لە وڵاتەکەی خۆیاندا خەونی وایان نەبینیوە.

دۆخی سیاسیی هێمنی وڵاتەکە، خەڵکی نغرۆی ژیانێکی پڕ جووڵە کردووە، کەرتی تەندروستیش بۆ دابینکردنی داهاتی شانشین، یەکەمی بێ رکابەرە، بەڵام ئەمە هەر وا ئاسان دەستنەکەوتووە.

نەخۆشخانەکانی ئوردن بەسەر چوار پایەدا دابەشکراون: نەخۆشخانە حکومییەکان، زانکۆییەکان، سەربازییەکان و تایبەتەکان. هەر هاووڵاتییەکی ئوردنی لە بەرامبەر بەدەستهێنانی بیمەی تەندروستی بۆ خۆی و خێزانەکەی، مانگانە 3%ی مووچەکەی دەداتە حکومەت، بەمەش تەواوی چارەسەرە پزیشکییە پێویستەکان لە هەر چوار دینگە سەرەکییەکەی کەرتی تەندروستی بۆ خۆی و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی بەدەستدێنێ.

شا، لە کۆشکی شاهانەوە دانانیشێت، دوای سەرپەرشتیکردنی دانانی سیستمێکی تۆکمەی تەندروستی، بەدواداچوون بۆ کاری پزیشکانی وڵاتەکەشی دەکات، کوردێکیشی کردووەتە بەرپرسی باڵاترین دەزگای تەندروستیی وڵات. د.هانی ئەلکوردی، ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی باڵای تەندروستییە و ئەندازیاری سەرکەوتنە ناوازەکەی کەرتی تەندروستی ئەو وڵاتەیە.

بەپێی پلانی شا، ئاو، هەوا، خۆراک و دەرمان هێڵی سوورن، لە هەمووی گرنگتریش "بەدیهێنانی وڵاتێکی خاڵی لە نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییەکان"ە کە وێنای شایە بۆ تەندروستی، بەمەش شەڕی نەخۆشییان لە نێو نەخۆشخانەکانەوە بردووەتە دەرەوە و گرنگییەکی زۆر بە خۆپارێزی دەدەن، ئەمەش کرۆکی سەرکەوتنی سیستمە تەندروستییە جیهانییەکانە.

وڵاتێکی خاڵی لە نەوت، گاز و سامانە سروشتییەکان، بازرگانییەکی بێوێنە بە ئاوەکەی دەکات. روخسار و جەستەی هەموو دنیا بە قوڕ و خوێی دەریای مردوو سواخ دەدات و داهاتێکی دیکە دەستدەخات، لە "بحر المیت" و تاقگەکانی مەعین خەڵکی لە هەموو جیهانەوە دێن و لە نزمترین خاڵی گۆی زەوی کۆدەبنەوە، بێگومان ئەمەش دوای پلانێکی مارکێتینگی کاریگەر کە خودی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی دەکات.

سیستمی تەندروستی زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیام بینیوە، بەڵام بەوەی ئوردن زۆر سەرسام بووم، چما هەوەنتەیە وڵاتێک لە ئاڵۆزترین بستە زەویی جیهاندا تەنیا بە بواری پزیشکی بچێتە ریزی زلهێزەکانی دنیا؟

لەوێ، من بە سەرکەوتنی کورد و بەشداریی کارایان دڵخۆش بووم، بەڵام خەفەتی گەورەم لەوە خوارد کە کورد نهێنی سەرکەوتنی کەرتی تەندروستی وڵاتێک بێت، لە وڵاتەکەی خۆشم وەزیر و حکومەت و دەسەڵات، دەستەوەستان بن بەرامبەر ئەو گرووپە مافیاییانەی بەپێی بەرژەوەندیی چاوچنۆکانەی خۆیان، کەرتی تەندروستی بنکۆڵ بکەن.

بۆ ئەوەی لە سیستمی تەندروستی کوردستان تێبگەی، ئەو چەند دێڕەی سەرەوە پێچەوانە بکەرەوە، لێرە ئەو بەرپرسە باڵایانەی بڕیار لە دانانی وەزیری تەندروستی و پلە باڵاکانی دیکەی نێو کەرتی تەندروستی دەدەن، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستیان لە بازرگانیی دەرمان و کەرەستە پزیشکییەکان ئاڵاندووە و بێویژدانانە بەربوونەتە گیانی مرۆڤێک کە نەخۆشە، وەزیریش نقەی لێوە بێت دەیدەنە دادگا، ئاخر ئەوان لەسەرووی دادگا و پەرلەمان و حکومەت و یاسا و رێساوەن.

لە ئوردن هیچ بەرپرسێک بۆی نییە تێکەڵی بازرگانی بێت، ئەگەر باوەڕ نەکەی حەقی خۆتە، چونکە مرۆڤ باوەڕ بە خەیاڵ ناکات، خەیاڵی ئێرە خاڵۆ، راستەقینەی ئەوێیە.


## پرۆگرامەکانی رادیۆی ڕووداو

FM 102.7 – 102.9



**مژار:** پرۆگرامێکی گفتوگۆئامێزە سەبارەت بە مژارە گەرمەکانی کوردستان و جیهان.
کات: شەممە تاوەکو پێنجشەممە، کاژێر 11:00.
پێشکەشکار: سروە هەورامی

**ب دەما ئامەدی:** باسی مژارەکانی شاری ئامەد و باکوری کوردستان دەکات.
کات: دووشەممە، کاژێر 16:00
پێشکەشکار: ماشەڵڵا دەکاک.

**لە پەیامنێرانەوە:** گەیاندنی زانیارییە بە گوێگران لە رێگەی پەیامنێران لە هەرچوار پارچەی کوردستان و جیهان.
کات: پێنجشەممە کاژێر 16:00.

**چاڤێ سێیەم:** باسی گرنگترین مژارەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات
کات: شەممە، کاژێر 17:00.
پێشکەشکار: حوسێن عومەر

**گفتوگۆی رۆژنامەنووس:** باسی دیارترین پرس و رووداوەکانی هەفتە دەکات
کات: دووشەممە، کاژێر 16:30.
پێشکەشکاران: ئاکۆ محەممەد و هێمن عەبدوالله

**گوتوبێژ:** گرنگی بە مژارە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا دەدات
کات: پێنجشەممە، کاژێر 17:00 پێشکەشکار: دڵدار هەرکی

**دەنگێ کۆبانێ:** باسی رووداوەکانی شاری کۆبانێ و دەوروبەری دەکات.
کات: یەکشەممە کاژێر 16:00.
پێشکەشکار: عومەر کالۆ

**یاریگای ڕووداو:** شرۆڤەی یاری و پاڵەوانییەتیە وەرزشییەکانی ناوخۆ و جیهان دەکات.
کات: شەممە، کاژێر 16:00 . پێشکەشکاران: رێبوار محەممەد و ئیحسان تاهیر و سەفین تەها.

**ڕووداوی رۆژهەڵات:** باسی رووداو و رۆژەڤی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات
کات: سێشەممە، کاژێر 17:05.
پێشکەشکار: ناسر پیرۆتی.

**بەکاتی سلێمانی:** گەرمترین رۆژەڤی هەفتەیەکی سلێمانی شەنوکەو دەکات.
کات: یەکشەممە کاژێر 17:00.
پێشکەشکار: سامان بەشارەتی.

**زێڕی رەش:** گرنگی دەدات کەرتی نەوت و وزە و سامانە سروشتییەکان.
کات: چوارشەممە، کاژێر 17:00
پێشکەشکار: بیلال سەعید

**رۆنان:** بایەخ بە بابەتە ئەدەبییەکان و نوێترین بەرهەمی نووسەران دەدات.
کات: هەینی، کاژێر 16:00
پێشکەشکار: فەرهاد چۆمانی

Nilesat HD : 10892 H 27,500 F:4/3 SD : 12604 H 27,500 F: 5/6
HotBird Frequency: 11317 Polarity: Vertical SR: 27,500 FEC: 3/4
Turksat Frequency: 12729 Polarity: Horizontal SR: 27,500 FEC: 5/6
Optus D2 Frequency: 12608 Polarity: Horizontal SR: 27,500 FEC: 4/3
Galaxy 19 Frequency: 11929 Polarity: Vertical SR: 27,500 FEC: 4/3

فریکوێنسەکانی تەلەفزیۆنی ڕووداو


seasons
world cuisine
divan
erbil
CHOPIN
Piano Bar
DECEMBER 31st
EXTRAVAGANT BUFFET & BUBBLY TOAST AT MIDNIGHT
95 $ Plus Soft Drinks
125 $ + Alcoholic Beverages + Midnight bubbly toast
JANUARY 1st
New Year Brunch
60 $ non-alcoholic Soft Drinks
90$ + Alcoholic Beverages
DECEMBER 31st
OPEN BAR
Dips Salad & Cold Meats
Selection Of Cold Cuts Meat
Salmon Counter
Assorted Sushi & Sashimi
Pass Around Delight Hot Canapé
Bubbly Toast At Midnight
$95
Live Music Band
FOR RESERVATIONS :
0750 207 0038
HAPPY NEW YEAR
2016
all prices are exclusive of %10 service charge


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder
حليب

## ژنێک بە دەمانچە خۆی دەکوژێت

**رووداو- هەولێر**

لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی کۆیە، ژنێک دوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی، بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. نەقیب سەروەر عومەر، گوتەبێژی پۆلیسی دێگەڵە بە (رووداو)ی راگەیاند، شەوی 2015/12/18 ژنێکی تەمەن 24 ساڵ لە ماڵی باوکی لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی کۆیە بە دەمانچە خۆی کوشتووە. ناوبراو گوتیشی "دوای ئەوەی ژنەکە لە مێردەکەی جیابووەتەوە، چووەتەوە ماڵی باوکی و خۆی کوشتووە، پۆلیس پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ رووداوەکە کردووەتەوە".



رووداو
ژنان
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21

### 140 هەزار ئافرەتی شوفێر لە هەرێمی کوردستان هەن

# شۆفێرانی ژن لە سلێمانی بە رووداوی هاتوچۆ نامرن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێی بەدواداچوونێک بۆ رووداوەکانی هاتوچۆ لە سنووری پارێزگای سلێمانی، دەرکەوتووە لە چوار ساڵی رابردوودا هیچ شوفێرێکی ژن بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە نەمردووە.

ئەو بەدواداچوونە لەلایەن مولازمێکی هاتوچۆ بەهمەن عەبدوڵڵاوە کراوە کە شیکردنەوەی بۆ رووداوەکانی چوار ساڵی پێشتر و حەوت مانگی یەکەمی ئەمساڵ کردووە. شیکارییەکە سەبارەت بە ژمارەی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری و مردن و بریندابوونی هاووڵاتیان لە سنووری پارێزگاکە ئەنجامدراوە.

بەپێی ئەو بەدواداچوونە لەو ماوەیەدا 519 هەزار و 566 کەس بوونەتە خاوەنی مۆڵەتی شۆفێری لە پارێزگای سلێمانی، کە 14%یان ژنن.

هەر لەو ماوەیەدا 5941 رووداوی هاتوچۆ روویانداوە کە 9677 شۆفێر لەو رووداوانەدا بەشدار بوون و 5%یان ژن بوون. لەئەنجامی ئەو رووداوانەدا 999 کەس گیانیان سپاردووە کە 23%ی ژن (سەرنشین و پیادە) بوون، بەڵام ئەوەی بەلای بەهمەنەوە جێی سەرنجە، لەو ماوەیەدا هیچ شۆفێرێکی ژن بە رووداوی هاتوچۆ نەمردووە.

بەهمەن کە دەرچووی بەشی ئابوورییە لە زانکۆی سلێمانی، بە (رووداو)ی راگەیاند، لە کوردستان بەگشتی دوای بڵاوکردنەوەی ئامارەکان شیکردنەوەیان بۆ ناکرێت، بەڵام بۆ نموونە لە بواری هاتوچۆدا گرنگە بزانرێت مردن و بریندارب‌وون زیاتر لە کام رەگەزە. بەهمەن گوتی "لەئەنجامی ئەو شیکردنەوەیە بەو ئەنجامە گەیشتم کە هیچ شۆفێرێکی ژن بەهۆی رووداوی هاتوچۆ نەمردووە، ئەوەش تووشی سەرسوڕمانی کردم".

نەقیب کاروان حەمەسدیق، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی راستی ئەو ئامارەی سەبارەت بە شۆفێرانی ژن پشتڕاست کردەوە و گوتی "بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیمان لە ماوەی 4 ساڵ و 6 مانگی رابردوودا هیچ شۆفێرێکی ژن لە سنووری پارێزگای سلێمانی بە رووداوی هاتوچۆ نەمردوون".

نەقیب کاروان بەپێی ئەزموونیان لە بواری یاساکانی هاتوچۆدا ئەمە بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێنێتەوە، لەوانەش هێمنی و لەسەرخۆیی شۆفێرانی ژن لە کاتی لێخوڕیندا، هەروەها ژمارەی شۆفێرانی ژنیش بەراورد بە پیاوان کەمترن و سەرەڕای ئەوەش بۆ هاتوچۆی دەرەوەی شار زیاتر پیاوان شۆفێریی دەکەن.

نەقیب کاروان دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکەیانی سەبارەت بە ژمارەی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری لەلایەن ژنانەوە لە ساڵانی رابردوودا و شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ گوتی "نزیکەی 73 هەزار ژن مۆڵەتی شۆفێرییان وەرگرتووە، بەڵام مەرج نییە هەموویان ئۆتۆمبێل بەکاربێنن".

### 140 هەزار شۆفێری ژن

بەپێی ئاماری رێکخراوی سەلامەتیی رێگەوبان لە کوردستان کە دراوەتە (رووداو)، لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە 140 هەزار شۆفێری ژن هەن.

یوسف محەممەد بازیانی، سەرۆکی رێکخراوەکە خۆشحاڵە بە ئەنجامی شیکردنەوەکەی مولازم بەهمەن و دەڵێت "ژنان بەشێوەیەکی گشتی لەسەرخۆ ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن، بۆیە کەمتر بە رووداوی هاتوچۆ گیان لەدەست دەدەن".

شیکردنەوەی ئەو ئەفسەرەی هاتوچۆی سلێمانی لە کاتێکدایە کە شاری سلێمانی بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەی، بەرز و نزمیی زۆری تێدایە. لەم ساڵانەی دواییشدا رێگەوبان و شەقامەکان قەرەباڵغ بوون و فراوان نەکراون.

یوسف بازیانی گوتی "ئامارەکە سەرنجڕاکێشە، چونکە رێگەوبانەکانی سلێمانیش وەک پێویست نین و پێویستە شۆفێران بە گشتی و ژنان بەتایبەتی بەشێوەیەکی وریایانە و ژیرانە شوفێری بکەن".

ئیقبال عەباس، خاوەنی نووسینگەیەکی فێربوونی شۆفێرییە، لەبارەی شیکردنەوەکەی بەهمەن گوتی "شیکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێشە، ژنان بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل هەم لەسەرخۆن و هەمیش ترسیان لە دڵدایە و وەکو پیاوان نین، زۆر پابەند دەبن بەو رێنماییانەی لەکاتی فێربوونی شوفێری پێیان دەگوترێ".

تریفە ئەحمەد ژنە فەرمانبەرێکی تەمەن 32 ساڵە و چەند ساڵێکە ئۆتۆمبێل لێدەخوڕێت و چەند ئۆتۆمبێلێکیشی گۆڕیوە. ئەو گوتی "ئەو ئامارە جێی دڵخۆشییە. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی هێمنی ژنان لەگەڵ ئۆتۆمبێل".



# سێ خوشک خواردنگەیەکی کوردەواری دەکەنەوە



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

باران نم نم دەباری، پلەکانی گەرما لە سفری سەدی نزیک بوون، دوو کاسبکار خۆیان کرد بە خواردنگەکەدا، دوای سڵاوکردن لە سێ ژنەکە، یەکێکیان بە روویەکی گەشەوە گوتی "بەڕاستی رۆژێکی ساردە، دوو کفتەی گەرممان بدەنێ". ئەو دوو کاسبکارە یەکێکیان دووکانی پێداویستی منداڵان و ئەوەی دیکەش دووکانی سەوزەواتی هەیە.

عەلی کەریم، 38 ساڵ، پیاوێکی باڵا مامناوەندە، چەند ساڵێکە لە شەقامی چوارباخ دووکانی سەوزەواتی هەیە، ئەو زۆرتر حەزی لە خواردنە کوردەوارییەکانە و گوتی "کردنەوەی ئەم خواردنگە کوردەوارییە بۆ ئێمە خێرو بەرەکەت بوو، بە تایبەتی لەم کاتە ساردەدا".

ناسک و ئاواز و سەیران، سێ هاوڕێن، لەسەرەتای ئەم مانگەوە خواردنگەیەکی کوردەوارییان بەنێوی "سێ خوشکان" لە سەرەتای شەقامی چوارباخ کردووەتەوە.

ناسک نەسرەدین، 42 ساڵ، کە کچێکی سەڵتە و پێشتریش لە چەند شوێنێکی دیکە لە بواری دروستکردنی خواردندا کاری کردووە، دەڵێت "مانگێک لەمەوبەر لەگەڵ ئەو دوو هاوڕێیەم کە وەکو سێ خوشکین، بیرمان لەوە کردەوە چێشتخانەیەکی کوردەواری دابنێین، بۆیە دواجار ئەم شوێنەمان دۆزییەوە و بە کرێمان گرت".

ئەوان رۆژانە لە کاژێر 8ی بەیانی تاوەکو کاژێر 4ی ئێوارە جگە لە رۆژانی هەینی کار دەکەن، ناسک گوتی "ئیشەکەمان حەڵاڵە و بە ئارەقەی ناوچەوانی خۆمان پارە پەیدا دەکەین، بۆیە زۆر دڵخۆشین پێی".

ئاواز حیسام، 36 ساڵ، ئەویش شووی نەکردووە و لە چێشتخانەکەدا بە وەستا ئاواز بانگی دەکەن، چونکە ئەو خواردنەکان ئامادە دەکات.

وەستا ئاواز وەکو خۆی باسی کرد، رۆژانە دوای ئامادەکردنی خواردن، لە کاژێر 9ی بەیانی تاوەکو 12ی نیوەڕۆ لە کۆمپانیایەک کار دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ چێشتخانەکە. ئەو گوتی "راستە ئافرەتانی دیکەش لەم بوارەدا کار دەکەن و ئێمەش دەستپێشخەرییەکمان کردووە، با ئافرەتانی ئێمەش وەکو وڵاتانی دیکە بێینە دەرەوە و ئیش بکەن".

سەیران رەئوفی تەمەن 26 ساڵ هەرچەندە هاوڕێی ناسک و ئاوازە، بەڵام چیرۆکی ژیانی جیاوازە، چونکە دەرچووی بەشی ژمێریارییە و مێردی کردووە و منداڵێکیشی هەیە. ئەو یەکەمجارە لە چێشتخانەیەکی لەو شێوەیە کار دەکات و بەیانیانیش ژمێریارە لە کەرتی تایبەت. ئەو گوتی "مێردەکەم کاسبکارە و سوپاسی دەکەم کە رێگەی پێداوم بێمە دەرەوە و کار بکەم".

ئەو شوێنەی ئەو سێ ئافرەتە کاری تێدا دەکەن بازاڕێکی میللی شاری سلێمانییە، سەرجەم دووکاندارەکانی بازاڕەکە پیاون. بەڵام ئەو ژنانە شوێنەکەیان بەلاوە ئاساییەوە و پێیانوایە شوێنێکی باشیان دۆزیوەتەوە.

ناسک گوتی "راستە ئەم شوێنە میللییە، بەڵام خۆمان بەلامانەوە گرنگ بوو ئەم شوێنە بە کرێ بگرین، لەبەرئەوەی نزیکە لە دووکان و کۆمپانیاکان، گوێ بە قسەی خەڵکیش نادەین، دووکاندارەکانی ئێرە زۆر رێزمان لێدەگرن و تا ئێستا لە گوڵ کاڵتریان پێ نەگوتووین".

ناسک و ئاواز ئەندامی کۆمەڵەی ئایندە بۆ کچانی بەتەمەنن کە رێکخراوێکی ناحکومییە و لەرێگەی کردنەوەی خولەوە هەوڵی دۆزینەوەی کار بۆ ئافرەتان دەدات. بە گوتەی بەناز، ژمارەیەکی زۆر لە کچانی دیکەش پێیان خۆشە وەکو ئەوان کار بکەن، بەڵام خێزانەکانیان رێگەیان پێنادەن.

ئەو گوتی "ئافرەتانی دیکەش پێیان خۆشە بێنە دەرەوە، بەڵام خێزانەکانیان ناهێڵن، هاوڕێکانمان دێنە لامان دەستخۆشیمان لێدەکەن و ئیرەییمان پێدەبەن و خۆزگە بە ژیانی ئێمە دەخوازن".

لەو شەقامەی کە ئەو سێ ئافرەتە چێشتخانەکەیان لێ داناوە، لە مانگی ئاداری ئەمساڵیشدا ژنێکی دیکە بەنێوی سۆلین چایخانەیەکی لێ دانا، بەناز گوتی "ئەگەر ئێمە وەکو ئافرەتان بتوانین نەریتە باوەکان بشکێنین، دڵنیام پیاوانیش هاوکارمان دەبن، چونکە بەشبەحاڵی خۆم کە چەند ساڵە لە دەرەوە کار دەکەم، تا ئێستا رووبەڕووی هیچ گرفتێک نەبوومەتەوە".

ئەبوبەکر رەحیم، کاسبکارێکی تەمەن 58 ساڵە و چەند ساڵێکە دووکانی مریشک فرۆشتنی لە شەقامی چوارباخ هەیە. ئەو دەستخۆشی لەو سێ ئافرەتە کرد و گوتی "سەردانم کردوون و کارێکی زۆرباش دەکەن، هەتا ئافرەتی زیاتر لە شەقامەکەدا کار بکەن، روویەکی زیاتری شارستانی هەم بە شەقام و هەم بە شارەکەشمان دەبەخشێ".

# "نازانم بۆچی خۆم سووتاند؟"

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- خانەقین**

دنیا پێش ئەوەی بەهۆی کاریگەریی برینی سووتانەکەی گیان بسپێرێ، بە کەسوکار و مێردەکەی گوتووە ئاگاداری یەکدی بن و ئاگاشیان لە منداڵەکانی بێت. لەبارەی هۆکاری خۆسووتاندنەکەشی گوتبووی "نازانم بۆچی خۆم سووتاند؟"

دنیا شەریف، تەمەن 27 ساڵ، دانیشتووی قەزای خانەقین، سەرلەبەیانی رۆژی 2015/12/10 لە حەوشەی ماڵی خۆیاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و رۆژی دواتر لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

دنیا 10 ساڵ لەمەوبەر شووی بە فوئاد شەبیب کردووە کە ئامۆزای خۆیەتی و کچێک و دوو کوڕیان هەیە. ئەوان سەرەتا لە قەزای کەلار دادەنیشتن، بەڵام نزیکەی 8 ساڵە لە خانەقین دادەنیشن.

فوئاد تا ئەو کاتەی ژنەکەی گیانی لەدەستداوە لە نەخۆشخانە لە ژوور سەری دانیشتووە و بەردەوام پاڕاوەتەوە کە ژنەکەی بە تەندروستییەکی جێگیرەوە بگەڕێتەوە ماڵەوە.

فوئاد بە (رووداو)ی گوت "لە نەخۆشخانە لێمانپرسی بۆچی خۆت سووتاند؟ گوتی خۆشم نازانم".

ئومێد شەریف برای دنیاش قسەی زاواکەیان دووپات دەکاتەوە و دەڵێت "منیش لێم پرسی بۆچی خۆت سووتاندووە؟ گوتی نازانم حاڵەتێکە و بەسەرمدا هات".

وەک فوئاد روونیکردەوە، بەیانی ئەو رۆژە پێکەوە نانیان خواردووە و خۆیشی کە بریکاری دابەشکردنی نەوتە، رۆیشتووەتە دەرەوە و تا ئەو کاتەش هەستی نەکردووە دنیا کێشەی هەبووبێت. فوئاد گوتی "وەکو هەموو بەیانییەکی دیکە تا بەردەرگا لەگەڵمدا هات و کاتێکیش چوومە نێو ئۆتۆمبێلەکەوە وەک جارانی دیکە پێیگوتم خوات لەگەڵ".

دوو رۆژ پێشتر، فوئاد بەرمیلێک نەوتی هێناوەتەوە، دنیاش هەر بەو نەوتە لە حەوشەی ماڵەکەیاندا خۆی سووتاند. لە کاتی رووداوەکەشدا تەنیا خەزوور و منداڵەکانی لە ماڵەوە بوون. بەڵام خەزووری سەرەتا ئاگای لە رووداوەکە نەبووە و لەلایەن کچێکییەوە ئاگادار کراوەتەوە.

هەر بەپێی قسەکانی فوئاد، ئەوان جگە لەوەی هیچ کێشەیەکیان نەبووە، لەنێو خێزانیشدا زۆر تەبا بوون و گوتی "ئێمە هەر لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە بووین و ئێستاش باوک و دایک و براکانی لەگەڵ ئێمەدا دەژین، بۆیە رووداوەکە بۆ هەموو لایەکمان جێی سەرسوڕمان بوو".

ئومێدی برای دنیاش کە شەوی پێش رووداوەکە لە ماڵی خوشکەکەی بووە، بەهەمانشێوە رووداوەکەی بەلاوە سەیرە و گوتی "ئەو شەوە تا نزیکەی کاژێر 1ی شەو پێکەوە قسەمان کرد و بۆ بەیانییەکەشی خۆم و ژنەکەم هاتینە دەرەوە هیچ لە ئارادا نەبوو".

ئومێد بۆ سەلماندنی زیاتری قسەکانی کە دەڵێت خوشکەکەی کێشەی نەبووە، گوتی "هاوسێیەکیان پێیگوتین 20 خولەک پێش خۆسووتاندنی قسەی لەگەڵ ئەواندا کردووە و هەستی نەکردووە کێشەی هەبێت و باسی هیچی نەکردووە".

### مێردەکەی ژنی دووەمی هێناوە؟

دوای رووداوەکە، دەنگۆ و گومانی ئەوە هەبوو کە هۆکاری خۆسووتاندنی ئەو ژنە ئەوە بێت مێردەکەی ژنی دووەمی بەسەر هێنابێ، بەڵام فوئاد ئەو دەنگۆ و گومانانەی رەتکردەوە و گوتی "ئەو قسەیە دوورە لەڕاستی، نەک هەر شتی وا نەبووە، بەڵکو زۆریش یەکدیمان خۆشدەویست و لە وەسیەتەکەشیدا پێیگوتم ئاگات لە دایکم و منداڵەکان بێت".

ئومێدی برای دنیاش ئەو گومانەی رەتکردەوە و گوتی "فوئاد ژنی دووەمی نەهێناوە، لە برا خۆشەویستترە لامان، بۆیە سکاڵاشمان لە دژی تۆمار نەکردووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کە دراوەتە (رووداو)، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لە ناوچەی گەرمیان 8 ژن خۆیان سووتاندووە، بەپێی ئاماری توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان، لە ماوەی ئەمساڵدا بەدنیاوە دوو ژن لە خانەقین خۆیان سووتاندووە.

عەقید لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە گەرمیان گوتی کە لەبەرئەوەی دنیا پاش خۆسووتاندنی رەوانەی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی سلێمانی کراوە، بۆیە نەیانتوانیوە گوتەی لێوەربگرن، بەڵام لەلایەن بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی خانەقین و بنکەی پۆلیسی ئازادییەوە گوتەی وەرگیراوە و گوتوویەتی "خۆم سووتاندووە و سکاڵاشم لە دژی کەس نییە، بەبێ ئەوەی هۆکاری خۆسووتاندنەکەی باس بکات".



کۆمەڵایەتی
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21



## میوزیکژەنێک خۆی دەکوژێت

**رووداو- هەولێر**

فەرهەنگ یوسف، 39 ساڵ، ژەنیاری ساز کە بە (فەرهەنگ ساز) ناسرابوو، رۆژی 2015/12/19 لە شاری هەولێر خۆی کوشت.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند " فەرهەنگ، کاژێر 12ی رۆژی 2015/12/19 بە پەت خۆی بە شیشەی پانکە لە ماڵەکەیدا هەڵواسیوە، دواتر بە زیندوویی گەیەندراوەتە نەخۆشخانە". گوتیشی "ماوەی 24 کاژێر لە نەخۆشخانە ماوەتەوە، بەڵام دواتر لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. ئەندامانی خێزانەکەی دەڵێن ئەو نەخۆشی دەروونی هەبووە، بەڵام ئێمە پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کەیسەکەی کردووەتەوە، بۆ ئەوەی لە راست و دروستی گوتەکانیان دڵنیا ببینەوە".

# مێرمنداڵێک باوکی خۆی لە خەودا دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- هەولێر**

مەروان هەوڵی دا کێشەی دوو کوڕەکەی کە لەسەر مۆبایلێک بەشەڕ هاتبوون، چارەسەر بکات، بەڵام دواتر یەکێک لە کوڕەکانی کە تەمەنی 13 ساڵە، لە شیرینی خەودا زیاتر لە 10 فیشەکی پێوەدەنێت و دەیکوژێت و دایکیشی بریندار دەکات.

ئەم رووداوە شەوی 2015/12/15 لە گوندی بێستانەی سەر بە ناحیەی قوشتەپەی شاری هەولێر رووی دا. مەروان شوکر، 35 ساڵ، پێشمەرگە بوو، ئەوکاتانەی لە دەوام دەگەڕایەوە بە ئامێری بلۆک سەرخستن بلۆکی بۆ باڵەخانە و خانووە دوو نهۆمی و سێ نهۆمییەکان سەردەخست.

### کێشەکە لەسەر چی بووە؟

نەقیب هۆگر عەزیز گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، دوای ئەوەی باوکی ئەو مێرمنداڵە داوای لە کوڕەکەی کردووە بخوێنێ، بەڵام بووەتە دەمەقاڵەیان و بەو هۆیەوە باوکی کوشتووە و دایکیشی بریندار کردووە.

بەڵام خێزانی کوڕەکە قسەیەکی دیکەیان هەیە و دەڵێن کێشەکە لەسەر مۆبایل بووە. ئەردەڵان شکور برای مەروان لە دووەم رۆژی پرسەی براکەیدا بە (رووداو)ی گوت "شەوی رووداوەکە کاتێک مەروان لە ئیش گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە ماندوو بووە، هەردوو کوڕەکەی (م) و (ع) لەسەر مۆبایل دەمەقاڵێ لە نێوانیاندا دروست بووە، باوکیشیان زللەی لە هەردووکیان داوە و پێیگوتوون بڕۆن بخەون".

پێدەچێ (م) ئەو زللەیەی باوکی پێ قبووڵ نەکرابێ، بۆیە کاتێک باوکی دەخەوێ، ئیدی ئەو کاری خۆی دەکات. ئەردەڵان گوتی "کاتێک دایک و باوکی خەوتوون، (م) چەکی باوکی دەرهێناوە و دەستڕێژی گوللەی لە باوکی کردووە و 10 فیشەکی پێوەناوە و کوشتوویەتی، کاتێک دایکی ویستوویەتی رێگری لێ بکات، تەقەی لەویش کردووە و برینداری کردووە. دواتر هەڵاتووە.

مامی تۆمەتبارەکە رووداوەکەی بەلاوە سەیرە، چونکە پێشتر ماڵی ئەو برایەی هیچ کێشەیەکی خێزانییان نەبووە و گوتی "برازاکەم باوکی زۆر خۆشدەویست و پێمان سەیرە کارێکی لەو شێوەیەی بەرامبەر کردووە، ئەو برایەشی کە دەمەبۆڵەی لەگەڵیدا بووە، لە دوای رووداوەکەوە ناتوانێ بە باشی قسە بکات و تاساوە".

تا ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەش (م)ی تۆمەتبار دەستگیر نەکرابوو، بەڵام ماڵی باوکی مەروان بڕیاریان داوە بکوژەکە رادەستی هێزەکانی پۆلیس بکەن، ئەردەڵان گوتی "پۆلیس داوای بکوژەکە دەکات و ئێمەش رادەستی ئەوانی دەکەین، بەڵام جارێ سەرقاڵی پرسەی مەروانین".

ئەو رووداوە بووەتە مایەی سەرسوڕمانی دانیشتووانی گوندەکەشیان کە دەڵێن ماڵی مەروان تاوەکو ئێستا هیچ کێشەیەکیان نەبووە، هاوسێیەکی ماڵی مەروان کە دەڵێ چەندین ساڵە لە نزیکەوە دەیانناسێ، گوتی "ئەو شەوە نزیکەی کاژێر 10.30 خولەک هاوسێیەکمان پێیگوتم لە ماڵی مەروان گوێم لە تەقە بوو، کاتێک چووین بینیمان مەروان و ژنەکەی خوێنیان لەبەر دەڕوات، مەروان گیانی دەرچووبوو، بەڵام ژنەکەی مابوو، بۆیە بە پەلە گەیاندمانە نەخۆشخانە.

ئەو هاوسێیەیان دەڵێت رووداوەکە هێندە کاریگەریی لەسەریان هەبووە، ئەو شەوە هیچ کەسێک لە گوندەکە نەخەوتووە. گوتیشی "پێشتر نەمانزانیوە ماڵی مەروان کێشەیان هەبووبێت، خۆی پێشمەرگە و کەسێکی کاسبکار بوو، منداڵەکانیشی رێکوپێک بوون".

(م)ی تۆمەتبار و براکەی لە قوتابخانە پێکەوە بوون. مامۆستایەکی قوتابخانەکەیان بۆ (رووداو)ی گێڕایەوە کە رۆژی رووداوەکە تۆمەتبارەکە دەوامی خۆی کردووە و هەستیان نەکردووە کێشەی هەبێت. لەبارەی تۆمەتبارەکەش گوتی "لەخوێندندا مامناوەند بوو، هیچ ساڵێک لە خوێندن دوانەکەوتووە، بۆیە کە گوتیان کێشەکە لەسەر خوێندن بووە، باوەڕمان نەکرد". سەبارەت بە هەڵسوکەوتی قوتابییەکەش لە قوتابخانە، ئەو مامۆستایە گوتی "خوێندکارێکی لەسەرخۆ بوو، تاوەکو ئێستا نەمانزانیوە شەڕی کردبێت و بۆ ئیدارە بانگ کرابێت".

لە ماوەی چارەکی کۆتایی ئەمساڵدا ئەوە دووەم حاڵەتی هاوشێوەیە لە کوردستان رووددات. شەوی 2015/9/8 لە گەڕەکی شێخانی قەزای سەیدسادقی سەر بە پارێزگای سلێمانیش، گەنجێکی تەمەن 17 ساڵان باوکی خۆی لە خەودا بە 11 فیشەک کوشت و دایکیشی بە 6 فیشەک بریندار کرد، بەڵام دوای 15 کاژێر پۆلیس دەستگیری کرد.



# قوتابییەک بە دەمانچەی باوکی، خۆی دەکوژێ



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- هەولێر**

قوتابییەکی پۆلی شەشی بنەڕەتی لە ژوورێکی ماڵی خۆیاندا و بە دەمانچەی باوکی، خۆی کوشت. باوکی قوربانییەکە دەڵێت "کوڕەکەمان هیچ کێشەیەکی نەبوو، نازانین بۆچی خۆی کوشت".

ژیر کارزان، 12 ساڵ، قوتابی پۆلی شەشی بنەڕەتی بوو لە قوتابخانەی چوازی بنەڕەتی، کاژێر 11.30 خولەکی شەوی 2015/12/10 لە ژوورێکی نهۆمی دووەمی ماڵی خۆیاندا لە گەڕەکی شارەوانی لە شاری هەولێر فیشەکێکی بەخۆیەوە نا و خۆی کوشت.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "دایکی ئەو قوتابیە بە پۆلیسی گوتووە کە داوای لە کوڕەکەی کردووە بخوێنێ، بەڵام کوڕەکەی بە دەمانچەی باوکی، خۆی کوشتووە".

بەڵام کارزان کاکل باوکی ژیر رەتیکردەوە کوڕەکەیان بەو هۆیەوە خۆی کوشتبێت و بە (رووداو)ی راگەیاند "خۆکوشتنەکەی ژیر پەیوەندی بەوەوە نەبووە کە دایکی داوای لێکردبێ بخوێنێ، چونکە دایکیشی مامۆستایە و ژیریش لەگەڵ دایکیدا دەچووە قوتابخانە"، کارزان وای بۆ دەچێ کوڕەکەی بەهۆی لاساییکردنەوەی فیلمەکانەوە ئەو کارەی کردبێت و گوتی "ژیر زۆر کات دوای وانەکانی سەیری فیلمی دەکرد و پێدەچێت چاوی لە خۆکوشتنی ئەکتەرەکان کردبێ".

وەک باوکی روونیکردەوە، کاتی رووداوەکە، خۆی لە ماڵەوە نەبووە، بەڵام لەو کاتەدا میوانیشیان هەبووە. خۆکوشتنی ژیر، بووەتە جێی سەرسوڕمانی باوکی. ئەو دەڵێت "لەو کاتەدا ژیر لە نهۆمی دووەمی ماڵەوە دەمانچەکەی منی دۆزیوەتەوە و خۆی کوشتووە، لە کاتێکدا دەمانچەکەشم لە شوێنی باشدا هەڵگرتبوو، بەڵام ئیدی دیارە خوای گەورە رۆژی تەواو کردبوو".

کارزان هیچ کێشەیەک شک نابات کە کوڕەکەی بۆ ئەو کارە پاڵنابێ و گوتی "نە هەستم کردووە ژیر کێشەی هەبێت و نە خۆیشمان کێشەمان هەیە، بۆیە رووداوەکە بەلای ئێمەوە جێی سەرسوڕمانە".

خۆکوشتنی ژیر بەلای بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانەکەشیەوە جێی سەرسوڕمانە. سالم رەشید، بەڕێوەبەری قوتابخانەی چواز لەو باوەڕەدایە ژیر بە هەڵە فیشەکی بەخۆیەوە نابێت و دەڵێت "ژیر کوڕێکی زۆر فەقیر بوو، بڕوام وایە بە هەڵە فیشەکی بەخۆیەوە نابێت، چونکە جورئەتی نەبووە کاری لەو شێوەیە بکات، ئەوەندەی هەستیشم کردووە منداڵانی خوار هەژدە ساڵی زۆر لاسایی ئەکتەرەکان دەکەنەوە و لەو بڕوایەدام ئەویش هەر بەو شێوەیە بووبێت".

دایکی ژیر ماوەی دوو ساڵە لەهەمان قوتابخانە وانە دەڵێتەوە ژیریش لە پۆلی چواری بنەڕەتییەوە گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەکەیان. بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی دەڵێت "رۆژی پێش رووداوەکە ژیر نەهاتبووە قوتابخانە و دایکی گوتی نەخۆشە، منیش هەر لەبەر ژیر زووتر مۆڵەتم پێدا بۆ ئەوەی بڕواتەوە".

خۆکوشتنی ئەو قوتابیە بە فیشەک، لە کاتێکدایە کە سێ مانگ لەمەوبەر قوتابییەکی دیکەش لە شاری دهۆک بە فیشەک خۆی کوشت، جگە لەوەش لە چەند مانگی رابردوودا دوو تا سێ قوتابیی دیکە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بەهۆی خۆخنکاندنەوە خۆیان کوشتووە.

سامان سیوەیلی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە وەزارەتی پەروەردە، دەڵێت لە کۆی نزیکەی ملیۆنێک و 700 هەزار قوتابی، خۆکوشتنی 4-5 قوتابی ئاساییە و نابێتە دیاردە.

ئەو توێژەرە بە (رووداو)ی گوت "هەرچەندە ئەگەر قوتابییەکیش خۆی بکوژێت هەر زیانە بۆ کۆمەڵگە، بەڵام خۆکوشتنی ئەو ژمارە قوتابیە لە ئەمساڵدا مەترسیدار نییە لە بەرامبەر ئەو گوشارە خێزانی و خراپ بەکارهێنانە تەکنەلۆژیایەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە".

خۆکوشتنی ئەو قوتابیانە لە کاتێکدایە کە چەند ساڵێکە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە، توێژەری دەروونی وکۆمەڵایەتی لە خوێندنگەکاندا بۆ چارەسەری گرفتەکانی قوتابیان دانراون، بەڵام سیوەیلی پێیوایە ئەو کێشانەی ئێستا هەن زیاترن لە ژمارەی توێژەران، چونکە تائێستاش زۆربەی قوتابخانەکان توێژەریان نییە و تەنانەت لە هەندێک قوتابخانەی دوو دەوامیدا یەک توێژەر هەیە.

ناوبراو هەروەها باسی گرفتەکانی توێژەرانیشی کرد و گوتی "توێژەران بەشە وانەیان نییە و بەو هۆیەشەوە بەرکەوتنیان لەگەڵ قوتابیاندا کەمە و تەنانەت پرۆگرامیشیان نییە تا لەسەری بڕۆن، ئەگینا ئەوان کاری خۆیان کردووە و زۆرجار پسپۆڕانی دیکەشیان هێناوەتە قوتابخانە بۆ ئەوەی سیمینار ساز بکەن".



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## مێردێکی کەللەڕەق

"لە رەنگدا زەرد، بە جەستە لاواز، بە تەمەن بچووک" ئەوانە هەموویان لە ئافرەتێکدا هەبوون کە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی کردبوو، بۆ ئەوەی رێگەیەکی بۆ بدۆزینەوە، چۆن لە مێردەکەی جیاببێتەوە، بەبێ ئەوەی لە منداڵەکانی دووربکەوێتەوە.

کاتێک باسی ژیانی خۆی کرد، ئەو ژنە یەکسەر کەوتە لۆمەکردنی مێردەکەی "من دوو شەفت کار دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم کرێی خانوو و کرێی دایەنگە و باخچەی ساوایانی منداڵەکانم بدەم و خەرجی رۆژانەشم بکەم، زێدەباری ئەوەش هێشتا مێردەکەم لێم نارازییە و زوو زوو ناچارم دەکات بتۆرێم و بچمەوە ماڵی باوکم، ئێستا ئەوانیش لێم بێزار بوون هێندەی بچمەوە".

ئەو ژنە پێنج ساڵ بوو شووی کردبوو، دوو منداڵی هەبوو، ئەو دەڵێت هێندەی خەمی ئایندەی منداڵەکانیەتی، هێندە لە خەمی خۆیدا نییە، چونکە پێیوایە ئەگەر ژیانی لەگەڵ مێردەکەی بەو جۆرە بباتە سەر، منداڵەکانی دەبنە قوربانی. ئەو قسەی کوڕە گەورەکەی بە نموونە هێنایەوە و گوتی "بەو تەمەنە بچووکە پێمدەڵێت دایە دڵم توندە".

مێردی ئەو ژنە پێشتر ژنێکی دیکەی هێناوە و دواتر تەڵاقی داوە، ژنەکەی پێیوایە ئەگەر مێردەکەی پێشتر ژنی دیکەی نەهێنابوایە، دەمێک بوو ئەوی تەڵاقدابوو، بەڵام ئێستا دەترسێت ئەگەر ئەویش تەڵاق بدات، ئیدی خەڵک بە ورپاییەوە کچی خۆیانی بدەنێ و ئەو پرسیارەیان لەلا دروست بێ کە بۆچی ئەو پیاوە دوو ژنی تەڵاق داوە.

ژنەکە زیاتر لۆمەی مێردەکەی کرد و گوتی "زۆرجار بە سەرخۆشی دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئاگادارم نامە بۆ ئافرەتان دەنێرێت، شتی خراپم لێ بینیوە، بەڵام هەر چاوپۆشیم لێکرد، بەڵکو رۆژێک بە خۆیدا بچێتەوە، کەچی بێسوود بوو، رۆژ بەرۆژ هەڵسوکەوتی خراپتر دەبێ لەگەڵم، بۆیە جگە لە جیابوونەوە هیچ چارەیەکی دیکە شک نابەم، بەڵام کێشەم ئەوەیە مێردەکەم دەڵێت کێشە نییە جیا دەبیتەوە، بەڵام نابێت منداڵەکان ببەی، منیش ناتوانم چرکەیەک بەبێ منداڵەکانم بژیم".

بۆ راستی و دروستیی قسەی ژنەکە، بەپێویست زانرا قسە لەگەڵ مێردەکەی بکرێ، کاتێک پرسیاری لێکرا بۆچی بەو شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنەکەت دەکەی؟ ئەو گوتی "من کار دەکەم، ژنەکەشم سەربەست کردووە کە بۆ خۆی کار بکات و خەرجی خۆی و منداڵەکانی بکێشێ". کاتێک لێمان پرسی" ژنەکەت دەیەوێ جیا ببێتەوە، تۆ چی دەڵێی". ئەو گوتی "با دەستبەرداری منداڵەکان ببێ، هەر ئێستا تەڵاقی دەدەم".

بەڵام هەست دەکرا ئەو قسەیە تەنیا گوشارە بۆ سەر ژنەکە، بۆیە بۆ هەردوولا روونکرایەوە کە بەپێی ماددەی 58 لە یاسای باری کەسی، خەرجیی ژن لەسەر مێردەکەیەتی. سەبارەت بە جیابوونەوەش پێیانگوترا بەپێی ماددە 41ی یاسای باری کەسی، ژن و پیاو بۆیان هەیە لە یەکدی جیاببنەوە، ئەگەر ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبوو.

یاسا چارەسەری بۆ کێشەی منداڵەکانیش دۆزیوەتەوە. بەپێی برگەی یەک لە ماددەی 57ی یاسای باری کەسی، لە کاتی جیابوونەوەی ژن و مێرد، ژنەکە زیاتر لە پێشترە بۆ ئەوەی منداڵەکان لە باوەش بگرێ، بەڵام بەو مەرجەی بتوانێت منداڵەکان بەخێوبکات و لە رووی عەقڵیشەوە کێشەی نەبێت، تەنانەت ژنەکە ئەگەر مێردیش بکاتەوە ئەو مافەی هەر دەمێنێ.

دوای روونکردنەوەی لایەنی یاسایی کێشەکەیان، پیاوەکە هەر نەیسەلماند کە دوای جیابوونەوەیان، منداڵەکان لەلای ژنەکەی بن و گوتی باپچێ لە دادگا شکات بکات، دادگا هەر بڕیارێکی دەرکرد، من جێبەجێی دەکەم.

ژنەکە نووسراوی بۆ کرا، پارێزەرێکی خۆبەخشیشی بۆ دابین کرا، خۆی و منداڵەکانیشی رەوانەی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەرەشەلێکراو کرا، تا ئەو رۆژەی کێشەکەی لە دادگا یەکلایی دەبێتەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

یەکێکیان پزیشکە

# لەسەر کۆنە قینێک دوو کەس دەکوژرێن

تەیار عادل گۆران
رووداو- بەردەڕەش

کۆنە قینێک لە نێوان دوو بنەماڵەدا نوێ دەبێتەوە و شەڕە تەقەی تێدەکەوێت، بەو هۆیەشەوە دوو کەس دەکوژرێن کە یەکێکیان پزیشکێکی نەخۆشخانەی ئاکرێ بوو، چوار کەسی دیکەش کە دوویان ئافرەتن بریندار دەبن.

شەوی 2015/12/17 دوو بنەماڵەی سنووری قەزای بەردەڕەش و ئاکرێ کە خزمی یەکدین و پێشتر کێشەیەک لە نێوانیاندا هەبووە، لە نزیک گوندی حەسەنی سەر بە قەزای ئاکرێ دەگەنە یەکدی و تەقە لە یەکتر دەکەن، بەو هۆیەشەوە پزیشکێک بەنێوی سەگڤان کە پزیشکی نەخۆشخانەی ئاکرێ بووە، دەکوژرێ. لە لایەنی بەرامبەریش کەسێک بەنێوی رائید نازم دەکوژرێ کە 18 ساڵە لە دەرەوەی وڵاتە و بە سەردان گەڕابووەوە کوردستان.

سەروەر سەعید دێوالی، بەڕێوەبەری ناحیەی رۆڤیای سەر بە قەزای بەردەڕەش بە (رووداو)ی راگەیاند، یەکێک لە بنەماڵە بەشەڕهاتووەکان خەڵکی گوندی ئۆمەرسێنانی سەر بەناحیەی رۆڤیان لە سنووری قەزای بەردەڕەش، کاتێک لە ماڵەوە دەردەچن، لەسەر پردی گوندی حەسەنی تووشی بنەماڵەکەی دیکە دەبن و شەڕ لە نێوانیاندا روودەدات. بەوهۆیەوە پزیشکێک لە بنەماڵەیەکیان و کەسێکی دیکەش لە بنەماڵەکەی گوندی ئۆمەرسێنان دەکوژرێن. هەروەها چوار کەسیش بە سەختی بریندار دەبن.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی رۆڤیا بە (رووداو)ی گوت، پۆلیس هیچ کەسی دەستگیر نەکردووە، تەنیا دۆسیەی بۆ رووداوەکە کردووەتەوە، پۆلیس چاوەڕێی باشبوونی رەوشی بریندارەکان دەکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکات و هۆکاری رووداوەکەی بۆ روون ببێتەوە.

ئەو دوو بنەماڵەیە خزمی یەکدین و سەر بە عەشیرەتی زێبارین. سەرچاوەیەکی نزیک لەو دوو بنەماڵەیە باسی کۆنە قینەکەی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیەی کرد و گوتی "چەند ساڵێک لەمەوبەر چەند قوتابییەکی ئەو دوو بنەماڵەیە لە زانکۆ بەشەڕ هاتوون. ئەوکات کێشەکەیان چارەسەر کرا، بەڵام لەو ماوەیەدا کەسێک لە بنەماڵەی سەگڤان، تەشقەڵەی بە کەسێکی بنەماڵەی رائید کردووە و دووبارە کێشەی نێوانیان سەریهەڵداوەتەوە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "رائید نازم دێتە نێو کێشەکە و هەندێک قسە بە کەسەکەی بنەماڵەی سەگڤان دەڵێت و کێشەی نێوانیان گەورەتر دەبێت".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، شەوی 2015/12/17 رائید نازم لەگەڵ برایەک و ئامۆزا و خوشکەکانی بە رێگەی سەرەکی نێوان روڤیا و دهۆکدا تێدەپەڕن و لە نزیک گوندی حەسەنی بە بنەماڵەی دکتۆر سەگڤان دەگەن و دەبێتە شەڕیان، لە شەڕەکەدا دکتۆر سەگڤان و رائید نازم دەکوژرێن، دوو خوشک و ئامۆزایەکی رائید و کەسێک لە بنەماڵەی سەگڤان بریندار دەبن.


ئەو سەرچاوەیە بە دووری زانی ئەو دوو بنەماڵەیە سکاڵا لەسەر یەکدی تۆمار بکەن، چونکە لە هەردوولا کوژراو و بریندار هەیە. لەو کێشە عەشایریانەش کەمتر پەنا بۆ یاسا دەبردرێت، بەڵکو هەر لایەک خۆی بە غەدرلێکراو بزانێ، هەوڵ دەدات تۆڵەی خۆی بکاتەوە.



دکتۆر سەگڤان یەکێک لە قوربانیانی شەڕی دوو بنەماڵەکە

# شارەوانیی سلێمانی کامێرای چاودێری بۆ سەرپێچیکاران دادەنێ

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستاندا، شارەوانیی سلێمانی لە رێی کامێرای نهێنیی بچووکەوە، چاودێریی ئەو هاووڵاتی و ئۆتۆمبێلانە دەکات کە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان زبڵ و خاشاک دەڕێژن.

بەشی خزمەتگوزاری لە شارەوانیی سلێمانی، لەڕێگەی پێنج ئۆتۆمبێلەوە چاودێری ئەوانە دەکات کە لەسەر شەقام و کۆڵانەکاندا خۆڵ و خاشاک دەڕێژن و پسوولەی سەرپێچییان بۆ دەکات، بەڵام لەمەودوا ئەو کارە لەڕێگەی کامێرای نهێنییەوە دەکات.

## پێنج کامێرایان پێشکەش کرا

لەدوو هەفتەی رابردوودا لەلایەن هاووڵاتییەکی شاری سلێمانییەوە کە لە بەریتانیا نیشتەجێیە، پێنج کامێرای بچووک پێشکەشی بەشی خزمەتگوزاری شارەوانیی سلێمانی کرا کە لەنێو ئوتومبێلدا دادەنرێت و سەرجەم ئەو سەرپێچییانەی دەکرێن تۆماریان دەکات.

رزگار ئەحمەد، بەرپرسی بەشی خزمەتگوزاری لە شارەوانیی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت، زۆر سوود لەو کامێرایانە وەردەگرن بۆ تۆمارکردنی ئەو سەرپێچییانەی لەلایەن هاووڵاتیانەوە دەکرێن، لەوانەش فڕێدانی پاشماوە و خاشاک لەنێو ئۆتۆمبێلەوە، بەرەڵڵاکردنی ئاژەڵ لە شوێنی گشتی و پارکەکان، هەڵواسینی تابلۆ و نووسراوی بێ مۆڵەت کە ئاستەنگ بۆ هاتوچۆی هاووڵاتیان دروست بکەن.

گوتیشی "بەهۆی ئەو کامێرایانەوە کارەکانمان بە سیستەم دەکرێن و ئاماریشمان دەست دەکەوێت. جگە لەوەش کێشەی کۆمەڵایەتی و کارگێڕیشمان کەمتر دەبنەوە، چونکە پێشتر چەندینجار هێرشکراوەتە سەر تیمەکانمان".

## چۆنیەتی ئیشکردنی کامێراکە

کامێراکە بچووکە و شۆفێرەکانی بەشی خزمەتگوزاری لەنێو ئۆتۆمبیلەکانیان جێگیری دەکەن، ئەو کامێرایانە لە دوورەوە سەرپێچییەکان تۆمار دەکات. هەر کاتێکیش شۆفێرەکە بیەوێت دەتوانێت ئاراستەی کامێراکە بگۆڕێت.

شوانە رەسوڵ، شۆفێرێکی بەشی خزمەتگوزارییە لە گەڕەکی بەختیاری و یەکێک لەو کامێرایانەی بە ئۆتۆمبێلەکەیەوە بەستووە، دڵخۆش بوو بە هێنانی ئەو ئامێرە و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پێشتر لەڕێگەی تۆمارکردنی ژمارەی ئۆتۆمبێلەوە سەرپێچییەکانیان تۆمار کردووە و مۆڵەت و سەنەوییان لە شۆفێرەکان سەندووە، بەڵام لە دوای کارکردن بەو کامێرایانە کارەکانیان باشتر بوون.

ئەو شۆفێرە گوتی "پێشتر زۆرجار تووشی کێشە دەبووین، چونکە زۆر لە سەرپێچیکاران حاشایان لێدەکرد، بەڵام ئێستا هیچ شۆفێر و هاووڵاتییەک ناتوانێت بڵێت سەرپێچیم نەکردووە و حاشای لێبکات، بەڵکو کامێراکە تۆماری دەکات، هەر کاتێکیش بمانەوێت دەتوانین تۆمارەکان بسڕینەوە بۆ ئەوەی سەرپێچی نوێ تۆمار بکەین".

## بەرپرسێکیان سێ جار رفێندراوە

رەنگە زۆر کەس ئاگاداری کاری هۆبەکانی بەشی خزمەتگوزاری نەبووبێت کە لە کاتی تۆمارکردن و لێپرسینەوەی سەرپێچیکاراندا رووبەڕووی کێشە و تەنانەت رفاندنیش بوونەتەوە.

نەوزاد قادر، بەرپرسی هۆبەی یەکی بەشی خزمەتگوزاری لە ناوچەی قرگە کە ئێستا یەکێک لە کامێراکان لای ئەوانە، بە (رووداو)ی گوت کەشوهەوا خۆش بێت تۆمارکردنی ئەو کامێرایانە زۆر باشن، تەنیا لەماوەی رۆژێک کارکردندا سەرپێچی شەش گەڵابەمان تۆمار کرد کە بەشێوەی نایاسایی خاشاکیان دەڕشت".

بە گوتەی ناوبراو، پێشتر خۆی سێ جار بەهۆی تۆمارکردنی سەرپێچییەکانەوە رفێنراوە "دووجار لەلایەن گەڵابە و جارێکیش لەلایەن نیسانێکی دەبڵەوە رفێنراوم، ئەو کاتانە لەگەڵ بەرپرسی بەشی خزمەتگوزاری بووین و کاتێک ئەو ئۆتۆمبێلانەمان دەگرت کە سەرپێچییان دەکرد، لەگەڵیاندا رۆیشتم بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلەکانیان ببەین بۆ بەشی دەستبەسەرداگرتن، بەڵام لەڕێگەدا رفاندیانم، باش بوو کاک رزگار هەوڵی دا بۆ ئازادکردنم".

## داوای پشتگیری دەکەن

تایەر ساڵح، بەرپرسی هۆبەی دووی بەشی خزمەتگوزاری لە گەڕەکی چوارچرا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەو کاتەوەی ئەو کامێرایانەی خستووەتە کار، هەست دەکەن ئێستا هاووڵاتیان لە سەرپێچیکردن سڵ دەکەنەوە و گوتی "هەرچەندە ماوەیەکی کەمە بۆ کارکردنی ئەو کامێرایانە، بەڵام ئەگەر میدیاکان لەڕێگەی هۆشیارکردنەوە هاووڵاتیان ئاگادار بکەنەوە کە ئەم جۆرە کامێرایانە بەنهێنی سەرپێچییەکان تۆمار دەکەن، هاووڵاتییانیش کەمتر پەنا بۆ ئەو کارانە دەبەن".

بەشی خزمەتگوزاری بەپێی یاسای ژمارە 67ی ساڵی 1986 و یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2008ی پەرلەمانی کوردستان بڕی غەرامەی ئەو سەرپێچییانەی لە 100 تا 600 هەزارەوە دیاریکردووە و دوای ئەو سەرپێچییانەش، نووسراو بۆ هاتوچۆی سلێمانی دەکرێت.

بورهان شەوکەوت، بەرپرسی هۆبەی سێی بەشی خزمەتگوزاری بە (رووداو)ی گوت، دوای تۆمارکردنی ئەو سەرپێچییانە، ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە رەوانەی هاتوچۆ دەکرێت و هەر کاتێک ئەو شۆفێرە سەردانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بکات لەو سەرپێچییە ئاگادار دەکرێتەوە. گوتیشی "ئەمساڵ تا ئێستا بڕی 50- 60 ملیۆن دینار غەرامەی سەرپێچیکاران کراوە".

# لە سلێمانی 160 خێزان چاوەڕێی منداڵی دۆزراوە دەکەن

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

لە کاتی وەرگرتنی ئامار لە سەرۆکایەتی دادگای نەوجەوانان، لەبارەی ئەو منداڵانەی فڕێدراون، دوو پیاو بۆ وەرگرتنی منداڵێکی دۆزراوە خۆیان بە ژوورەکەدا کرد، کارمەندێکی دادگاکە پێیگوتن "بەسەرچاو داواکارییەکەتان بۆ دەخەنە نێو لیستەکە، هەر کاتێک نۆرەتان هات، ئاگادارتان دەکەینەوە".

بەپێی ئاماری دادگای نەوجەوانانی سلێمانی و گەرمیان، 160 خێزان ناویان بۆ بەخێوکردنی ئەو منداڵانە تۆمار کردووە کە دۆزراونەتەوە و کەسیان نییە، لە ماوەی 12 ساڵی رابردووەشەوە تائێستا لەلایەن دادگای نەوجەوانانی سلێمانییەوە 109 منداڵ دراون بەو خێزانانە.

## منداڵ لەنێو تەنەکەی خۆڵدا فڕێدراوە

هێرۆ مەحموود، لێپرسراوی خانەی منداڵ لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند لە مانگی ئابی ئەمساڵدا چەند منداڵێکی ئاوارە لەنێو تەنەکەی خۆڵدا کچێکی ساوایان دۆزیوەتەوە و لەڕێگەی پۆلیسیشەوە رەوانەی خانەکەیان کراوە، دواتر کچەکە دراوەتە خێزانێک.

بە گوتی هێرۆ جگە لەو منداڵە ساوایە، پێشتریش کوڕێکی دیکەیان بۆ هاتووە، بەڵام خاوەن پێداویستی تایبەتە و ئێسکی سەری وەک مرۆڤی ئاسایی نییە و پزیشکەکان نەشتەرگەری بۆ دەکەن.

هێرۆ گوتی "ئەو منداڵە دایک و باوکی هەبووە، بەڵام پێدەچێت لە دەرەوەی نەخۆشخانە لەدایک بووبێت، دواتر کە دایک و باوکی زانیویانە کەمئەندامە، باوکەکە بردوویەتی بۆ نەخۆشخانە، بەڵام دواتر لە نەخۆشخانە هێناویەتییە دەرەوە و فڕێیداوە. خێزانێکی دیکە هەڵیانگرتووەتەوە و بردوویانەتەوە هەمان نەخۆشخانە، دواتریش منداڵەکە رەوانەی لای ئێمە کرا".

بە گوتەی ئەو بەڕێوەبەرە، ئەو منداڵانەی دایکیان هەیە و باوکیان نادیارە لەلایەن دادگاوە نادرێن بە هیچ خێزانێک لەبەرئەوەی رەنگە لە دوارۆژدا دایکەکە داوای بکاتەوە، بەڵکو تەنیا ئەو منداڵانە دەبەخشرێن کە دایک و باوکیان نادیارە، مەرجەکانی خانەی منداڵیش بۆ ئەو خێزانانە ئەوەیە منداڵی دیکەیان نەبێت و بتوانن منداڵەکە بەخێو بکەن.

## 160 خێزان چاوەڕێن

هەر منداڵێک بدۆزرێتەوە پۆلیسی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، پۆلیس منداڵەکە دەباتە خانەی چاودێری و پاشان دادگا لە دۆزینەوەی منداڵەکە ئاگادار دەکرێتەوە.

بەپێی ئامارێکی سەرۆکایەتی دادگای نەوجەوانانی سلێمانی کە دراوەتە (رووداو)، لە ماوەی 12 ساڵی رابردووەوە نزیکەی 264 خێزان ناویان بۆ بەخێوکردنی منداڵی دۆزراوە تۆمار کردبوو.

هەر لەو ساڵەشەوە تائێستا 109 منداڵ دراونەتە ئەو خێزانانە، ئێستاش 155 خێزانی دیکە چاوەڕێی وەرگرتنی منداڵن.

پەروین ئەبوبەکر، توێژەری کۆمەڵایەتی لە سەرۆکایەتی دادگای نەوجەوانان روونیکردەوە، رەنگە بەشێک لەو خێزانانەی پێشتر ناویان تۆمارکردووە دواتر منداڵیان بووبێت، بۆیە نایەن بۆ وەرگرتنی منداڵ.

بە گوتەی ناوبراو، ئەو منداڵە دۆزراوانە کە دەبرێنە چاودێری کۆمەڵایەتی لەوێوە نووسراویان بۆ دەکرێت و ئەوانیش دوای ماوەیەک لە بەدواداچوونی یاسایی، دەیدەنە خێزانێک و گوتی "ناوبەناو خێزانێک دێت ناوی تۆمار دەکات. مەرجەکانیش بۆ پێدانی ئەو منداڵانە بەو خێزانانە ئەوەیە، لەڕووی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و داراییەوە بەرپرسیارێتی بەخێوکردنی منداڵەکە لە ئەستۆ بگرن و نیەتیان پاک بێت".

هەر خێزانێک منداڵێکی دۆزراوە بەخێوبکات، بۆ ماوەی ساڵێک لەژێر چاودێری دادگا دەبێت و توێژەر سەردانیان دەکات، ئەگەر بزانن کەموکوڕی لە بەخێوکردنی منداڵەکە هەیە ئەوە لێی وەردەگرنەوە. بەڵام ئەگەر بە باشی بەخێوی بکات، ئەوا خێزانەکە دەتوانێت لەسەر ناوی خۆی ناسنامەی بۆ دەربهێنێ.

هەروەها سەردار حەبیب توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگای نەوجەوانانی گەرمیان گوتی "لە ماوەی 4 ساڵی کردنەوەی نووسینگەکەمان 3 منداڵی دۆزراوەمان داوەتە ئەو خێزانانەی منداڵیان نەبووە، ئێستاش 5 خێزانی دیکە ناویان تۆمار کردووە".

## منداڵی ناشەرعی نەماوە

د.ژیان ئەحمەد، سەرۆکی بەشی ژنان و منداڵبوون لە نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی بۆ (رووداو)ی باسکرد کە چەند ساڵێکە هیچ حاڵەتێک روویننەداوە دایک و باوکی شەرعی، منداڵەکانیان بدەنە خێزانی دیکە.

سەبارەت بە منداڵانی ناشەرعیش، د.ژیان گوتی "چەند ساڵێکە حاڵەتی لەو شێوەیە روویننەداوە، بەڵام ئەگەر هەبووبێت، منداڵەکە براوەتە بەشی خودەج و تاوەکو سێ رۆژ کەس لێی نەپرسیبێتەوە، پۆلیس ئاگادار کراوەتەوە و دۆسیەکەی گەیەندراوەتە دادگا. یان هەر لای خۆمان ماوەتەوە تا دادگا بڕیاری لەسەر چارەنووسی داوە".

# ململانێی تورکیا و رووسیا بەرەو کوێ؟

مستەفا گوربوز و فلادیمیر فێدیرینکۆ

بەگژیەکداچوونەوەی رووسیا و تورکیا رووداوێکی کتوپڕ نییە. ئەم گرژییانە زیان بە هەوڵی هاوپەیمانان دەگەیەنن کە لەدژی داعش یەکیانگرتووە و هاوکات رێگەچارەیەکی دیپلۆماسیش لە سووریا دوادەخات. راستییەکەی، ئەنقەرە بە خستنەخوارەوەی جێتە سەربازییە رووسییەکە، نیشانی دا چەندە سوورە لەسەر پاراستنی هێڵی عەزاز و جەرابلوس کە لەودیو سنوورەکانی باشووری تورکیاوە هەڵکەوتووە. لە بەرامبەردا رووسیا هەموو هێزی خۆی لە باکووری سووریا دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی تورکیا سزا بدات و زیاتر باس لە پێوەندیی لێڵی نێوان داعش و ئەنقەرە بکات، هەمیش پشتیوانی بەرەوپێشچوونی هێزەکانی یەپەگە دەکات بۆ ناو عەزاز و جەرابلوس. دیارە پێوەندیی ئابووریی رووسیا و تورکیا بەرژەوەندیی هەردوولای تێدایە، بۆیە جارێ زۆر دیار نییە ئەم کێشەیەی ئێستایان چۆن کاریگەریی لەسەر سیاسەتی ناوچەیی وزە دادەنێت.

تا ئێستا، دەمڕاستەکانی تورکیا و رووسیا تەنیا بەشێک لە هەقیقەتی رووداوەکەیان بۆ باس کردووین. رووسیا سەرقاڵی ختووکەدانی ئەنقەرەیە و لەو ناوەدا سڵ لە هەڵمەتی سەربازیی نزیک لە سنوورەکانی تورکیا ناکاتەوە. بێگومان تورکیاش پێناچێ جارێ واز لە پاڵپشتیی هێزەکانی سوپای سووریای ئازاد بهێنێ. پێکدادانی فڕۆکە لە رابردووشدا ناوە ناوە روویانداوە و بە تایبەت لەم بوارەدا رووسیا مێژوویەکی هەیە. دیارە، بۆردومانی هێزە تورکمانەکان (لە سووریا) بایەخی تایبەتی لە میدیای تورکیادا وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە باوەڕ بە رای گشتیی تورک بهێنێت کە پەرچەکرداری هەبێت. هەر بۆیە دەبێ وەڵامی تورکیا بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی گەورەترەوە.

پووتین رێک دوای کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی هاتە سەر تەلەڤزیۆن و گوتی "لە پشتەوە خەنجەریان لێوەشاندین"، وەک بڵێی رووسیا و تورکیا تا پێش ئەم رووداوە لە بەرەیەکدا دژی داعش بووبن. پووتین بە شێوازی تایبەتی خۆی دەیەوێت لەڕێگەی داعشەوە رەوایەتی بە ئامادەیی سەربازیی وڵاتەکەی لە سووریادا ببەخشێ، بەڵام راستییەکەی داعش تەنیا بیانوویەکی رووت و رەجاڵە.

هاتنی رووسیا بۆ ناو شەڕی سووریا راستەوخۆ هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرە دەکات. تورکیا دەمێکە داوای هێڵی دژەفڕین لە باکووری سووریا دەکات بۆ ئەوەی هەم کۆمەکی باشتر بگەیەنێتە سوپای ئازاد و هەمیش بەر بە فراوانبوونی یەپەگە بگرێت. رووسیا رژێمی ئەسەدی لە کاتێکی ناسکدا قورتار کرد و پەلاماری سوپای ئازادی دا و بەوەش کەوتە بەرامبەر تورکیاوە.

رووسیا دوای ئەوەی سوپای ئازادی سەرکوت کرد، ئەوجا کەوتە داڵدەدانی کورد لە سووریا و دەستی هاوکاریی بۆ یەپەگە درێژ کرد کە بۆ تورکیا ئەمیش هەروەک پەکەکە بە تیرۆریست سەیر دەکرێت، چونکە پێوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەیە.

کاردانەوەی ملهوڕانەی تورکیا بەرهەمی گرژیی لەمێژینەی ناوچەکەیە. تورکیا پێداگیری دەکات کە دەبێ هێڵێکی دژەفڕین لە باکووری وڵات دابمەزرێ. ئەم هێڵە هەم ئاوارەکان دەحەوێنێتەوە و هەمیش گرفت بۆ کورد لە سووریا دەنێتەوە و هەروەها بوار بۆ ئەنقەرە دەڕەخسێنێ تاوەکو مەشق بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بکات. ئەگەرچی تورکیا زۆر گەشبین نییە بەوەی ئەم هێڵە دابمەزرێ، بەڵام تا ئێستا نیشانی داوە کە سوورە لەسەر دابینکردنی هێڵی عەزاز و جەرابلوس و ئەوەی پێشانی هەموو لایەک داوە، بەتایبەت هێزەکانی یەپەگە.

بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ئەمساڵ رووی ئەردۆغانی، کە ماوەیەک پێش ئێستا خانەخوێی وڵاتانی G20 بوو، سوور راگرت. حکومەتی تورکیا بە هەڵە وا تێگەیشتووە کە ناتۆ رێز لە هێڵی عەزاز و جەرابلوس دەگرێت، وەک ئەوەی ئەم ناوچەیە حەوشەی پشتەوەی تورکیا بێت.

بەڵام ئەم رووداوانەی دوایی سروشتی پێکهاتەی مەدەنی و سەربازی لە تورکیا دەخاتە بن پرسیارەوە. سەرۆکوەزیران ئەحمەد داوودئۆغلو دەڵێت بڕیاری دەست بە شەڕکردن هی ئەو بووە (نەک هی سوپا). چەند رۆژێک بەر لە قەیرانەکە، دوو ژەنەراڵ و کۆلۆنێلێکی خانەنشین بە تۆمەتی ناپاکی و بەهۆی رێگریکردن لە ناردنی کاروانی تەقەمەنی و چەک بۆ سووریا گیرابوون. هەروەک چۆن خەلیل کاراڤێلی دەڵێت "بەختی هەڵگەڕاوەی ئەردۆغان، دەسەڵاتی روو لە نوشستی سوپای راست کردووەتەوە. ئەردۆغان دوای شکست لە هەڵبژاردنەکەی حوزەیران، هەستی بە لاوازیی خۆی کرد، هەر بۆیە رووی لە سوپا نا، چونکە دەیزانی کوردی دوای هەڵبژاردن پێناچێ رێگە بە تاکڕۆیی ئەو بدات". لەم روانگەیەوە، دەکرێت بڵێین کە ئەو قەیرانەی لەگەڵ رووسیا دروست بوو، لە ئاکامی هەوڵی سوپایە بۆ پشتگوێخستنی زیاتری رۆڵی پەراوێزخراوی یاسا لە تورکیا کە بە هۆی تاکڕۆیی بێباکانەی ئەردۆغانەوە هاتووەتە ئارا.



## دواڕۆژ چی پێیە؟

رووسیا هەر لە ئێستاوە دەستی بە بۆردومانی سنوورەکانی تورکیا کردووە و پشتی هێزەکانی یەپەگەشی گرتووە لە دژی سوپای ئازاد کە لە تورکیاوە نزیکن. یەپەگە هەوڵ دەدات عەزاز لە دەست ئۆپۆزیسیۆن دەربهێنێت و هاوکات لە جەرابلوس دژ بە داعش لە شەڕدایە. دوای ئەوەی یەپەگە بە یارمەتیی ئەمەریکا گرێ سپی گرتەوە، تورکیا رایگەیاند جەرابلوس هێڵی سوورە بۆ ئەوەی بەر بە پێشڤەچوونی کورد لەو ناوچەیە بگرێت. تا ئێستا ئەمەریکا (کە پاڵپشتیی یەپەگەی کردووە) رێزی لەو داوایەی تورکیا گرتووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێستا کە رووسیا هاتووەتە مەیدان، مەرج نییە مۆسکۆ بە هەمان دڵفراوانییەوە بڕوانێتە ئەم داوایەی ئەنقەرە. ئەم گۆڕانکارییە نەک هەر بۆ تورکیا، بەڵکوو هاوکات بۆ سەرکردایەتیی ئەمەریکایش دۆخێکی تازە دەهێنێتە ئاراوە. ئەگەر ئەمەریکا نەتوانێت باوەڕ بە یەپەگە بهێنێت کە واز لە جەرابلوس و عەزاز بهێنێت و تەنیا پەلاماری داعش بدات، لە دۆخێکی وەهادا رەنگە هاوپەیمانان (لە بەرژەوەندیی یەپەگە) ناچار بن هەندێک لە داواکانی ئەنقەرە پشتگوێ بخەن و پێوەندیی تورکیا و ئەمەریکا لەوەی کە هەیە لاوازتر بێت.

## روانگەی ئابووری و سیاسەتی وزە

تورکیا و رووسیا هاوکارییەکی فراوانیان لە کەرتی وزەدا هەیە. تورکیا ساڵانە نزیکەی 27 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی لە رووسیاوە هاوردە دەکات و دوای ئەڵمانیا گەورەترین هاوردەکاری گازی ئەو وڵاتەیە. لەڕێگەی بۆڕیی ترانز باڵکان و بلوو ستریم، تورکیا نزیکەی 70%ی گازی پێویست لە رووسیاوە هاوردە دەکات.

**ئەو بابەتە ئابوورییانەن دەبنە قوربانیی ئەم تەنگژەیە:**

**پرۆژەی هێڵی بۆڕیی تورکیا:** لە یەکی کانوونی یەکەمی 2014دا، سەرۆکی رووسیا پێشنیازی کرد بۆڕییەکی تورکی 63 ملیار مەتر سێجا دروست بکرێت و جێی بۆڕیی باشوور بگرێتەوە کە پێشتر بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی دژی رووسیا لە بولغاریاوە رێگەی بەرەو تورکیا گۆڕابوو و دواتر هەر بە جارێک وازیان لێ هێنا. ئەنقەرە زۆری پێ ناخۆش نابێت کە لە رێگەی ئەم بۆڕییەوە ببێتە ناوەندی دانوستاندنی وزە لە ناوچەکەدا. (ئەم هێڵە، ئەگەر دروست بکرێت، گازی رووسیا بە ژێر دەریای رەشدا و بە دەشتی رۆژئاوای تورکیادا بۆ یۆنان دەگوازێتەوە و لە ئاکامدا 16 ملیار مەتر سێجا گاز بۆ تورکیا و 47 ملیار مەتر سێجاش بۆ سنووری نێوان تورکیا و یۆنان دەگوازێتەوە). بەڵام ئەم گرژییە ناوچەییە و دابەزینی نرخی نەوت و بەرزبوونەوەی ئێل ئێن جی لە ئەوروپا بە نەرێنی، کاریگەری لەسەر ئەم پرۆژەیە داناوە.

**پرۆژەی ئەتۆمیی ئاکویو:** قوربانییەکی دیکەی ئەم تەنگژەیەی ئێستا پرۆژەی وێستگەی ئەتۆمیی ئاکویەوە. تێچووی دروستکردنی ئەم پرۆژە 4800 مێگاواتییە دەگاتە نزیکەی 22 ملیار دۆلار و بەشە سەرەکییەکەشی هەر لەلایەن مۆسکۆوە دەخرێتە ئەستۆ. دروستکردنی ئاکویو لە نیسانی 2015دا دەستی پێکرد و وا چاوەڕوان دەکرێت بەشێک لە چوار بەشەکەی پرۆژەکە بۆ 2020 بخرێتە کار. وێستگەی ئاکویو کە ئەگەر تەواو بکرێت دەبێتە یەکەم پرۆژەی ئەتۆمیی تورکیا، ساڵانە 35 ملیار کیلۆوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت و 14%ی کۆی گشتیی کارەبای بەرهەمهاتووی ئەم وڵاتە، کە دەگاتە 239 ملیار کیلۆوات، پێکدەهێنێ. 18 ساڵی پێدەچێت بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە مایەی خۆی تێبهێنێتەوە و رووسیا سوودی لێوەربگرێ، واتە کرێملین بۆ ئێستا بە ئاسانی دەتوانێت ئەم بڕیارە هەڵوەشێنێتەوە یان زۆر دوای بخات، ئەگەر ئەم تەنگژەیە بەردەوام بێت.

**گازی سروشتی رووسیا و تورکیا:** کەواتە دواڕۆژی پرۆژەی ئاکویو و هێڵی بۆڕیی تورکیا هەردووکیان لە مەترسیدان، بەڵام جارێ پێناچێت رووسیا هەناردەکردنی گاز بۆ ئەو وڵاتە رابگرێت. ئەو راستییە کە رووسیا بازاڕی گازی تورکیای لەدەستدایە، دەمێکە ئەنقەرەی بێزار کردووە. سەرچاوەکانی وزەی تورکیا بەشی مانگێک زیاتر ناکەن، بۆیە ئەنقەرە لە کورتخایەندا ناتوانێت جێگرەوەیەک بۆ گازی رووسیا ببینێتەوە. دیسانیش، رووسیا خۆیشی لەژێر ئابڵوقەی ئابووریی رۆژئاوادا خەریکە پشتی دەچەمێتەوە و دابەزینی نرخی نەوت و لاوازبوونی پێگەی لە پرسی گازی سروشتیدا، وای کردووە کە پارەی فرۆشی گاز بە تورکیا بۆ مۆسکۆ زۆر بایەخی هەبێت. هەر بۆیە ئەگەر رووسیا بڕیار بدات بە جارێک پێوەندیی ئابووری لەگەڵ تورکیا هەڵپەسێرێت، نەک هەر ئەنقەرە، بەڵکوو خۆیشی زیانمەند دەبێت. بیریشمان نەچێت، تەنانەت پێش ئەم بەریەککەوتنە، رووسیا و تورکیا لەسەر پرسی نرخی گازی سروشتی نەدەگەیشتنە رێککەوتن. تورکیا تەنانەت سکاڵای لای ژووری بازرگانیی و ئینستیتیوتی بڕیاری ستۆکهۆڵم تۆمار کردووە بۆ ئەوەی گازی رووسیا بە 10% داشکاندنەوە بکڕێت. کە ئەگەر ئەمە رووبدات، ساڵانە یەک ملیار دۆلار بۆ خەزێنەی دەوڵەت دەگەڕێتەوە.

**ماڵئاوایی لە کەنارە ئاوییەکانی تورکیا:** نزیکەی دوو ملیۆن کەس بە هۆی گەشتیارییەوە لە تورکیا کاریان دەستکەوتووە. دوای ئەڵمانەکان، رووس دووەم گەورەترین گرووپی گەشتیاران پێکدەهێنن کە زیاتر سەردانی تورکیا دەکەن. لە نۆ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە سێ ملیۆن رووس سەردانی تورکیایان کردووە. گەشتیارانی رووس ساڵانە نزیکەی چوار ملیار دۆلار بۆ خەزێنەی 34 ملیار دۆلاریی کەرتی گەشتیاریی تورکیا دابین دەکەن. یەکەم کاردانەوەی رووسیاش هەر لە گەشتیارییەوە دەستی پێکرد و لاڤرۆڤ رایگەیاند کە کەس ناچێتە تورکیا جا بۆ گەشتیاری بێت یان نا. هەر دوای ئەم راگەیاندنە، کۆمپانیا گەشتیارییەکانی رووسیا چیدی بلیتیان بۆ تورکیا نەفرۆشت و فڕۆکەی گەشتیاریی نێوان رووسیا و تورکیا راگیران.


**پشتکردنە رێککەوتنی ڤیزا:** رووسیا لە 27ی تشرینی دووەمدا رایگەیاند کە لە یەکی کانوونی دووەمەوە رێککەوتنی ڤیزای نێوان ئەم دوو وڵاتە رادەگیرێت. تا ئێستا دیار نییە ئەم رێککەوتنە کە رێگەی بە گەشتیارانی هەردوو وڵات دەدا بەبێ ڤیزا سەردانی وڵاتی یەکدی بکەن، هەردوولا دەگرێتەوە یان تەنیا گەشتیارانی رووسیا بۆ تورکیا. بێگومان ئەم بڕیارە ئەگەر بچێتە واری جێبەجێکردنەوە، زیانی گورچکبڕ دەگەیەنێتە ملیۆنان گەشتیار و بازرگانی نێوان ئەم دوو وڵاتە. دوای قەیرانی فڕۆکەکە، زۆر لە بازرگانە تورکەکان کە ویستوویانە بچنە رووسیا، تووشی سەرئێشە کراون.

**پێوەندیی بازرگانی:** قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان تورکیا و رووسیا لە 2014دا گەیشتە 31 ملیار دۆلار. خۆ ئەگەر کەرتی خزمەتگوزاریش بهێنینە ناو ئەم باسە، ئەو ژمارەیە خۆی لە 44 ملیار دۆلار دەدات. بۆ نموونە 4%ی کۆی گشتیی ئەو خۆراکەی رووسیا هاوردەی دەکات، لە تورکیاوەیە و سەوزە و میوەی تورکی 20%ی کۆی گشتیی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانە پێکدەهێنێ کە رووسیا تا ئێستا هاوردەی کردووە. وەک بەشێک لە گەمارۆکانی دژی تورکیا، رووسیا بە نیازە هاوردەکردنی خۆراک و سەوزەی تورکی سنووردار بکات. رووسیا ئێستا سەرقاڵی ئەوەیە کە جێگرەوە بدۆزێتەوە. وەزیری کشتوکاڵی رووسیا ئەلێکساندر چاکیۆڤ دەڵێت بە هەفتەیەک دەکرێت جێگرەوە بۆ بەرهەمەکانی تورکیا بدۆزنەوە، بەڵام تورکیا بە ئاسانی ناتوانێت بازاڕی تازە لە رۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی شڵەژاودا ببینێتەوە یان هەناردەکردنی خۆی بۆ بازاڕە ئەوروپاییەکان زیاتر بکات.

***مستەفا گوربوز، توێژەر لە زانکۆی جۆرج مەیسن و نووسەری کتێبی "بزووتنەوە بەرهەڵستکارەکانی کورد لە تورکیا: گۆڕانی کێشەی نەتەوەیی".**

**– فلادیمیر فێدیرینکۆ، توێژەر لە ئینستیتیوتی ریتینک لە واشنتن، پێکەوە ئەم شرۆڤەیەیان بۆ (رووداو) ئامادە کردووە .**

# کوردستان نێوەندێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دووەمین هۆکاری مردن نییە



سەروەر سالار
ڕووداو– سلێمانی

جەڵتەی مێشک لە هۆکارە هەرە لەپێشەکانی مردن و لەتواناکەوتنی مرۆڤە، بەڵام لە کوردستان تاوەکو ئێستا نێوەندی تایبەت بە چارەسەری ئەو حاڵەتە مەترسیدارە نییە، ئەوەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر تووشبووان و خێزانەکانیان هەیە، بەو پێیەی حاڵەتەکە پەکخەرە و لە زۆر باردا توانای پشتبەخۆبەستنی کەسەکە ناهێڵێت.

بەپێی ئامارە جیهانییەکان، جەڵتەی مێشک دووەمین هۆکاری مردنە لە جیهاندا. ساڵی 2011 لەسەر ئاستی جیهان 6.2 ملیۆن کەس بەو جەڵتەیە مردوون کە دەکاتە 11%ی کۆی حاڵەتەکانی مردن. لەساڵی 2010دا جەڵتەی مێشک لە 17 ملیۆن کەسی داوە، 33 ملیۆن کەسیش لەو ساڵەدا لەژێر چارەسەریدا بوون کە پێشتر تووشی جەڵتە بوون و نەمردوون.

لە باشووری کوردستانیش ئەو نەخۆشییە ئێجگار بڵاوە. دکتۆر زانیار نووری، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت، تەنیا مانگی ڕابردوو لە نەخۆشخانەکەی ئەوان 69 حاڵەتی نوێی جەڵتەی مێشک تۆمارکراون کە 40 یان لە ڕەگەزی نێر و 29 یان لە ڕەگەزی مێ بوون.

دکتۆر هەورامان حەمەکەریم، یەکێک لە پزیشکە بەنێوبانگەکانی مێشک و دەمار لە بەریتانیا، دەڵێت ئاماری ساڵی 2001ی تەندروستی سلێمانی، دەریخستووە کە جەڵتەی مێشک دووەم هۆکاری مردن بووە لە پارێزگای سلێمانی.

## چۆن ڕوودەدات؟

د.زانا عەبدولڕەحمان، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد (دکتۆرا) لە نەخۆشییەکانی مێشک و دەمار، باسی چۆنیەتی ڕوودانی جەڵتەی مێشک دەکات و دەڵێت "هۆکارەکەی ڕاوەستانی سووڕی خوێنە لە مێشکدا، لە ئەنجامی تەقین یان گیرانی بۆڕییەکی خوێن".

نیشانەکانی جەڵتەی مێشک بریتین لە لاوازبوون و سڕبوونی جەستە، بەتایبەتی لایەکی جەستە، خواربوونی دەم، گۆڕانێکی خێرا لە بینایدا، سەرئێشەیەکی کتوپڕ، گێژبوون، تێکچوونی باڵانس، تێکچوون لە قسەکردن و تێگەیشتندا.

د.زانا دەڵێت دوو ڕەگەزی گرنگ دیاری دەکەن کە ئاخۆ تووشبوویەکی جەڵتەی مێشک تا چ ڕاددەیەک پەکی دەکەوێت، ئەوانیش قەبارەی جەڵتەکە و کاتی تێپەڕبووە لەنێوان تووشبوون بە جەڵتە و وەرگرتنی چارەسەردا "خەڵک فۆبیایەکی زۆریان بەرامبەر جەڵتە هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر زوو دەستنیشان بکرێن و چارەسەر وەربگرن، ئەوە بەشێکی بەرچاوی ئەو توانایانەیان بۆ دەگەڕێتەوە کە بەهۆی جەڵتەوە لەدەستی دەدەن".

ئەو نەخۆشیانەی ئەگەری ڕوودانی جەڵتەی دەماغ زیاد دەکەن، بریتین لە: بەرزیی گوشاری خوێن، بەرزیی ئاستی کۆلیسترۆلی خوێن، شەکرە و قەڵەوی.

لە نموونەی ئەوهەڵسوکەوتە نادروستانەشی ڕێگا خۆش دەکەن بۆ ڕوودانی جەڵتەی مێشک: جگەرەکێشان، وەرزشنەکردن، زۆر خواردنەوەی کحول، زۆر خواردنی چەوری و خوێ، کەم خواردنی سەوزە و میوە.

## چارەسەرێکی ئاڵۆز

چارەسەری کتوپڕی جەڵتەی مێشک بریتییە لە دەرمانی توێنەرەوەی ئەو کڵۆیانەی بۆڕییەکانیان گرتووە یان چارەسەری ئەو بۆڕییانەی نێو میشک کە تەقیون. چارەسەری درێژخایەنیش بریتییە لە هاریکاریکردنی نەخۆشەکە بۆ باشبوونەوەی قسەکردن، هێزی جوڵان، نەشتەرگەریی چاککردنەوەی بۆڕییە تەسکبووەوەکانی خوێن، هاوکاریی نەخۆشەکان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ئاڵۆزکاریانەی لە ئەنجامی جەڵتەکەوە ڕوویانداوە.

ساڵی 2013 تیمێکی ڕووداو نێوەندێکی چارەسەری جەڵتەی مێشکی لە بەریتانیا بەسەر کردەوە کە پزیشکێکی کورد یەکێکە لە پزیشکە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو نێوەندە.

لە نێوەندەکەدا، جگە لە پزیشکی پسپۆڕ، پزیشکی خولاو، تیمێکی فراوانی پەرستاری هەبوون کە هەریەکەیان کارێکی بۆ کەسی تووشبوو بە جەڵتە دەکرد.

د.هەورامان حەمەکەریم، پزیشکی ڕاوێژکار لە نێوەندەکەدا، بە (ڕووداو)ی گوت "لە چارەسەری کتوپڕدا، کات گرنگترین ڕەگەزە، چونکە هەر یەک خولەک دواکەوتن لە چارەسەر دوو ملیۆن خانەی دەمارەکان لەنێودەبات".

هەروەها گوتی کە ئەگەر دەستنیشان و چارەسەری نەخۆشەکە بۆ ماوەی 8 کاژێر دواکەوت، ڕەنگە ئیدی سوودێکی ئەوتۆ لە دەرمان و چارەسەرەکانی دیکە وەرنەگرێت و ئەگەری زۆرترە تووشی جۆرەها پەککەوتنی جەستەیی ببێت.

ساڵی 2013 ئەو پزیشکە کوردە بووە مانشێتی میدیا بەنێوبانگەکانی ئەو وڵاتە، ئەویش دوای ئەوەی تەنیا لە 22 خولەکدا تووشبوویەکی جەڵتەی مێشکی لە مردن ڕزگار کرد و چارەسەری کرد.

زوو چارەسەرکردنی نەخۆشەکانی بەریتانیا هۆکاری زۆرن، دکتۆر هەورامان بەوجۆرە باسی زوو گەیشتنی نەخۆشەکە دەکات "لەگەڵ هەستکردن بە کەوتنی مێردەکەی، ژنی ئەو پیاوە تەلەفۆنی بۆ فریاگوزاریی تەندروستی کردبوو کە بەپێی یاسای ئێمە دەبێت لە 8 خولەکدا بیگەیێننە نەخۆشخانە، تاوەکو ئەو چەند خولەکە تێپەڕین، ئێمە ناوی نەخۆشەکەمان لە تیمەکە وەرگرت و لە سیستمی ئەلیکترۆنی تەندروستیی خۆماندا تەنیا بە یەک کلیک زانیاریی پێویستمان لەبارەی تەندروستیی ئەو پیاوە وەرگرت، بەر لەوەی بگاتە نەخۆشخانە".

لە کوردستان داتا تەندروستییەکان بە ئەلیکترۆنی نەکراون و هاووڵاتی تۆمارێکی تەندروستیی لەو جۆرەی نییە.

لەبارەی چارەسەرە درێژخایەنەکانیشەوە د.هەورامان دەڵێت "دەبێت پەرستارێکی تایبەتمەند وەرزش و چارەسەری فیزیایی بۆ بکات و توانا جەستەییەکانی بۆ بگێڕێتەوە. پەرستارێکی دیکەی تایبەتمەند توانای قسەکردن و گفتوگۆی بۆ بگێڕێتەوە و یەکێکی دیکەش تایبەتمەندی پیشە بێت و توانای پێ ببەخشێت ئەرکەکانی ڕۆژانەی خۆی ئەنجام بداتەوە لە دەرەوە و ناوەوەی ماڵ".

ئەو تیمەی د.هەورامان باسی دەکات، لە کوردستان نییە و ئەوەی بۆ نەخۆشەکان دەکرێت تەنیا چارەسەری کتوپڕە کە ئەویش بەهۆکاری جیاواز ڕەنگە دوابکەوێت.

## لۆمەی قەیرانی دارایی دەکرێت

سەبارەت بە چارەسەری تووشبووانی جەڵتەی مێشک لە کوردستان، د.خاڵس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بە (ڕووداو)ی گوت "لە کوردستان سەنتەری تایبەتمان نییە بۆ چارەسەری جەڵتەی مێشک، بەڵام لە هەندێک لە نەخۆشخانەکان بەشی چارەسەری نەخۆشییە دەمارییەکان و بەشی شیاندنەوە و چارەسەری سروشتی هەن".

لە سلێمانی بەردی بناغەی ناوەندێک دانرا کە چارەسەری فیزیایی و سروشتی بەشێکی گرنگیەتی، بەڵام هەر لەو قۆناغەدا ڕاوەستا و بەرەوپێش نەچوو، لەبارەی چارەنووسی ئەو ناوەندە، د.خاڵس گوتی "بە چارەسەربوونی قەیرانی دارایی دەستپێدەکاتەوە".

د.فەرەیدوون ئیبراهیم، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی، لەبارەی کردنەوەی ناوەندی تایبەت بە چارەسەری کورتخایەن و درێژخایەنی جەڵتەی مێشک دەڵێت "سەنتەرێکی لەوجۆرە بۆ ئێستا زۆر گرنگە، بەڵام ئەوە پێویستی بە پزیشکی تایبەتمەندی ئەو بوارەیە کە ئێمە نیمانە، هەروەها پێویستی بە ئامێری ئێجگار پێشکەوتوو هەیە و دەبێت بە نێوەندەکانی دیکەی دونیاوە ببەسترێتەوە و بەردەوامیی بە خزمەتەکانی بدرێت، هەموو ئەوانەش تێچوویەکی زۆریان دەوێت کە سەختە بتوانین بیکەین".



## نەوت بەرامبەر نەخۆشخانە

**د.عەبدوڵڵا فەقێ یەزدین**

ئایا هیچ ڕێگایەک هەیە بۆ ئەوەی ژێرخانی تەندروستی، پەروەردە و خوێندنی باڵا پێی بگاتە ئاستی پێداویستیی کۆمەڵگا، لەکاتێکدا گرفتی دارایی، شەڕی داعش و ئاڵۆزیی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا بەرۆکی کوردستانی گرتووە؟

ڕەنگە بەلای زۆر کەسەوە وەڵامی ئەو پرسیارە نەخێر بێت، بەڵام لەلای من وەڵامەکەی بەڵێیە، ئەگەر هەندێک ژیرانە بەدوای چارەسەرەکەیدا بگەڕێین. کارکردن لەسەر ئەو پێشنیازەی لەم وتارەدا دەیخەمەڕوو، لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە، دەمانگەیەنێتە چارەسەرێک بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی تەندروستی و پەروەردەیی کە دوو گرنگترین پێوەری سەرەکیی پێشکەوتن و گەشەسەندنی وڵاتانن. هەر بۆیەش لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان لە دوای وەزارەتە سیادییەکان، زۆرترین بودجە بۆ وەزارەتەکانی تەندروستی، پەروەردە و خوێندنی باڵا تەرخان دەکرێت. یەکێک لە گرفتە گەورەکانی ئێستای تەندروستیمان لە هەرێمی کوردستان، لاوازیی ژێرخانی دەزگاکانمانە لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان و سەنتەرەکان، بۆ نموونە، سەرباری هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەم دەزگایانە، بەڵام لەبەر زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان و کۆنی، یان بچووکیی هەندێک لە دەزگاکان، ناتوانن پێداویستی هاووڵاتیان پڕبکەنەوە.

بەپێی پلانی ستراتیژی تەندروستیی هەولێر، بە بەراورد بە پێوەرە جیهانییەکان تەنیا لەناو شاری هەولێردا بە لانیکەمەوە پێویستمان بە دروستکردنی شەش نەخۆشخانەی گشتی و نۆ بنکەی تەندروستی هەیە. (پێوەر: یەک نەخۆشخانەی گشتی بۆ 100 هەزار کەس، یەک بنکەی تەندروستی بۆ 25 هەزار کەس)، بۆ ئەوەی بتوانین بە تەواوی پێشوازی لە نەخۆش و هاووڵاتیان بکەین و بە ڕێکوپێکی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانیان پێشکەش بکەین، بەهەمانشێوە کەموکوڕیمان هەیە لە ژمارەی قوتابخانە و کۆلێژ و پەیمانگاکان، بە گوێرەی ئەو لێدوان و ئامارانەی لەلایەن شارەزا و بەرپرس و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم بوارەوە بە میدیاکان دەدرێن.

بۆیە پێشنیاز دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە هەرسێ وەزیرانی تەندروستی، خوێندنی باڵا و پەروەردە بکات پێداویستی خۆیان بۆ دەزگاکانیان بۆ 10 ساڵی داهاتوو ئامادە بکەن، بەپێی پلانێکی تۆکمە و بەگوێرەی ڕێژەی گەشەی دانیشتووان. بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی تورکیا و ئێران (ئەگەر بۆری نەوت و گازی بۆ ڕاکێشرا) لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنێک بکات، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بۆ ماوەی 10 ساڵ بڕێکی کەمی ئەو نەوت و گازەی پێیان دەفرۆشرێت، بە نرخی هاندانی ئێستا پێیان بفرۆشرێت و لە بەرامبەریدا ئەو دوو وڵاتە لە ڕێگەی کۆمپانیاکانیانەوە ژمارەیەک نەخۆشخانە، بنکەی تەندروستی، کۆلیژ و قوتابخانە لە کوردستان دروستبکەن بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانمان لەو بوارانەدا. بەڵام دەبێ بڕی مانگانەی نەوت و غازەکەی بەوان دەدرێت، بە ڕێژەیەک بێت کار لە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان نەکات کە دڵنیام بەرپرسانی ئەو دوو وڵاتە بەم پێشنیازەی حکومەتی هەرێم ڕازی دەبن، چونکە چاوەڕوان دەکرێت نرخی نەوت بەرز ببێتەوە کە بێگومان ئەوکات نرخی ئێستا لە قازانجیان دەبێت.

هەروەها دەکرێت ئەو کۆمپانیایانەی گرێبەستی گەورە لە کوردستان دەکەن (نەوت، غاز، پرۆژەی ڕێگاوبان، پرد و تونێل) پابەند بکرێن بەوەی پرۆژەیەک لەم سێ کەرتە خزمەتگوزارییە سەرەکیانەمان بۆ دروست بکەن، وەکو شیرینی گرێبەستەکانیان. بۆچی پێویستە حکومەت ئەم سێ کەرتە بەتایبەتی پێش ئەوانی دیکە بخات؟ چونکە پەرەپێدانی کەرتەکانی دیکەش بەندە بە باشتربوونی ڕەوشی ئەوانەوە، بۆ نموونە بۆ دابینکردنی دەستی کار و کەسی بەتوانا و تەمەندرێژ، پێویستمان بە کەرتێکی تەندروستیی پێشکەوتوو هەیە. بۆ گەشەکردنی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و پیشەسازی و تەکنەلۆژیا پێویستمان بە پەروەردە و خوێندنێکی پێشکەوتوو و توێژینەوەی زانستیی تۆکمە هەیە.

ڕەنگە لێرەدا پرسیارێکی دیکەمان ڕووبەڕوو ببێتەوە، ئایا ئەم کاتە گونجاوە بۆ پێشکەشکردنی پرۆژە بۆ دروستکردنی دەزگای میری؟ لە وەڵامدا دەڵێین پێویستە دووربینی و پلانمان هەبێت بۆ داهاتوومان، ئەگەر لە ئێستاوە خەم لە کەموکوڕیی بوارە هەستیارەکانمان نەخۆین و بەرنامەی بۆ دانەنێین، لەوانەیە کاتێکی زۆر بڕوات پێش ئەوەی لە دوای قەیرانی دارایی بە ئاگابێینەوە.

# 100 ساڵەکان باسی نهێنیی تەمەندرێژییان دەکەن

ڕووداو– cnn

زانست دەڵێت چەندە وەرزش بکەی، چی بخۆی و جینەکانت چۆن بن، ئەوانەن کە دەستنیشانی دەکەن چەندە دەژیت.

بەڵام ئەوانەی زۆر ژیاون، ڕەنگە لە پەنجەرەیەکی دیکەوە هۆکاری تەمەندرێژیی خۆیان بخوێننەوە. وا لێرەدا نموونەی چەند کەسێکتان پیشان دەدەین کە زیاتر لە 100 ساڵ ژیاون و ڕوانگەی خۆیان بۆ ئەو تەمەندرێژییەیان باس دەکەن:

### 1 - گێرتود ویڤەر، 116 ساڵ

ئەو خانمە ئەمریکییە لە ساڵی 1899 لەدایک بووە، مانگی نیسانی ئەمساڵ مرد. ئەو دەڵێ نهێنی تەمەندرێژییەکەی تەنیا سادەیی و هاوسۆزییە بۆ کەسانی دەوروبەری. کاتێک ساڵی 2014 گۆڤاری تایم لێیان پرسی چی بکەین تاوەکو وەکو تۆ تەمەندرێژ بین، گوتی "باش مامەڵە لەگەڵ خەڵکی بکە، دروست بەوجۆرەی کە دەخوازی ئەوان مامەڵەت لەگەڵ بکەن".

جگە لەوە، گوتبووی کە ئەو تووشی نەخۆشیی درێژخایەن نەبووە و هەرگیز جگەرەی نەکێشاوە و کحولیشی نەخواردووەتەوە، بە باشیش نووستووە.

### 2 - جێنسی گالان، 109 ساڵ

ئەم خانمە شووی نەکردبوو. مانگی یەکی ئەمساڵ و سێ مانگ بەرلەوەی کۆچی دوایی بکات، گوتبووی هۆکاری تەمەندرێژییەکەم شوونەکردنمە. ئەو بە دەیلی مەیڵی گوتبوو "پیاوان گرفتیان زۆرترە بۆ خانمان".

ئەو خانمە بەردەوام وەرزش بەشێکی پلانی ڕۆژانەی بووە و تێکەڵیی خەڵکی باشی کردووە، لە تەمەنی 13 ساڵییەوە کاری کردووە.

### 3 - ئەلێکساندەر ئیمیچ، 111 ساڵ

ساڵی 2014 و مانگێک بەر لە مردنی، ئەو پیاوە ئەمریکییە بە کەناڵی ئێن بی سی گوتبوو کە ئەو هەمیشە خۆراکی تەندروستی خواردووە و لە کحول دوور بووە. مەلە و جمناستیکی کردووە. لە خواردنیشدا ماسی و مریشکی زۆر خواردووە.

### 4 - دورانۆرد ڤیلارد، 108 ساڵ

ئەم پیاوە تەمەندرێژەش هەموو ڕۆژەکانی بە خواردنی شۆفان، میوە و کوپێک چا دەستپێکردووە و ئێوارانیشی بە سەوزە و ماسی کۆتایی پێهێناوە. هەموو بەیانییەکیش پێنج شناوی کردووە.

### 5 - ئادێلین دۆمینگز، 114 ساڵ

ئەم خانمە تاوەکو مرد هەرگیز دەرمانی نەخوارد و هیچ کاتێکیش نەچووە نەخۆشخانە. ئەو وای دەبینی کە هۆکاری تەندروستی و تەمەندرێژییەکەی ئەوە بووە هەرگیز ماکیاژی نەکردووە. بە ڕۆژنامەیەکی گوتبوو "هەرگیز نەچوومەتە ساڵۆن و شوێنی ئارایشت و نەشمکردووە، هەرگیز بێکار نەبووم".

ئەو قەت جگەرەی نەکێشاوە و کحولی نەخواردووەتەوە، بەجێگەیاندنی سرووتە ئاینییەکانی بە باشترین پزیشکی خۆی زانیوە.

### 6 - سوزان موشات، 116 ساڵ

مانگی تەمموزی ئەمساڵ تەمەنی گەیشتە 116 ساڵ و بەوەش وەکو پیرترین کەسی ئێستا هەژمار کرا لەلایەن دامەزراوەی گینس. ئەو گوتوویەتی کە هەمیشە تێرخەو بووە و کەمخەویی نەکردووە، بەیانیانیش هێلکە و گەنمەشامی و گۆشتی خواردووە، خێزانەکەشی گوتوویانە زۆر هاوسۆز بووە لەگەڵ ئەندامانی خێزان و بۆ خەڵکی دیکەش بەخشندە و دڵفراوان بووە.

### 7 - ڕوپ کۆبن، 103 ساڵ

ئەم خانمە ئەمریکییە هەمیشە وەرزشی کردووە و تەنانەت لە سەتەکانی تەمەنیش لە وەرزشکردن نەوەستاوە. ئەو گوتبووی مرۆڤ تاوەکو توانای جووڵەی بمێنێ دەبێ وەرزش بەشێک لە بەرنامەکانی ژیانی ڕۆژانەی بێت.

### 8 - جۆرج بۆگز، 103 ساڵ

لە جەنگی دووەمی جیهانیدا سەرباز بووە، دواتر هاوڕێیەتی مارتن لۆسەر کینگی کردووە. لە دادگای واشنتنیش خزمەتی کردووە، ئەم پیاوە دەڵێ هیوادارم نەمرم تاوەکو دەبمە 105 ساڵ. ئەو دەڵێت ئەگەر دەتانەوێ وەک من تەمەندرێژ بن، ئەوە زۆر بە پێ ڕێ بکەن و ئەوەندەی دەتوانن بە ئۆتۆمبیل هاتوچۆ مەکەن.

### 9 - پۆڵ مارکۆز، 101 ساڵ

ئەم پیاوە هەرچەند هەرگیز نەیهێشتووە قەڵەو ببێت و ڕێکیی باڵای خۆی پاراستووە، دەڵێت تەمەندرێژی بە بەخت و نێوچەوانە و کاری بە وەرزش و خواردنەوە نییە! کاتێک گوتوویانە بۆ وەها تەمەندرێژ و تەندروستیت، گوتوویەتی "چونکە بەختم هەیە و جینەکانم باش هەڵکەوتوون".

### 10 - میزۆ ئۆکاوا، 117 ساڵ

ئەم خانمە تەمەندرێژترین مرۆڤ بوو، لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا مرد. ئەو بە ڕۆژنامەی دەیلی میرەری بەریتانی گوتبوو کە نهێنیی تەمەندرێژیی ئەو سێ شتن: خواردنی "سووشی"، 8 کاژێر نووستن و یۆگا.



(فۆتۆ: سیروان عەزیز)

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (388) دووشەممە 2015/12/21

## سلێمانی بۆ ڕۆژی سینەما ئامادەیە

**ڕووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی لە بەرنامەیدایە بۆ ڕۆژی 28ی ئەم مانگە کە ڕۆژی جیهانیی سینەمایە، فیلمێک نمایش بکات و ڕێز لە چەند سینەماکارێکیش بگرێ.

کاوە قادر، بەڕێوەبەری سینەمای سلێمانی بە وەکالەت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەنیازی چەند پرۆژەیەکن، لەوانە نمایشکردنی فیلمێکی درێژ لە ئێوارەی 2015/12/28 کە بەرهەمی وڵاتێکی دراوسێی هەرێمی کوردستانە و 30%ی فیلمەکە کوردییە.

گوتیشی کە ئەگەر لایەنی دارایی ڕێگەیان پێبدات، هەر لەو ڕۆژەدا خەڵاتی ڕێزلێنان پێشکەشی چەند هونەرمەندێکی بواری سینەما و دراما دەکەن، ڕۆژی دواتریش تەرخان دەکرێ بۆ کورتە فیلم و چەند فیلمێک نمایش دەکرێ.

## خاکی دایک بە کوردستاندا دەگێڕێ



**ڕووداو- هەولێر**

شادە عەلی، کچە هونەرمەندی شێوەکار، پێشانگایەکی شێوەکاری بەناوی (خاکی دایک) لە شاری سلێمانی کردەوە و بەنیازە هەمان پێشانگا لە هەولێر، هەڵەبجە، کەرکووک و ڕانیەش نمایش بکات.

شادە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەمەوێت ئەو پێشانگایە لە شارەکانی دیکەش نیشانی خەڵک بدەم، لەگەڵ ئەوەشدا، کتێبی شیعریم بڵاو دەکەمەوە کە گوزارشت لە تابلۆکانم دەکات، چونکە من هەر تابلۆیەک دروست دەکەم شیعرێکیشی بۆ دەنووسم".

زۆربەی کارەکانی شادە تابلۆی ئافرەتن، بەڵام ئافرەتەکان بە ڕووتی دەردەکەون. شادە لەوبارەیەوە گوتی "من پێناسەم بە ئافرەتەکان نەداوە، جلی هیچ وڵات و نەتەوەیەکم لەبەر نەکردوون، تاوەکو بڵێم ئافرەتی ئەو شارە یان ئەو نەتەوەیەن، لەبەر ئەوە گوزارشت لە هەر ئافرەتێک دەکەن".

## ئێزدییەکان دەگەڕێنەوە تاران



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی دۆکیومێنتاریی (گەڕانەوە) کە لە دەرهێنانی کچە سینەماکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماریا ماوەتییە، هەفتەی ڕابردوو بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە تاران نمایش کرا.

تریفە کەریمی، ستافی فیلمەکە، باسی ناوەڕۆکی فیلمەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "فیلمەکە باس لە بەسەرهاتی ئەو دایکانە دەکات کە چاوەڕێی گەڕانەوەی کچەکانیانن، بەتایبەتی دایکێک کە دوو کچی لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون، بەڵام دوای چوار مانگ توانییان لە دەست داعش ڕابکەن و بگەڕێنەوە نێو خێزانەکانیان".

کەریمی گوتیشی "فیلمەکە چۆنیەتی ڕزگارکردنی ئەم کچانە دەخاتەڕوو کە داعش بە پارە دەیانفرۆشێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی خراپترین ئێش و ئازاری جەستەیی و دەروونییان دەدەن".

ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی حەقیقەت لە تاران بۆ ماوەی دوو ڕۆژ نمایش کرا، بڕیارە لە فێستیڤاڵی بی بی سی و چەند فێستیڤاڵێکی دیکەش نمایش بکرێت.

## فەرەنجی و جامانەی سوور دەکرێنە لۆگۆ



**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند هێمن خدر، جامانەی سوور و فەرەنجی دەکاتە لۆگۆ، بۆ ئەوەی پێشکەشی ئەو وەفدانە بکرێن کە سەردانی کوردستان دەکەن.

هێمن خدر لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا ئامادەکاری دەکەین بۆ پرۆژەیەکی هونەریی فۆلکلۆری کە پێکهاتووە لە تابلۆی فۆلکلۆری لە پەستەکی کوردی (فەرەنجی)ی دەستکرد و خراوەتە نێو چوارچێوەیەکی کلاسیکی ڕەنگ زێڕینی پلە یەک و لۆگۆ و ئاڵا و نەخشەی هەرێمی کوردستانی لەسەرە". گوتیشی "ئامانجمان لەم کارە ئەوەیە هەرکاتێک وەفدێک یان نوێنەرایەتییەکی بیانی سەردانی کوردستانی کرد، ئەم کارە فۆلکلۆریە دەستکردەی وەک دیاری پێبدرێت".

پرۆژەی دووەمی هێمن سیمبولی بارزانییەکانە، ئەو گوتی "بەپێویستم زانی سیمبولی بارزانییەکانیش کە جامانەی سوورە، بە دیزاینێکی تایبەت لە چوارچێوە بگرم، بۆ ئەوەی پێشکەشی ئەو بیانیانە بکرێ کە دێنە کوردستان".

## پەیکەرێک بۆ کارمەندانی کارەبا



**ڕووداو- سلێمانی**

سەرمایەدارێکی شاری سلێمانی لە دوای دروستکردنی پەیکەرێک بۆ ژینگەپارێزان، بیرۆکەی دروستکردنی پەیکەرێکی بۆ کارمەندانی کارەباش هەیە.

هەفتەی ڕابردوو پەردە لەسەر پەیکەری ژینگەپارێزێک لەبەردەم بەشی خزمەتگوزاری شارەوانیی سلێمانی لادرا کە لەلایەن عومەر جەمیلی پەیکەرساز و لەسەر ئەرکی زاهیری کەریمە ڕەش، سەرمایەداری سلێمانی دروستکرابوو.

عومەر جەمیل بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دروستکردنی ئەو پەیکەرە وەکو ڕێزلێنانێک بوو بۆ ئەو کرێکارانە و لە ماوەی چوار مانگدا پەیکەرەکە دروستکراوە و بڕی 15 هەزار دۆلاری تێچووە".

گوتیشی کە پرۆژەی داهاتووشیان دروستکردنی پەیکەرێکە بۆ کارمەندانی کارەبا. عومەر جەمیل گوتی "ئەو پەیکەرەش هەر بیرۆکەی کاک زاهیرە و بۆ ئەو کارمەندانەی کارەبایە کە لەسەر ستوونەکان کارەبا چاک دەکەنەوە و ئێستا لە گفتوگۆداین بۆ چۆنیەتی دروستکردنی".

## سۆنیا بێتووشی سوپرایزی هەیە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

سۆنیا بێتووشی، کچە دیزاینەری کورد، بۆ ساڵی نوێ چەندین جۆرە دیزاینی جلوبەرگ بۆ هەوادارانی فاشیۆن دەخاتەڕوو، دەشڵێت بۆ ساڵی نوێش سوپرایزی هەیە.

سۆنیا لەبارەی کارە نوێیەکانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی ئەمساڵ پێشوازییەکی زۆر لە کۆلێکشنەکانم کرا، بۆ ساڵی تازە کۆلێکشنێکی نوێم ئامادەیە کە لەگەڵ کۆمپانیایەک قسەمان کردووە بۆ ئەوەی لە ئێران و وڵاتانی ئەورووپا و چین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نمایش بکرێن".

سۆنیا لە شاری تاران دادەنیشێت، بەڵام ئێستا بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند کارێک لە هەرێمی کوردستانە. گوتیشی: "ماوەی چەند ڕۆژێکە لە شاری هەولێرم، هۆکاری هاتنیشم بۆ چەند کارێکە، ئێستا ناتوانم هیچ شتێک بڵێم، تەنیا ئەوەندە دەڵێم بۆ ساڵی تازە چاوەڕێی سوپرایز بن".

## قاسم ئامانە و ئامان کلیپ دەکات



**ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەند قاسم هەورامی نوێترین بەرهەمی بۆ کلیپکردن ئامادەیە و بەنیازە لە جەژنی نەورۆزدا بڵاوی بکاتەوە.

ئامانە و ئامان، نێوی بەرهەمە نوێیەکەی هەورامییە کە تێکستی شەیدا محێدینە و میلۆدییەکەشی لەلایەن نەوژین محەممەد و بڵند قەرەداغییەوە ئامادەکراوە و ئەنوەر قەرەداغیش کاری دابەشکردنی بۆ کردووە. بەنیازە لە جەژنی نەورۆزدا بە کلیپ بڵاوی بکاتەوە.

قاسم هەورامی ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵ هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەرشاد ئەمینی چەند گۆرانییەکیان تۆمار کردووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاویان دەکاتەوە.

## بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ

بەترسەوە بڕیار مەدە، چونکە لەدواییدا سەرکەوتنەکەت چەند مەزن بێت هەست بە خۆشحاڵی ناکەیت. دوودڵ مەبە ئەو گۆڕانکارییەی لە کارەکەتدا ڕوودەدات بەخێرایی لەگەڵی دەگونجێیت.

### گا

بەردەوام باسی گرفتەکانت بۆ چواردەورەکەت مەکە ڕەنگە وەک کەسێکی بێهێز سەیرت بکەن. بەهۆی زۆر دواکەوتنی کارەکانی ئەم ماوەیە هەست بە ماندووبوون دەکەیت، بەڵام بێهیوا مەبە.

### دووانە

هیچ کەس ناتوانێ بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی ژیان هەنگاو بنێت، ژیان بۆ ئەو کەسانە قورسە کە بەقورسی لێی دەڕوانن. کارەکانت کەوتوونەتە سەر ڕێگەیەکی باش، بەژیرانە ئەنجامیان بدە.

### قرژاڵ

ماوەی پێشوو لەدەستدانی فرسەتێک خەمباری کردیت، هەمان فرسەت بەشێوەیەکی دیکە دێتەوە پێشت، هەڵبژاردنی بڕیار دەکەوێتەوە دەستی خۆت. ڕەنگە بتوانی چەند هەنگاوێک بنێی.

### شێر

ئەم هەفتەیە بۆ ئەو کارانە باشە کە پێشتر کارت تێدا کردوون و بەئاکامی باش نەگەیشتوون. پەیوەندی بە شوێنێکی دوورەوە دەکەیتەوە و لەدڵتەنگی ڕزگارت دەبێت.

### فەریک

تووشی هەندێک دواکەوتن دەبن لە کارەکانتاندا و وا باشە بەئاگاییەکی زیاترەوە هەنگاو بنێن. گرنگی زیاتر بە باری تەندروستیتان بدەن. سەرقاڵی پەیوەندی دەبن بۆ دڵنیابوون لە بابەتێکی گرنگ.

### تەرازوو

ئێستا دەزانیت تواناکانت چەندن و لەگەڵ کام جۆرە کارانە سەرکەوتن بەدەست دێنی. گرفتەکان کۆتاییان دێت. باری سۆزداری ئاسوودەییت پێ دەبەخشێ و هەوڵ بدە کەللەڕەق نەبیت.

### دووپشک

چەند دیدارێکی گرنگ ئەنجام دەدەن، ئەگەر کارێک یان پرۆژەیەکی نوێتان خرایە بەردەست خێرا بڕیاری لەسەر مەدەن. لەجێگەیەکی دوورەوە یان لەلای کەسێکی ئازیزەوە هەواڵێک دەبیستن.

### کەوان

بڕیاری خێرا بەسەر خۆشەویستەکەتدا مەدە، کاتی زیاتری پێ ببەخشە ڕەنگە تەمی گومانەکانت بڕەوێتەوە. گرفتە بچووکەکانی ڕۆژانە مەکە بە خەمی گەورە، خۆت لەوانە بە گەورەتر بزانە.

### گیسک

بیر لە هەڵوەشاندنەوەی کارێک مەکەرەوە کە لە ڕابردوودا هەوڵی زۆرت تێدا داوە. ئاگاداری دڵی ئەڤیندارەکەت بە، ئەگەر نەتوانی گرنگیی پێ بدەی، بەڵام دەتوانی دڵنیایی پێ ببەخشیت.

### سەتڵ

کارەکانت بەشێوەیەکی باشتر ئەنجام بدە و دەتوانی پشت بە بەخت ببەستی. کەمتەرخەمی ڕووبەڕووی قەیرانی زیاترت دەکاتەوە، کاتی گونجاو هەڵبژێرە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت.

### نەهەنگ

هەموو جۆرە کارێک و ڕێگاکان لەبەردەستدا کراوە دەبن و دەتوانی باشترینیان هەڵبژێریت، نەگبەتی گەورە لەسەر ڕێگەی ژیانت دەڕوات و شوێنەکەی بە بەختەوەری پڕ دەبێتەوە.

# بەدوبەیکردنی خوێندنەوە






**سەنگەر زراری**

زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، تەنیا لەڕووی شکڵییەوە پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیوە و گرنگی زۆر بە ئەپارتمان و باڵەخانە و تاوەر و کاری رووکەش و دیکۆر دەدەن، نەک بە عەقڵ و بیرکردنەوە و بابەتە کولتووری و مەعریفییەکان، ئەمە تاڕادەیەک راستە. بەڵام ئیمارات کە لە زۆر شتدا پێشەنگە، چەند ساڵێکە بایەخێکی زۆر بە بابەتە کولتوورییەکان دەدات و دەیەوێ لەم رووەشەوە جێدەستی دیار بێ، ئێستا ئەم وڵاتە لە گەورەترین پڕۆژەدا، بڕیاری دا ساڵی (2016) بکاتە (ساڵی خوێندنەوە).

ئەمە یەکەم پڕۆژەی کولتووریی ئیمارات نییە، ساڵی پاریش (2015) لە ئیمارات کرایە "ساڵی داهێنان" و لەژێر ئەم ناونیشانەشدا، سەدان چالاکی و کاری داهێنەرانە لە بوارەکانی تەکنەلۆژی و ئەدەبی و کولتووری و ئابووری و تەندروستی و تەنانەت دادوەری و کارگێڕییش ئەنجام دران.

لە درێژەی ئەم پڕۆژە کولتوورییانەشدا، ئیمارات ئەمساڵی کردە (ساڵی خوێندنەوە)، شێخ محەممەد بن راشد ئال مەکتووم، جێگری سەرۆکی ئیمارات و سەرۆک وەزیران و حاکمی دوبەی، ئەمەی وەکو گەورەترین پڕۆژەی عەرەبی راگەیاند کە ناوی پڕۆژەکە "تەحەدای خوێندنەوەی عەرەبی"یە، ئەمە پڕۆژەیەکی گەورەیە و هەموو قوتابخانەکانی وڵاتانی عەرەبی دەگرێتەوە (ئەوانەی دەیانەوێ بەشداری بکەن)، ئەم پڕۆژەیە لە رێگای لێژنەیەکی باڵاوە کارەکانی رێکدەخرێ و کار و چالاکیی زۆری بۆ ئەنجام دەدرێ، هەروەها پارەیەکی زۆر هەم بۆ مەسرەفی پڕۆژەکە و هەم وەکو خەڵات دابین کراوە. ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیەی ئیمارات زۆرن، گرنگترینیان: خۆشەویستکردنی خوێندنەوە لەلای منداڵان و گەنجان، هەروەها باشکردن و گرنگیدان بە زمانی عەرەبیی قوتابیان، تاکو زمانپاراو بن و گوزارشت و داڕشتنیان بە زمانی عەرەبی جوان و بێ کەموکووڕی بێ. هەڵبەت ئەم پڕۆژەیە بەرفراوانە و ئامانجی ئەم وتارە نییە پڕۆژەکە روون بکاتەوە، ئەوەی زانیاری لەسەر پڕۆژەکە بوێت، لە ئینتەرنێت بە ئاسانی دەستی دەکەوێ. ئەوەی من مەبەستمە لەم وتارە باسی بکەم، ئەوەیە کە چەند ساڵێک پێش ئێستا بە چڕی باسی (بە-دوبەی-کردن)ی هەولێر هاتبووە بەرباس، هەڵبەت ئەم بەدوبەیکردنەی کە باسی لێوە دەکرا، لە ئاستە رووکەش و شکڵییەکەیدا بوو، چونکە لە ڕوانگەی جادە پان و خۆش و ئاپارتمان و تاوەرە بەرزەکانەوە ئەم خەونە لای بەرپرسانی کورد دروست ببوو، ئەوکات سەردەمێک بوو کە بودجەی عێراق، لەناویشیدا بودجەی کوردستان، ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبوو، دەرفەتی ئەوە هەبوو جادە قیرەکان زیاد بکرێن و ڤێلاو ئەپارتمانەکان بەرزتر بکرێنەوە، هوتێل و خواردنگەی مارکە جیهانییەکان دەهاتنە کوردستان و لقیان دەکردەوە، فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی و بنکەی بازرگانیی گەورە گەورە خەریک بوو لەم هەرێمە بنیات بنرێن، شەڕی داعش و ئابڵووقەی سەر کوردستان لەلایەن عێراقەوە، ئەم بەدوبەیکردنەی دواخست (ئەگەر تەواو وەلای نەنابێ)، ئایا ئەگەر خەونەکە سەری بگرتبا و هەولێر بکرابا دوبەی، ئێستا بیر لەوە دەکرایەوە بایەخ بەو لایەنە کولتوورییانەش بدرێ کە دوبەی بیری لێ دەکاتەوە؟! یان تەنیا رووە رووکەش و بزنسەکەی وەردەگیرا؟ پرسیارێکی دی.. باشە کە نەتوانرا لاساییەکی شکڵییانەی دوبەی بکرێتەوە، ئێستا ناکرێ سوود لەو پڕۆژە کولتوورییانەی دوبەی وەربگیرێ؟ چونکە ئەگەر پڕۆژەی بە دوبەیکردن بە ماناکەی پێشتر، بودجەیەکی زۆر و زەبەلاحی ویستبێ، ئەوا بەدوبەیکردنی پڕۆژە کولتوورییەکان، یان بۆ نموونە بە دوبەیکردنی خوێندنەوە، بودجەیەکی زۆر کەمتری دەوێ، سەیرکە من گوتم "سوود لەو پڕۆژە کولتوورییانەی دوبەی وەربگیرێ"، نەک جێبەجێ بکرێن، چونکە ئەو پڕۆژەیەی ئەوان هەیانە، زۆر بەرفراوان و گەورەیە و بودجەی زۆریان بۆ داناوە، بەڵام حکومەتی کوردستان دەتوانێ سوود لە چەند ئامانجێکی پڕۆژەی (ساڵی خوێندنەوە) وەربگرێ، بێ ئەوەی بودجەیەکی زیاتری پێویست بێت، لەو بەشە بودجەیەی لە کوردستان سەرف دەکرێ، واتا هیچ ئیزافەیەکی زیادەی بۆ سەر بودجەی هەرێمی کوردستان نییە، بۆ نموونە: من لەسەرەوە دوو ئامانجی ئەو پڕۆژەیەی ئیماراتم باس کرد کە بریتین لە خۆشەویستکردنی خوێندنەوە لەلای منداڵان و گەنجان، باشکردن و گرنگیدان بە زمانی عەرەبیی قوتابیان، تاوەکو زمانپاراو بن و گوزارشت و داڕشتنیان بە زمانی عەرەبی جوان و بێ کەموکووڕی بێ لە نووسین و خوێندنەوە و قسەکردن.

لە کوردستان بە ملیۆنان کتێبی قوتابخانە چاپ کراون و چاپ دەکرێن کە پێویستی بە پسپۆڕ و کوردیزانین نییە، تاوەکو بزانی داڕشتن و رێنووس و وشەسازی و رستەسازییەکانی ئەم کتێبانە، چەندە سەقەت و نارێک و نارەوانن و دوورن لە داڕشتنی کوردی، هەندێک لە نووسینی ناو ئەم کتێبانە، تەنانەت خودی مامۆستاکەش پێویستی بەوەیە بۆی روون بکرێتەوە، نەک قوتابیان.

لەلایەکی دیکە (نووسراوە فەرمییەکان)ی حکومەت، بەشێکی زۆریان بە کوردییەکی زۆر خراپ دەنووسرێن، رۆژانە هەزاران نووسراو، لە ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان و فەرمانگە و وەزارەت و دامودەزگاکانی دیکەی فەرمی دەنووسرێن و دێن و دەچن، کە ئەگەر کەسانێک بۆ خۆیان، یان بڕێکی کەمی بەرپرسی ئەو فەرمانگانە خۆیان گرنگی بە زمان و رێنووس بدەن، دەنا ئەوانی دی هیچیان گرنگی بە زمانی نووسین نادەن و رەنگە کاری فەرمانبەرێکی ئاساییش نەبێ ئەم کارە بکات.

لەم دوو نموونەیەی باسم کرد، حکومەت کتێبەکانی قوتابخانە هەر چاپ دەکات، نووسراوی فەرمی دامودەزگاکانیش هەر دەکرێن و رۆژانە کارەکانی حکومەتداریی بەبێ نووسراوەکان بەڕێوە ناچن، بۆیە هیچ زیادەیەک نییە ئەگەر حکومەت لە رێگای لێژنەیەکی زمانزانەوە، چەند بڕیارێک دەربکات و چەند بنەمایەکی زمانەوانی دیاری بکات کە هەم کتێبەکانی پێ چاپ بکرێ و هەم نووسراوە فەرمییەکانیشی پێ چاپ بکرێ، دەشێ ئەمەش ببێتە بنەمایەکی باش بۆ دروستکردنی نووسین و رێنووسێکی یەکگرتوو.

خاڵێکی دیکە کە لە پڕۆژەکەی ئیماراتدا گرنگە، ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی هەرەمی سەرەوەی حکومەت، خۆیان گرنگی بە پڕۆژەکە دەدەن، ئەوەی پڕۆژەکەی راگەیاندووە، جێگری سەرۆک و سەرۆک وەزیران و حاکمی ویلایەتێکی گرنگی وڵاتەکەیە (دوبەی)، لێژنەکەش لە کەسانی باڵا (چەند وەزیر و بەرپرسێکی دیکەی حکومەت) پێکهاتوون، بەلای منەوە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە دەبێ دەسەڵاتدارانی سەرەوەی هەرەمی حکومەت و دەوڵەت، خۆیان چۆن خەمی ئابووری و سیاسەتی وڵاتیان هەیە، ئاواش خەمی بوارە کولتوورییەکانیان هەبێ.

## کێ دەستدرێژیکارە؟ *

زۆر لە دایکان و باوکان دەیانەوێ بزانن ئەو کەسانە کێن کە دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵان، بۆ ئەوەی منداڵەکانیانی لێ بەدوور بگرن، بەڵام دەستنیشانکردنی ئەو کەسانە کارێکی ئەستەمە، چونکە حەزی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵ، نەخۆشییەکە کە لەسەر رۆحی مرۆڤ نیشتووە. بەڵام چەند بیروبۆچوونی باو هەیە لەبارەی کەسایەتی دەستدرێژیکارەوە، لە خوارەوە روونی دەکەینەوە:

1- بەگشتی دەڵێن دەستدرێژیکار کەسانی زگوورد یان ئەو پیاوانەن کە بە تەنیا دەژین و گرفتدارن.

نەخێر وا نییە. 80%ی ئەوانەی کە دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵ، ئەو کەسانەن کە هیچ گرفتێکیان لەگەڵ دەوروبەریاندا نییە، زۆرینەشیان خێزاندارن.

2- دەستدرێژیکار بە جلوبەرگەکەیدا دەناسرێتەوە کە جلوبەرگێکی خراپ و نائاساییە، هەروەک باری ئابووری لاوازە،

نەخێر ئەمەش بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە. زۆرینەی دەستدرێژیکاران هیچ گرفتێک لە جلوبەرگ و روخساریاندا نییە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، پەیوەندی نییە لە نێوان باری ئابووری و ئەگەری دەستدرێژیدا.

3- تەمەنی دەستدرێژیکار ناوەندییە.

راستە، دەستدرێژیکاران بە گشتی تەمەنیان لە نێوان 24 بۆ 44 ساڵیدایە. گرووپی دوای ئەوان 15 بۆ 24 ساڵانە.

4- دەستدرێژیکار هەست بە پەشیمانی ناکات.

نەخێر، ماوەیەکی کەم دوای دەستدرێژییەکە، ویژدانیان دەجولێت و هەست بە پەشیمانی دەکەن. بەشێکی زۆری دەستدرێژیکاران، لە ژیانی رابردوویاندا، بە توندی دژی دەستدرێژی وەستاونەتەوە. کاتێک دێنەوە سەر خۆیان و دەزانن ئەو هەڵە گەورەیەیان کردووە کە پێشتر رقیان لێی بووە، لەڕووی دەروونییەوە تێکدەچن و هەست بە پەشیمانی دەکەن. ئەمەش زۆر کات وایان لێدەکات هانا بۆ خۆکوژی ببەن. بەڵام ئەوانەی کە خۆیان وەک دەستدرێژیکار قبووڵ کردووە، هەست بە پەشیمانی ناکەن.

5 - ئەگەر سزاکان توندتر بکرێن، ئەوا رێژەی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵ کەمتر دەبێتەوە.

کەسی دەستدرێژیکار، بەر لەوەی دەستدرێژی بکاتە سەر منداڵێک، حیساب بۆ ئەنجامەکەی ناکات، چونکە دەستدرێژی نەخۆشییەکی دەروونییە. زۆرینەی دەستدرێژیکاران، کەسانێکن کە ژیرییان لەدەست نەداوە، بەڵام گرفت ئەوەیە لەکاتی دەستدرێژیدا بە ژیری کار ناکەن.

6 - بەگشتی کچان رووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە.

ئەم بۆچوونەیە کە وای کردووە رێژەی دەستدرێژی لە زیادبووندا بێت. دەستدرێژی شتێک نییە پەیوەندی بە رەگەزی منداڵەوە هەبێت. کوڕان و کچان، وەک یەک رووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە. تەنانەت هەندێک لە دەستدرێژیکاران بەتایبەتی کوڕان هەڵدەبژێرن، لەترسی ئەوەی کە ئەگەر کچ بکاتە ئامانج، ئەگەری ئاشکرابوونی زیاترە.

7 - پارک، تەوالێتی مزگەوت و بازاڕەکان، شوێنە تاریکەکان و شوێنە چۆڵەکان، ناوچەی مەترسیداری دەستدرێژین.

دەستدرێژیکاران، بە گشتی ئەو شوێنانە هەڵدەبژێرن کە لە قوتابخانەی منداڵانەوە نزیکن. وەک پارک، تەوالێتی مزگەوت و بازاڕەکان، شوێنە تاریکەکان و شوێنە چۆڵەکان. زۆر لە دەستدرێژیکاران، دەزانن کە ئەگەر منداڵەکە زۆر دووربخەنەوە لە شوێنی خۆیان، رەنگە رووبەڕووی گرفت ببنەوە، هەربۆیە شوێنە نزیکەکان هەڵدەبژێرن.

### دوایین گوتە

گرنگترین بەشی پەروەردەی منداڵ، پەروەردەی رەگەزییەتی. مافی منداڵانە کە گەورەکان بزانن پەروەردەی رەگەزی چییە و چۆن دەدرێت بە منداڵان.

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین، هەرچەندێک پەروەردەی رەگەزی بە باشی درابێت بە منداڵ، سەداسەد ئەگەری خراپ بەکارهێنانی منداڵەکە ناهێنێتە ئاراوە. هەربۆیە زۆر گرنگە دایکان و باوکان بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵانەدا دەکەن کە رووبەڕوی دەستدرێژی بوونەتەوە.

نابێت ئەوەمان لە بیربچێت کە ئەو منداڵەی رووبەڕووی خراپ بەکارهێنان و دەستدرێژی بووەتەوە، بە دڵنیاییەوە پێویستی بە وەرگرتنی رێنمایی کەسانی پسپۆڕ هەیە. نابێت دایکان و باوکان بە روخساری منداڵەکە بخەڵەتێن و بڵێن: هەر دەڵێی هیچی بەسەر نەهاتووە. چونکە دەستدرێژی و خراپ بەکارهێنان، ناخی منداڵەکە تێکدەشکێنێ نەک روخساری.

بەو هیوایەی کە بڵاوکردنەوەی ئەم زنجیرە وتارەی بەشێکی زۆری کتێبی "پەروەردەی رەگەزی" بوو، سوود بە دایکان و باوکانمان بگەیەنێت بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەک کە ناخیان تێکنەشکێنرابێت.

وەرگێڕانی: محەممەد ئیسماعیل

*ئەم وتارە بەشێکە لە کتێبی (پەروەردەی ڕەگەزیی منداڵ) ی نووسەری تورک ئادەم گیونەش کە وەرگێڕدراوە و بەشێوەی زنجیرە وتار لێرەدا بڵاودەکرێتەوە.

# ئەو پیاوەی فێری پێکەنینی کردین

**کاوە ئەمین**

بەیانییەکی تەممووزی ئەمساڵ، بۆ ئیشێک دەبوو بچمە شەقامی مەولەوی. گەرمابوو، ئەمما گەرما.

لەبەردەم گەراجی پیرەمەگروونەوە بە جادە جەنجاڵەکەدا پەڕیمەوە. کۆڵانێکی کۆن، بەڵام خانووی تازە تەنگیان بە کۆنەکان هەڵچنیوە. خانمێکی فلیپینی یان خەڵکی ئەو دەڤەرەی دنیا، پاوپووزی لێ هەڵکردبوو، خەریکی ئاورشێنی بەرهەیوان و بەردەمی ماڵێکی پۆشتەوپەرداخ بوو. ئاوپرژێنی خاک، هێشتا بۆنەکەی جارانی هەر ماوە. هەستم دەکرد ئاورشێنی دڵم دەکات.

ماڵی حاجی مەکی لەهەمان کۆڵاندایە و رووە و رۆژهەڵات هەڵکەوتووە، دیارە هەموو سەرلەبەیانییەک، خۆر ماڵەکەی حاجی تیشکپرژێن دەکات.

لە دوورەوە حاجی مەکیم بینی لەبەردەمی ماڵێکی بەرامبەریان لەبەر سێبەرێکدا دانیشتبوو، قاچەکانی لێ راکێشابوو، ئەو پیاوەی تەمەنێکە خزمەتی شار و هونەر و کوردایەتی دەکات. بیجامەیەکی خەتخەتی یەخەکراوەی لەبەردابوو، گۆپاڵەکەی بەدەستییەوە گرتبوو، تووکە سپییەکانی سەرسنگی بەریان بەو ئارەقەیە گرتبوو کە چۆراوگەیان بەستبوو. وەکو کەڵەکێوییەکی بەتەمەن کە هێشتا راوچیی زەمانە زەفەری پێ نەبردووە، بەڵام شەکەت و ماندوو، هەردی گوتەنی، لەسەر لووتکەی تەمەنی وەستابوو، وەکو ئەوەی ژیان دواتیرەکانی خۆی بۆ بهاوێت، وابوو.

کاتێک لێی چوومە پێشەوە و سڵاوم لێکرد، بەبێ تاقەتییەوە وەڵامی دامەوە! ماندوو بوو. مۆبیل تەلەفۆنێکی بەدەستەوە بوو، ئیشارەتێکی بۆ کردم و گوتی: ئەو ژمارەیەم بۆ لێبدە! ئیدی ئاوایە، کورە تۆ بزانە توانا و تاقەتی ئەوەشم نەماوە ژمارەی تەلەفۆنێک لێ بدەم.

ژمارەکەم بۆ لێدا و بە دەنگێکی وەکو ئەوەی لە دراماکاندا بیستبووم، گوتی: کوڕە فریامکەوە، تۆ لە کوێیت؟ چەتاڵی کە چەتاڵ و بیهێنە.

دیاربوو چاوەڕێی ئۆتۆمبێلەکەی دەکرد کە بەو گەرمای هاوینە ئیشی نەدەکرد. حاجی پەلەی بوو، گەرما زۆری بۆ هێنابوو، بۆیە دووبارەی دەکردەوە و بە تووڕەییەوە، دەیگوت: "چەتاڵی کە چەتاڵ".

گوتم: مامۆستا چۆن هاوکاریت بکەم؟

گوتی: کاوە گیان، تازە لێبوومەتەوە، بەخوا ئەمجارە فەلەک فریام ناکەوێت! تۆ برۆ ئێستا دێن بۆ لام.

خاترخوازیم لێکرد، فەرسەخێک لێی دوورکەوتبوومەوە، بەڵام چەند جارێک ئاوڕم دایەوە، بیرم لە ژیان و پیری دەکردەوە کە چۆن دەست دەخاتە گەرووی ژیان. حاجی مەکییەک کە سەردەمانێک گوڵی مەجلیسی هەموو ماڵێک بوو، ئێستا کەنەفت بووە و تەنانەت تاقەتی قسەکردن و پێکەنینەکەی جارانی نەماوە. پەنجەکانی کە لە یەکێک لە دراماکاندا مێزیان دەشکاند، ئێستا بە ئاستەمیش نەیاندەتوانی گوشار بخەنە سەر دوگمەی مۆبایلەکەی.

بەیانی شەممەی ئەم مانگە، هێشتا وەکو کورد دەڵێت خێر و شەڕ بەش نەکرابوو، برادەرێک تەلەفۆنی بۆ کردم: "حاجی مەکی وەفاتی کردووە و جەنازەکەی لە مزگەوتی ئەحە سوورە، بەڵام بیست کەسی لێ نییە!" هەر ئەوەندە و تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

حاجی مەکی لەوپەڕی بێنازیدا لەلایەن چەند هاوڕێیەکی هونەرمەندی و دۆستە نزیکەکانییەوە لە دوامەنزڵەکەی خۆی لە گردی سەیوان بەخاک سپێردرا.

ئەوەی کە بەدی نەدەکرا، فڕکان فڕکان و پاڵپێوەنانی پاسەوانی بەرپرسانی حیزبی و حکومیی ئەم شارە بوو. ئاخر سەیرە کەسایەتییەکی وا کە زۆربەمانی بە کارە هونەرییەکانی هێناوەتە پێکەنین و گریان، چۆن دەبێت لە مردنیشدا سزای سیاسی بدرێت و ئاوا بەڕێ بکرێت.

ئەو مامۆستایەی کە تەڵقینی دادەدا، پەیتا پەیتا دووپاتی دەکردەوە و ئامۆژگاریی دەکرد و دەیگوت: "حاجی مەکی ئێستا دوو مەلائیکەی میهرەبان دێنە لای تۆ و لێیان مەترسە". مامۆستا وا بە ئیشتیاوە باسی دەکرد، دەتگوت چاوی لە حاجی مەکییە و خەریکی سفرە رازاندنەوەی میوانە تازەکانێتی. کێ دەڵێت، ژمارەیەکی زۆر لەو هونەرمەند و نووسەر و شەهیدانەی گردی سەیوان، هەرزوو بۆ پێشوازیی حاجی نەچوون تا هەواڵی خاک و خۆڵی وەتەنی لێ بپرسن.

سلێمانی کەسایەتییەکی گەورەی لەدەستچوو، کەسایەتییەک لە ساڵی 1956ەوە بەسەرهاتەکانی بە چیرۆک و دراما و مەجلیسەکانی دەگێڕایەوە.

حاجی مەکی زۆرکەسی فێری پێکەنین کرد و بزەی خستە سەر لێوی زۆربەمان، بۆیە ئێمە قەرزاری ئەوین، نەک بە پێچەوانەوە.

رۆحت شاد، حاجی مەکی عەبدوڵڵا.



سڤێتلانا ئەلێکسیڤیچ

# بەدەم وەرگرتنی نۆبێڵەوە





**حەمەسەعید حەسەن**

باوکم بەلەڕووس و دایکم ئۆکرانیایی بوو، بەڵام سێ نیشتمانم هەیە: 1- بەلەڕووسیا کە باوکم لەوێ لە دایک بووبوو، خۆیشم بە درێژایی تەمەنم لەوێ ژیابووم. 2- ئۆکرانیا کە هەم زێدی دایکم بوو، هەم خۆیشم لەوێ لە دایک بووم.

3- کولتووری ڕووس کە پەروەردەی کردووم.

چل ساڵ خەباتی ویست، تا گەییشتمە ئەوەی لە سەکۆی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێلەوە، قسە بۆ ئێوە بکەم. هەموو ئەو ساڵانە لەنێوان قوربانییان و جەللادانەدا ژیام، ڤارلام شالامۆڤ گوتەنی: خەریکی شەڕێکی دژوار بووم، شەڕی نۆژەنکردنەوەی مرۆڤایەتی. ریمون ئارۆن دەیگوت: کۆمۆنیزم تلیاکی رۆشنبیرانە. ئایدیای کۆمۆنیزم کۆنە، هیچ نەبێت بۆ دووهەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، ئاخر هەم پلاتۆن لە کۆمارەکەیدا باسی کردووە، هەم ئەرستۆفانیس بیری لەوە کردووەتەوە، هەموو شتێک هیی هەمووان بێت. تۆماس مۆریش هەمان خەونی هەبوو. لە ناخی خەڵکی ڕووسدا، هێزێک هەیە بۆ ئەوە هانیان دەدات، ئەو خەونە بگۆڕن بە واقیع.

لە دووەمین جەنگی دونیاگرەوەدا، لە چوار پیاو یەکێکیان لە بەرەکانی شەڕ یان وەک پارتیزان گیانیان لەدەست دابوو. جیهانی سەروەختی منداڵیی ئێمەی دوای جەنگ، جیهانێکی ژنانە بوو، ژنەکان باسی مردنیان نەدەکرد، هەر باسی ئەوینیان دەکرد، بە تایبەتی باسی ئەو رۆژەیان دەکرد کە خوداحافیزییان لە خۆشەویستەکانیان کردبوو. باسی رۆژانی دواتریشیان دەکرد کە لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی مێردەکانیاندا بەسەریان بردبوو. ساڵان تێدەپەڕین و ژنەکان هەر دەیانگوت: بەس بگەڕێنەوە، ئیدی ئەوە کێشە نییە، هەردوو قۆڵیان لەدەست دابێت، یان هەردوو لاقیان.

لە گەرمەی شەڕدا لە بەرلین مێردەکەمم ناسی، لەوێ نزیک باڵاخانەی پەرلەمان پێی گوتم: خۆشم دەوێی، بریا هاوسەرگیریمان دەکرد! چونکە بە درێژایی ساڵانی جەنگ هەر لەنێو پیسی و خوێن و شەڕەجنێودا ژیابووین، پێم گوت: پێشەکی وام لێ بکە لە ژن بچم، کەمێک عاشقانە بدوێ! هەندێ گوڵم پێشکەش بکە! ئەوسا منیش بیر لە کراسێکی ژنانە دەکەمەوە. کە لە ڕوومەتی سووتاوی ورد بوومەوە، تژی بوو لە برین و فرمێسکیشی پێدا دەهاتە خوارەوە، ئیدی گوتم: ئێ باشە، شووت پێ دەکەم. خۆم بڕوام نەدەکرد، وام گوتبێت.

نزیک وێستگەی ئەتۆمیی شێرنۆبیل دەژیاین، مێردەکەم لەوێ ئاگرکوژێنەوە بوو، تازەکی هاوسەرگیریمان کردبوو، وا ڕاهاتبووین دەست لەناو دەست پیاسەمان دەکرد. کە شیرنۆبیل تەقییەوە، مێردەکەم، سەرەی ئیشی بوو، جلوبەرگی تیشکنەبڕیان فریا نەخستن، بە پۆشاکی ئاساییەوە کەوتنە کوژاندنەوەی وێسگە ئەتۆمییەکە. بە درێژایی شەو خەریکی کوژاندنەوە بوون، تیشکی ڕادیۆئەکتیڤ وەها سەخت کاری لێ کردبوون، ئومێدی ژیانیان نەمابوو. بەیانی بە فڕۆکە ناردیانن بۆ مۆسکۆ، هەر چەند هەفتەیەک ژیان، مێردەکەم چونکە وەرزشەوان بوو، دوا کەسیان مرد. سێ مانگ دواتر کچێکم بوو، تەنیا دوو ڕۆژ ژیا. هەر چی تیشکی ڕادیۆئەکتیڤ بەر من کەوتبوو، چووبووە لەشی کچەکەمەوە، من ئەوم کوشت، ئەو منی رزگار کرد.

سۆسیالیستەکان کە قەرارە مەتریالیست بن، زۆرینەیان ئایدیالیست یان ڕۆمانتیکن، تەنانەت کۆیلەی یوتۆپیان. دۆستۆیڤسکی وای بۆ دەچوو، مرۆڤایەتی زۆر لەوە ئینساندۆستترە کە لە ئەدەبدا ئاماژەی بۆ کراوە. پێیان دەگوتم: ئەوەی دەینووسی، دۆکیۆمێنتە نەک ئەدەب، بەڵام ئەدەب چییە؟ ئەوە کێیە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە؟ من پێم وایە: ناوەڕۆک فۆرم دەتەقێنێتەوە، سنوورێک لە نێوان ڕاستی و بەرهەمی خەیاڵدا نییە، زۆر جار ئەو دووانە جێ دەگۆڕنەوە، ئاخر شاهیدێک نییە بێلایەن بێت، شاهیدێک نییە، ڕووداوێک بگێڕێتەوە و شتێک لە زادەی خەیاڵی خۆی تێکەڵ نەکات.

لە سانسۆر پێیان گوتم: ئەگەر ئەم کتێبە بڵاو ببێتەوە، ئیدی کەس ناچێت بۆ جەنگ. قارەمانێکت نەدیتەوە باسی بکەیت؟ من لەو کتێبەدا گوێم بۆ ئەوانە ڕادێرابوو، قەت کەس بایەخی پێ نەدابوون. لە ئەفگانستان لە نەخۆشخانەیەکدا بووکەشووشەم دەبەخشییەوە، پێم سەیربوو، منداڵێک بە ددانەکانی لێی وەرگرتم، کە دایکی بەتانییەکەی لەسەر لابرد، هەردوو دەستی نەمابوون، بەر تۆپبارانی سوپای سوور کەوتبوون. هەر لەوێ شوفێرێکی تاکسی پێی گوتم: ڕۆژ نییە دوو سێ مەل، خۆیان نەدەن بە شووشەی سەیارەکەمدا و نەمرن، کەچی هەمیشە لە ڕۆژنامەکاندا دەنووسرێت: ڕەوشەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە. بۆچی هەمیشە باسی تراژیدیا دەکەین؟ چونکە لە تراژیدیادا دەژین.

*

نووسینەکانی سڤێتلانا ئەلێکسیڤیچ لە دەوری جەنگ دەسووڕێنەوە، دووەمین جەنگی دونیاگرەوە و جەنگی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئەفگانستان، بایەخی بەو کارەساتەیش داوە کە بەدوای تەقینەوەی بنکەی ئەتۆمیی (شیرنۆبیل) دا هات. لە دوورەوە ئاوڕی لەو بابەتانە نەداوەتەوە، بەڵکوو ئیشی لەسەر ددانپێدانانی ئەوانە کردووە کە لە ڕووداوەکاندا بەشدار بوون، لەناویاندا ژیاون و لێیان زیانمەند بوون. بە نووسینەکانییەوە دیارە، کەم و زۆر لە سەنگەری دژایەتیکردنی کۆمۆنیزمدا بووە، ئەگەر نا ئەو خاتوونە کە زیاتر ڕۆژنامەنووسە، وەک لەوەی ئەدیب بێت، ڕەنگە خەڵاتی نۆبێڵی لە ئەدەبدا پێ نەبەخشرابا.

لە ڕابردوویشدا گومان لەسەر بێلایەنیی ئەکادیمیای سوێد هەبووە، ئاخر لایەنی هاوبەشی بوریس باسترناک کە 1958 بە براوەی نوبێڵ لە ئەدەبدا دەستنیشان کرا و لەژێر گوشاری (حیزب) دا ڕەتی کردەوە، ئالێکساندەر سۆڵجنستین کە 1970 ئەو خەڵاتەی پێ درا و (جوزێف برۆدسکی)یش کە 1987 وەری گرت، لەبەر ئەوە بوو بە دژە سیستەمی سۆڤیەت ناسرابوون. گومانی ئەوەیش هەیە جوولەکە لە ئەکادیمیای سوێددا دەستیان بڕوات، ئەوە بۆیە بەشێک لەو ئەدیبانەی لەسەر هۆلۆکۆست و ڕاوەدوونانی جوو کاریان کردووە، نۆبێڵیان بە نسیب بووە، لەوانە: پاتریک مۆدیانۆ، ئیمرە کیرتیز و شەمۆیل عەجنوون کە یەکەمیان 2014 و دووەمیان 2002 و سێیەمیشیان 1966 ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە. کە 1988 نەجیب مەحفووزیش خەڵات کرا، زۆر بوون ئەوانەی وای بۆ دەچوون، ئەگەر سەردانی ئیسرائیلی نەکردبا، نۆبێڵی پێ نەدەبەخشرا. هەقە ئەوەیش بڵێم گەلێک نووسەری چەپ و تەنانەت کۆمۆنیستیش نۆبێڵیان پێ بەخشراوە، وەک میخائیل شۆلۆخۆف، ئاستوریاس، پابلۆ نێرودا، خۆزێە ساراماگۆ و داریۆ فۆ.

15ی دێسەمبەری 2015

هەولێر

(*) گوتاری سڤێتلانا ئەلێکسیڤیچ سەروەختی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێڵ لە ئەدەبدا 7ی دێسەمبەری 2015 ستۆکهۆڵم.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# هونەرە حەرامەکان

کە ساڵی 2001 چەکدارانی تاڵیبان پەیکەری بوودایان لە دۆڵی بامیان تەقاندەوە، جیهان تووشی شۆک بوو، ئاخر ئەوە یەکەمجار بوو گرووپێک، با توندئاژۆش بێ، کارێکی لەو جۆرە بکەن و لە بری خەڵک، شەڕ لەگەڵ دار و بەردیشدا بکەن. پار، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە مووسڵ پەیکەر و شوێنەوارە دێرینەکانی ئەو شارەیان هەپروون هەپروون کرد، خۆیان گوتەنی، سەنەمەکانیان شکاندن. ئیدی ئەو رەفتارانە بە ئاسایی تێدەپەڕن، ئاخر کە مرۆڤ خۆی نرخی نەمێنێ، بتە دروستکراوەکانی دەستی دەبێ چ نرخێکیان هەبێت.

لە ژێر سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، ئاساییە پەیکەر و شوێنەوار بشکێن، بەڵام لە سایەی دێرینترین زانکۆی کوردستاندا، پەیکەر بشکێنرێن ئەمەیان رچەشکێنییە.

شازدەی ئەم مانگە بۆ قوتابیانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەڵاحەدین رۆژێکی ئاسایی نەبوو، ئاخر شەوەکەی، ئەو پەیکەرانەی قوتابیان دروستیان کردبوون، داعشانە شکێنرابوون. قوتابیان دەڵێن راگری کۆلێژەکەیان کە بەم دواییە دامەزراوە، ئەم کارەی کردووە، راگریش دەڵێ مام حاجییەک کە لەوێ پاسەوانە، ئەو شکاندوونی. جا قوربان پرسیار ئەوەیە خێرە مام حاجی پێشتر نەیشکاندوون؟ جا توخوا راگرێ، ئاگای لە پاسەوانی کۆلێژەکەی نەبێ، ئیتر دەبێ چی پێڕاگیرێ؟ پەیکەر لە تۆرا بۆرا بشکێن ئاساییە، بەڵام لە هەولێردا نا، ئاخر ئەگەر لە کۆلێژی هونەرە جوانەکاندا، بە رێکەوتیش پەیکەرێک بشکێ، دەبێ راگر لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێ، ئێستا پەیکەر بە کۆ شکاون و راگر مێشێکی میوان نییە.

راگری کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەڵاحەدین ئەندازیاری تەلارسازییە، کەچی لەسایەیدا تەلار دەشکێن. راگری پێش ئەویش بڕوانامەی لە مێژوودا هەبوو، دکتۆرایەکەشی لە مێژووی ئیسلامیی کورددا بووە کە لە باشترین حاڵەتدا دەکاتە سەڵاحەدینی ئەیووبی، جا پەیوەندیی سەڵاحەدینی ئەیووبیش بە هونەرەوە، وەک پەیوەندیی حوشترە بە پلایسەوە. کە ئەم بەڕێزانە دەکرێنە راگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان، مانای وایە لە روانگەی زانکۆی سەڵاحەدینەوە ئەم وڵاتە پەیکەرتاشێ، شانۆکارێ، موزیسیانێ یان نیگارکێشێکی تێدا نییە بیکەنە راگر، ئاخر ئەگەر ئەمە سووک سەرنجدانی هونەرمەندانی کوردستان نەبێ چییە؟

کۆلێژێ، پەیکەری رووتی تێدا بە قوماش داپۆشرێ، پەیکەرەکانی دیکەی بشکێنرێ، دیارترین چالاکی بەشی مووزیکەکەی شۆرتی کارەبا بێ، راگرەکەی بە قوتابیانی بەشی شانۆ بڵێ "دەستتان خۆش بێ وەڵا من یەک دەقەقە لەسەر شانۆ راوەستم قەلبم دەلەرزێ" ئەوە نەک کۆلێژخانە، وەڵاهی کولێرەخانەش نییە، زانکۆی سەڵاحەدین، کە هەر سوورە لەسەر ئیدارەدانی ئەم وێرانەیە، با لەوە زیاتر ئابڕووی هونەر نەبات و ناوەکەی بکاتە کۆلێژی هونەرە حەرامەکان.

---



عارف قوربانی

# پارتی کوردستان دابەش دەکات؟

کاتێ ناکۆکییەکانی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان گەیشتە ئاستێک کە باڵێکی گەورە لە یەکێتی جیابوونەوە و بزووتنەوەی گۆڕانیان دروست کرد، هەڵوەستەیەک دروست بوو کە ئایا پەیدابوونی هێزی سێیەم لەنێوان دوو بەرەی (جەلالی و مەلایی، پارتی و یەکێتی، زۆنی زەرد و سەوز، ئیدارەی هەولێر و سلێمانی)، دەچێتە خزمەتی کامیانەوە؟

خەڵکانێک هەبوون پێیان وابوو ئەو رەوشە تازەیەی لە ناوچەی سلێمانی هاتە ئاراوە، بە نەتیجە و بە پلەی یەکەم لە قازانجی پارتیە. چونکە لەلایەک رێژەی دەنگەکانی یەکێتی کەم دەبنەوە و بەشێکی زۆری دەنگدەر و جەماوەرەکەی لەگەڵ ئەو کادیر و فەرماندە و سەرکردانەدا دەڕۆن کە گۆڕانیان دامەزراند. لەلایەکی دیکەشەوە بەرەی ئەم زۆنە لاواز دەبێت و دەبن بە چەند پارچەیەکی بچووکتر لە پارتی وەک هێزی یەکلاکەرەوەی زۆنی زەرد. هەبوون پێیان وابوو ئیتر سلێمانی دەبێت بە چەقی ململانێ و یەکێتی و گۆڕان ئەوەندەی خەریکی پیلانگێڕان دەبن لە یەکتر، ئاگایان لە پارتی نامێنێ و بەو هۆیەوە پارتی بڕیاری سیاسی و ئابووری و گوتاری کوردیش دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

لەبەرامبەر ئەم بۆچوونانەدا، خەڵکانێکیش هەبوون لای پارتییەوە ئەو جیابوونەوەیەیان بە جۆرێک لە سیناریۆی مام جەلال و کاک نەوشیروان دەزانی و پێیان وابوو پارتی زەرەرمەندی یەکەم دەبێت لە دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە یەکێتی و پارتی پێکەوە رێککەوتنی ستراتیژییان هەبوو، بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و بۆ بەغداش هاوبەشی یەکتر بوون و بە یەک لیست بەشدارییان کردبوو، پێیان وابوو یەکێتی دەنگی کەمی کردووە و لەگەڵ دەنگەکانی پارتی دەبێتە شەریک و کۆی دەنگی هەردوولا بە یەکسانی لە نێوانیان دابەش دەکرێت و ئەوەی گۆڕان بەدەستی دەهێنێت لە ژمارەی دەنگ و پەرلەمانتار و لە پۆست و ئیمتیاز، لە هەرێم و لە بەغدا، وەک بەشێکی زیادە دەچێتە خزمەت بەرەکەی یەکێتییەوە. بۆیە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردن و دەرکەوتنی گۆڕاندا، سەرباری ئەوەی دەنگی زۆریشیان بەدەست هێنابوو، نە لە هەرێم و نە لە بەغدا، پارتی رێگەی نەدا پۆستی بەڕێوەبەری شارەوانی و قایمقامێکیش وەربگرن. هەروەک پێشیان وابوو دواجار ئەگەر یەکێتی لەبەر رێککەوتنی ستراتیژی و لەبەر پۆستەکانی هەرێم و بەغدا، بەجۆرێک چاو لە پارتی بپۆشێت یان تەنانەت یارمەتیدەریشی بێت، ئەوە بە بزووتنەوەی گۆڕان رێگری لە هەنگاوەکانی پارتی دەکات.

ئەم گومانە لای پارتی قووڵتر بووەوە کاتێک یەکێتی و گۆڕان لێکگەیشتنی دەباشانیان راگەیاند و یەکێتی بڕیاری دا بۆ هەڵبژاردنەکان لە هەرێم و بەغدا لە لیستی هاوبەش بێتە دەرەوە و بە تەنیا بچێتە هەڵبژاردنەوە. ئیتر پارتی گومانەکەی بوو بە قەناعەت و پێی وابوو ئەگەر یەکێتی و گۆڕان پێکیشەوە بە یەک لیست نەچنە هەڵبژاردنەوە، ئەگەری ئەوە هەیە دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانێتی و فراکسیۆنی هاوبەش دروست بکەن.

بەڵام پارتی لەم خوێندنەوەیەی بۆ گۆڕان هەڵە بوو. تا رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان چووە سەری رەش و رێککەوتنی دووقۆڵی و نهێنی لەگەڵ پارتی ئیمزا کرد بۆ چوار ساڵی ئارام، ئیتر تێگەیشتنی پارتی بەرامبەر بە بزووتنەوەی گۆڕان گۆڕانی بەسەردا هات و لە پێکهێنانی کابینەی وزاری و دابەشکاری پۆستەکاندا یەکێتییان خستە پەراوێزەوە و پەرلەمانیان بەبێ یەکێتی پێکهێنا. پارتی بەشێک لە پشکەکانی پێشتری یەکێتی دا بە گۆڕان و لە بەغدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی پێبەخشین. نزیکی و هەماهەنگیی نێوانیان گەیشتە ئاستێک کە جۆرێک تێگەیشتنی گشتی دروست بوو گوایە گۆڕان شوێنی یەکێتی لە رێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ پارتی دەگرێتەوە.

بە واقیعیش وابوو کە دەبوو گۆڕان شوێنی یەکێتی بگرێتەوە و ببێتە شەریکێکی راستەقینەی پارتی. بەڵام ئەوەی بۆ پارتی و بۆ گۆڕانیش مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، تێکچوونی نێوانیان بوو کە نەدەبوو تێکبچن. پێموایە هەردوولا تووشی شۆک بوون کە پەیوەندی و هەماهەنگییان نەک چوار ساڵ، بری دوو ساڵی نەکرد، لەکاتێکدا ئەوان بۆ دوورتر رێککەوتبوون. تێکچوونی نێوانیان هەر لە تەڵە دەچوو، تەڵەیەک کە بەپێی پارتیدا تەقی، کورد واتەنی پارتییان خستە پاقلەکەوە. هیچ بە دووری نازانم لە ئاستی موخابەراتی وڵاتانیش لەم گەمەیەدا بەشدار بووبێت، تا سەرئەنجام پارتییان تووشی ئەو هیسترییایە کرد کە وەزیرەکانی گۆڕان لە حکومەت دەربکات و سەرۆکی پەرلەمان بنێرێتەوە بۆماڵەوە.

کاری من نییە و ناچمە ناو ئەو هۆکارانەوە کە نێوانی پارتی و گۆڕانی تێکدا، بەڵام دەمەوێ بڵێم درێژەپێدان بەو سیاسەتە لەلایەن پارتییەوە، سەرئەنجام کوردستان دەکات بە دوو لەتەوە. مەترسی دوولەتبوونی کوردستان وەک هەڕەشەیەک بەردەوام ئامادەیی هەیە. پێشتر دەگوترا پرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەرێم کە رەزامەندیی پەرلەمان و حیزبەکانی لەسەرە و قۆناغ و رێکارە یاساییەکانی بڕیوە، حیمایەی یەکپارچەیی هەرێم دەکات، چونکە رێگە نادات هەرێمی دیکە لەناو کوردستان دروست بێت. بەڵام ئێستا ئەو رەشنووسەش بەخۆی و بە رێکارە یاسایی و شەرعیەکانییەوە مردار کرایەوە.

بە درێژایی پەنجا ساڵی رابردووش لە دابەشبوونی شۆڕشەوە بۆ بەرەی جەلالی و مەلایی، بۆ سۆران و بادینان، بۆ ئیدارە و زۆنی زەرد و سەوز، تاکە دەرفەتێک کە پارتی دەیتوانی بیقۆزێتەوە و کۆتایی بە هەیمەنە و مەترسیی ئەو دابەشکارییە بهێنێ، هاوپەیمانێتی و شەراکەتکردنی گۆڕان بوو، چونکە بە نەتیجە گۆڕان دەکەوتە بەرەی پارتییەوە لە ململانێی ئیقلیمی و لە رووکردنە ئاسۆی رۆژئاوا. هەروەک گۆڕان دەیتوانی هەوێنی یەکێتی نەتەوەیی بێت لەنێوان هەولێر و سلێمانی و بەوەش بارزانی بە دەنگێکی دلێرانەتر دەیتوانی بانگی حەق رابگەیەنێ.

بەڵام کار و کاردانەوەکانی ئێستای پارتی، پاڵ بە گۆڕانەوە دەنێت بۆ لایەکی دیکەی ئەو هاوکێشە و جەمسەربەندیەی خەریکە ناوچەکە دەگرێتەوە، بەمەش بە کردار هەرێمی کوردستان دەبێت بە دوو لەتەوە. پێدەچێت پارتی دوای ئەوەی لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە کەرکووکی کەوتووەتە دەست، بەجۆرێک لە دڵنیایی بیبینێ و زۆر خەمی سلێمانی نەبێت، بەڵام دەبێت لەوەشدا بەرچاوی روون بێت کە تێکچوو، هەمووی پێکەوە تێکدەچێت.

---



بەرزان عەلی حەمە

# گوێدرێژمان زۆرە، گامێش نا !

کورد لە رابردوودا سیاسی نەبووە، لەم دواییانەدا ئاوا قوڕ کرا بەسەریاندا و هەموویان بوونە لێکۆڵەری سیاسی. رەچەڵەکی هەموومان یان جوتیارە یان گاوان. ئەوە هیچ کە ئێستا کەس گاوان نییە، بەڵام رێک لەو کاتەی کە لەبری دەڕاسە و کەمپا و تراکتۆر، حکومەت و کۆمپانیاکان، ئاڵتیما و فۆرچنەریان بەسەر جوتیاراندا دابەش دەکرد، ئیدی قوڕیان کرد بەسەر کشتوکاڵدا و جەنابیشت وەک فەیلەسوف و پرۆفیسۆری گەورەی گەلەکەمان، بڕۆ ئاو بێنە و (ئاودێریی چی نەگبەت؟) دەستت بشۆ!

ئێستا بڕۆ لە هەر شارێکی کوردستاندا سەتڵێک ماستی بەقەولی باو (خۆماڵی) بکڕە، ئەگەر کابرا سوێندی قورست بۆ نەخوات کە هی مەڕە، حەتمەن دەڵێت: ماستی گامێشە. راستە ئێمە گوێدرێژمان زۆرە و دەشێت لە کوردستان هەموو شت هەبێت، بەس رێی تێناچێ گامێششمان هەبێت. من بەنزیکەیی هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان گەڕاوم، تا ئێستا گامێشم بەچاوی خۆم نەبینیوە! گامێش و بیگ فووتەکەی ئەم ماوەیە لە کوردستان، درۆیەکی ئیعلامین !

تۆ با هەندێک بە زمانی ماتماتیک قسە بکەین. لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 12 ملیۆن دۆنم زەویی کشتوکاڵی هەیە، نزیکەی 50 ملیار مەتر سێجا ئاو هەیە، نزیکەی 153 هەزار و 840 کەس وەک جوتیار لە وەزارەتی کشتوکاڵ ناونووس کراون و زەویی کشتوکاڵییان لەبەردەستدایە، دەی خۆ ئەگەر ئەو هەموو جوتیار و پاڵە و رەنجدەرانە، لەسەر ئەو خاک و ئاوە زۆرە، تەنیا تەماتە و خەیار و کاهوو و گێزەر بەرهەم بهێنن، سوێندی ناوێت، کە زەڵاتە و موقەبیلاتی هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان دابین دەکرد !

بەڵام نەهامەتییەکە لەوەدایە کە لەو 153 هەزار بەناو جوتیارەی کوردستان، دەگوترێت تەنیا سەدی شانزەیان کە نزیکەی 40 هەزار کەس دەبن، خەریکی کشتوکاڵن و ئەوانی دی، رەنگە ئێستا لە فەیسبووک خەریکی شرۆڤەی سەردانەکەی بارزانی بن بۆ تورکیا و ئەدمینی یەک دوو پەیجی جنێوفرۆشیش بن !

ئەمە جگە لەوەی کە لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان 2478 ئەمیر و شازادە و حوکام و عالی مەقام، ڤێلایان دروست کردووە و وەزارەتی کشتوکاڵیش ناوێرێت دەم بکاتەوە !

جا ئەوە ماوەیەک پێش ئێستا کە پارەی گەنمی جوتیاران دواکەوتبوو، کۆمپانیایەک لەبری پارەی گەنمی جوتیاران، تاکسی مۆدێل 2012ی پێ دەفرۆشتن.

قاقا نانووسرێتەوە و جرتیش عەیبە، بەقەولی پەشێو: ئەدی چ بکەم کردگاری کورد؟ سێ کاژێر پێکەنین دادی ئەمە نادات.

لەوەش بێتامتر، ساڵی 2010 لقی هەولێری یەکێتی جوتیارانی کوردستان، گرێبەستێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ژاپۆنی کرد بۆئەوەی 10 هەزار تۆیۆتای دەبڵ کابینە بۆ جوتیاران هاوردە بکەن. ئاخر بەس تێمبگەیەنە، خۆ تۆ هیچ بەرهەم ناهێنیت تاوەکو بە پیکاب بیگوازیتەوە، ئیتر پێم بڵێ، جوتیار پیکابی بۆ چییە؟

ئێوە بەس سەیری ئامار و داتاکانی کشتوکاڵ بکەن دەزانن ئەم وڵاتە چەند وێرانە، بۆ نموونە لەبەرامبەر هەر کیلۆیەک سەوزە و میوەی خۆماڵی (ئەویش ئەگەر بەرهەمهێنرابێت)، کیلۆیەک لە دەرەوە هاوردە کراوە، هیچ بەروبوومێکی کشتوکاڵی لە کوردستاندا هەڵناگیرێت، هەموو خۆراکێکی لەقوتوونراو کە لەم وڵاتەدا هەیە، لە دەرەوە هێنراوە.

هەندێ خۆراک هەن کە چاندنیان زۆر ئاسانە، کەچی بەرێژەی سەدی هەشتا لەدەرەوە دەهێنرێت، دەی ئیتر ئێوەش بۆخۆتان هەر بڵێن: کوردستان ئاوی کەوسەرە و خاکی گەوهەرە. بەڵام من ئەگەر وەک حەمە ساڵح دیلان دەنگم خۆش بووایە، ئێستا دوو ئۆکتاڤی تریش تۆنەکەم سەردەخست و بە سیغەی رابردوو دەمچریکاند "ئەم وڵاتە پڕ لە پیت و پڕ سامانە، جێگەی فەڕ بوو، پڕ بوو لە شەقڵی پیاوانە".

---



ناسر باباخانی

# خاک مەیلبڕە؟

وا مەزەندە دەکرێ، ژمارەی پەناخواز و کۆچبەران لەماوەی ئەمساڵدا گەیشتبێتە ملیۆن و نیوێک، ئەم ژمارەیە لە پاش کۆنوانسیۆنی ژنێڤ لەساڵی 1951 بێوێنە بووە. خاڵی سەرسوڕهێنەر و جێی داخ ئەوەیە لەساڵی 2000ەوە تا ئێستا نزیکەی 30 هەزار کەس لە دەریای مەدیترانەدا خنکاون! رێکخراوی لێبووردەیی نێودەوڵەتی دەڵێ: قەیرانی پەنابەران گەورەترین گرفتی سەدەی 21ەو پێویستی بە ستراتیژییەکی جیهانی هەیە! لەم نێوەدا کوردیش بە هۆکاری جیاواز، یەکێک بوون لەو نەتەوانەی رەگەڵ ئەم شەپۆلە کەوتوون. سەرەتا بەرلەوەی بچینە ناو کرۆکی باسەکەوە و هۆکارەکانی پەیوەستبوونی کورد بەم شەپۆلەوە، وا باشە چەند تێرمێک پێناسە بکەین:

–پەنابەر (Refugee): بەپێی تاریفی کۆنوانسیۆنی ژنێڤ لەساڵی 1951 و دواتر پرۆتۆکۆڵی هاوپێچی ساڵی 1967، پەنابەر بەو کەسانە دەگوترێ کە لەبەر هۆکاری تۆرەمەیی، ئایین و ئایینزایی، نەتەوەیی و ئیتنیکی یان ئەندامبوون لە گرووپە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکاندا، لە ترسی ئەشکەنجە و ئازاری دەسەڵاتی وڵاتی نیشتەجێبوونیان ناتوانن بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

–پەناخواز (Asylum Seeker): بە پلەیەک خوارتر پەناخواز دێ، واتە پەناخواز بە کەسێک دەگوترێ کە خۆی رادەستی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و دۆسیەکەی لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام هێشتا وەڵامی ئەرێنی یان نەرێنی وەرنەگرتووە.

–کۆچبەر (Migrant): بریتییە لەو کەسە کە بە هۆکاری ئابووری و زیاتر لەبەر دۆزینەوەی ژیانێکی خۆشتر پەریوەی هەندەران دەبێ و مەترسیی گیانی لەسەر نییە.

بۆ ئەوەی باسەکەمان گرێ بدەین لەگەڵ ئەم کۆڕەوەی کورد، لێرەدا دەبێ هێڵێکی تۆخ دیاری بکەین لە نێوان کۆچبەر و پەنابەردا. لەڕاستیدا کۆچبەر دڵەڕاوکێی خاکی نییە بە مانا سیاسییەکەی، کۆچبەر بۆ ئەوەی لە بەرزەخی وڵاتی دووەم رزگار بێ و بگاتە بەهەشت، واتە وڵاتی سێیەم، لە هیچ کردەوەیەک ناپرینگێتەوە بۆ ئەوەی مافی پەنابەرێتی بۆخۆی مسۆگەر بکا. خۆم وەک ئەزموونی تاکەکەسی شاهید بووم کە بۆ وێنە زۆر کەس بە درۆ دەبێتە مەسیحی و بەهایی، دەبێتە گەی و لێزبیەن، دەبێتە ئەندام و لایەنگری حیزبی و... هتد، بەڵام کێشەی پەنابەری راستەقینە خاکە، کەوابوو مەبەستی ئەم وتارە نە کۆچبەرەکانە، نە ئەو کەسانەی کە بەناوی پەنابەرەوە خۆیان لە دۆخی پەناخوازی رزگار دەکەن بەرەو ژیانێکی ئاسوودەتر و خۆشگوزەرانتر، بەڵکوو ئەوانەن کە وەک پەنابەر خەمی خاک لە دەروون و هەناویاندایە و ئەگەرچی لەباری فیزیکی و جەستەییەوە لە وڵاتی خۆیان دابڕاون، بەڵام رووحیان لەوێیە.

***

لە روانگەی زۆر بیردۆزەوە، کۆچ و سەفەر ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە مرۆڤی پەنابەردا سازدەکا و توخمەکانی نەتەوەخوازی تێدا تۆختر دەکا و دواجار گەڕانەوەی جەستەیی یان رووحی بۆ وڵاتی دایک سوودبەخش دەبێ، بەڵام لانیکەم لەم ساتەوەختەی ئێستادا بۆ ئێمەی کورد چون هۆکاری زۆربەی هەرە زۆری سەفەرەکان لەسەر بنەمای کۆچبەرێتییە نەک پەنابەرێتی، تا ئێستا دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتووەتەوە. لەم پەیوەندییەدا بێگومان چەمکی ناسنامە و شوناس گرینگترین کێشەی سایکۆلۆژیکی پەنابەرە!

هانا ئارێنت دەڵێ: ئەگەر پەنابەر بتوانێ ناسنامە و شوناسی خۆی بپارێزێ، ئەوە دەتوانێ ببێتە پێشەنگی خەڵکی خۆی، بەڵام ئەوەی بووەتە جێی مەترسی، ئەوەیە کە پەنابەر دەبێتە بوونەوەرێکی دەستەمۆ! ئارێنت لە چەمکی فەرامۆشی بۆ ئەم پەنابەرانە کەڵک وەردەگرێ و دەڵێ: هەر کە پەناخواز رزگار دەبێ و دەبێتە پەنابەر، ژیانێکی نوێ دەست پێدەکا و بە وردی گوێڕایەڵی رزگاریدەرەکانی دەبێ و پێی دەگوترێ هەموو شت لە بیر بکا و ببێتە بەشێک لە پێکهاتەی ئەو وڵاتەی تێیدا سەقامگیر بووە.

دیارە رەچاوکردنی یاسا و رێساکانی وڵاتێک نەک بە مانای دەستەمۆبوون نایەت، بەڵکوو جۆرێکە لە کولتووری شارۆمەندیی مرۆڤەکان، هەربۆیە پەنابەر کە دەگاتە وڵاتی مەبەست، بۆ ئەوەی بتوانێ دواجار بەشدارییەکی پێکهاتەیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبێ، دەبێ خۆی بە تەواوی لەگەڵ نۆرمەکانی ئەو وڵاتەدا بگونجێنێ، بەڵام پەنابەری کورد لە مابەینی دەستەمۆیی و یاخیبووندا لانکە دەکات و زۆر جاران تای تەرازووەکەی بۆ لای دەستەمۆیی دەشکێتەوە. ئێدوارد سەعید لەوبارەوە دەڵێ: بارودۆخی ژیانی مرۆڤی هەڵقەندراو لە زێدی خۆی، بەردەوام خەریکە حەیسییەت و شوناسی لێدەستێنێ و "بوون"ەکەی بەرەو "نەبوون" دەبات. ئەم غیابە سیاسی کۆمەڵایەتییەی گەلی کورد گەورەترین مەترسییە بۆ شوناسی نەتەوەیی. زۆربەی هەرە زۆری پەنابەرە کوردەکانی (دیارە پارچەکانی کوردستان بۆ وێنە رۆژهەڵات و باکوور بەنیسبەت یەکتر جیاوازن) ئەم سەردەمە، ئارێنت گوتەنی بەدەست پەتای فەرامۆشییەوە دەناڵێنن و ناتوانن ناسنامە و شوناسی خۆیان بپارێزن و دواجار ئێدوارد سەعید گوتەنی بەرەو نەبوون هەنگاو دەنێن.

خاک مەیلبڕە! ئەم مەسەلە کوردییە بۆ کەسوکاری کۆچکردوویەک دەگوترێ، بەڵام رەنگە رێک بۆ مرۆڤی پەنابەری کوردیش جێ بگرێ، کاتێ خاکی خۆی جێدێڵێ، مەیلیشی بەنیسبەت ئەم خاکە دەبڕێ!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# سیاسەتی دەورەدانی بارزانی

## 1

ڕووداوەکانی ئەم چەند هەفتەی دواییە و بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شنگال، سەفەری مێژوویی بارزانی بۆ سعودیە و تورکیا و هاوکات کرانەوەی دەرگای ئاشتبوونەوە لە نێوان تورکیا و ئیسرائیل، جموجوڵێکی بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئاشتبوونەوەی تورکیا و ئیسرائیل (کە یەکێکە لەو پێشمەرجانەی ئەمریکا بۆ حکومەتی نوێی تورکیای داناوە و ئەو هەنگاوەش پێشبینیکراو بوو) نیشانەی ئەوەیە کە دوا بزمار لە تابووتی رژێمەکەی ئەسەد و هاوپەیمانە سوێندخواردووەکانی دەدرێت و ئەوەی ئێستا لەسەر ئاستی دیپلۆماسی لە نێوان وڵاتانی گەورە، ئەکتەرە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکان دەگوزەرێت، باسکردن نییە لە شەڕی داعش، بگرە هەمووی تەرکیزە لەسەر ئەو دابەشکارییەی لە داهاتوودا ڕوودەدات. تا ئەو دانوستانانە نەگەنە ئەنجام، چارەنووسی شەڕ یەکلایی ناکرێتەوە.

لەسەر ئاستی کوردستانی، ئیتر دیارە کە چی دەوێت، بارزانی سوورە لەسەر ڕاگەیاندنی دەوڵەت و پێیوایە کە قەت دەرفەتی لەوە لەبارتر هەڵناکەوێتەوە. لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەدا، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە باشوورەوە و پەکەکەش لە باکوورەوە (واتا لە ڕۆژئاوا) لە هەوڵی دەورەدانی ئەو سیاسەتەدان. هەر دوو هێزەکە ڕوانگایان بۆ داهاتووی ناوچەکە بریتییە لە مانەوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی کە سەدەیەک بەر لە ئێستا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز دروست بوون و ڕەچاوی خواست و مافەکانی گەلانی ژێردەستە نەکرا. بەرگریکردن لەو سیاسەتەشیان لەکاتێکدایە کە بۆ ئەسبابی مانەوە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هیچ ئارگۆمێنتێکیان پێ نییە. ئەوەی ئەوان دەیکەن پتر لەوەی سیاسەت بێت، کاردانەوەی سیاسییە. ئەگەرنا هەموو کەس باش ئەو ڕاستییە دەزانێت کە وڵاتێک بەناوی سووریا و عێراق نەماوە و هەردووکیان لەگیانەڵادان، بەڵام ئەو دوو هێزە شێلگیرانە لە هەوڵی ئەوەدان کە هێشتا هەموو ئەو گۆڕانکارییە گەورانە لە پاکێجێکی هەرزاندا خولاسە بکەنەوە. یەکیان دوای سەفەری بەغدا، بە سیاسەتی نەوتی هەرێم و ملیۆنە بەرمیلێک نەوت دەڵێ: "چەند بەرمیلە نەوتێک!" ئەوەی دیکەیان لە کاتێکدا کە ڕۆژێک پێشتر دەیان پێشمەرگەی قارەمان لەبەرەی شەڕی داعشدا شەهید بوونە، دەڵێ: "تورکیا لە باشیکەوە بە هاوکاریی بارزانی چەکی گەیاندووەتە داعش!". هەردوولا لە ناوچەکانی ژێر نفوزی خۆیاندا بە ڕاسپاردەی ئێران لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە و بە بازاڕکردنیدان تا ئەگەر سبەی ڕۆژێ دەوڵەتێک لەسەر دەستی بارزانی دروست بێت، ئەو ناوچانە نەکەونە ناو ئەو دەوڵەتەوە.

سیاسەتی ئێران، سیاسەتی دەورەدانی بارزانییە و ئەو دوو هێزەش لەسەر ئەرزی واقیع ڕاسپێردراون کە لە هەموو ئاستەکاندا ڕێگریی لێ بکەن و بارودۆخەکە بگەیەننە ئاستێک کە جارێکی دیکە شەڕی ناوخۆ دروست ببێتەوە. ئەگەرنا دەبوایە ئەمڕۆ شتێک بەناوی سنوور لە نێوان ڕۆژئاوا و کوردستانی باشووردا نەمێنێ، بەڵام کەس هەیە پرسیار لە پەکەکە بکات کە: بۆچی حیزبی بەعسی سووری بۆی هەیە لە کوردستانی ڕۆژئاوا چالاکی هەبێ و کۆنگرە بکات، بەڵام حیزبێکی ڕەسەنی کوردی (دەرەوەی پەکەکە) بۆی نییە؟!

## یەک نییە دوو دەوڵەتە

## 2

هەر لە درێژەی بچووککردنەوەی هەوڵەکانی بارزانی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت، میدیاکانی نزیک لە پەکەکە و یەکێتی خەریکی برەودانن بەو سیناریۆیەی کە سعودیە، تورکیا و ئەمریکا هەوڵ بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سوننی لە ناوچەکە دەدەن و ئەو دەوڵەتەش سنوورەکەی پارێزگای دهۆک، هەولێر، مووسڵ و ئەنبار و هەندێک شوێنی دیکە دەبێت. جارێ خودی ئەم سیناریۆیە کە گوایە بەرهەمی لێکدانەوەی ستراتیژیست و زاناکانی ناو ئەو دوو حیزبەیە، ڕاست نییە. ئەوە تێزی دروستکراوی ئێران و شیعەکانی وڵاتی بەناو عێراقە، بۆ وروژاندنی هەستی مەزهەبیی شیعەکان تا پێیان بڵێن ئەگەر فریا نەکەون، وڵاتمان لەدەست چووە! ئینجا هەمان سیناریۆ بە لێکدانەوەی کوردی گواستراوەتەوە ناو شەقامی کوردیش تا وا نیشان بدرێت کە بارزانی پتر لەوەی عەودالّی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، بەدوای ئامانجە مەزهەبیەکانەوەیە!

ئەم تێزە لە بنەڕەتدا بۆ چەواشەکارییە. بنەمای دابەشکاریی داهاتوو، لەسەر بنەمای جوگرافی و نەتەوەیی دەبێت کە هەمان تێزەکەی بایدنە لەساڵی 2007دا کاتێک پێشنیازی کرد وڵاتی بەناو عێراق بۆ سێ وڵات دابەش ببێت و دواتر ئەم تێزە پەرەی پێدرا کە وڵاتی سوننەکان فراوانتر بکرێت و بەشێکی سووریاش لەخۆبگرێ، هەروەک چۆن ئەمڕۆ باسی لکاندنی ڕۆژئاوا بە کوردستانی باشوورە دەکرێت. نە بارزانی و نە ماڵباتەکەشی قەت بیریان لە حوکم لە دەرەوەی سنووری نەتەوەیی و جوگرافییەکانی خۆیان نەکردووەتەوە، ئەگەر وابووایە دەبوو لانیکەم بارزانی بۆ جارێکیش بێت قەبووڵی بکردایە کە ببێتە سەرۆکی وڵاتی بەناو عێراق!

## ئاڵای LGBT

## 3

بە بیرم دێ لە ساڵانی نەوەتەکاندا کاتێک بارزانی چووە سووریای سەردەمی حافز ئەسەد، بە هەزاران کوردی ڕۆژئاوا لەسەر ڕێگا تا قامیشلو بە ئاڵای کوردستانەوە پێشوازییان لێکرد، دوای ئەوەش نەمبیست موخابەراتی سووری کەسی لەسەر ئەو کارە شوێنبزر کردبێت، بۆ بڵاوەپێکردنی خەڵکەکەش ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە بەکار نەهات!

ئێستا لە تورکیا و بەشی زۆری شارەکانی باکوور لە میتینگەکان و خۆپێشاندانەکاندا ئاڵای هۆمۆسێکشواڵەکان کە ئاڵایەکی جیهانییە، وەک نیشاندانی ڕاددەی دیموکراسیبوون و فرەیی هەدەپە و پەکەکە هەڵدەکرێت، کەسیش چاویان لێ سوور ناکاتەوە! بەڵام خۆزگە پەکەکە هەمان ئەو سینگفراوانییەی بۆ ئاڵای LGBT نیشانی دەدات، بۆ ئاڵای کوردستانیش هەیبایە کە بە هەزاران ڕۆڵەی کورد لە ژێریدا خوێنیان داوە نەک شتی دیکە!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# بارزانی پرس بە تاران بکات؟

هەفتەی ڕابردوو گۆڕانکارییە دیپلۆماسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا موفاجەئەی زۆریان تێدابوو. لێکنزیکبوونەوەی ئیسرائیل و تورکیا و بەرلەویش دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی موسڵمان-ی سوننی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، کە هەم موبارەکەی ئەمریکای هەیە و هەم ڕووسیاش لێی نیگەران نییە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە سەت ساڵ پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ، خەریکە سایکس-بیکۆیەکی نوێ دەنووسرێتەوە. کورد هەمیشە لەو ڕێککەوتنانەدا نەک یاریکەر نەبووە، بەڵکو کارتێک بووە یاریکەرەکان بەیەکدییان دۆڕاندووە، بەڵام ئەمجارە لە جارانی ڕابردوو جیاوازە. ئەمجارە کوردیش یاریکەرە و لەجیاتی ئەوەی بدۆڕێنرێت یان ببردرێتەوە، خۆی دەدۆڕێت یان خۆی دەیباتەوە. بەمەرجێک یارییەکە وابکات کە تاوەکو کۆتایی هەر یاریکەر بمێنێتەوە و نەکرێتەوە بە کارت.

سەت ساڵ پێش ئێستا ئەوانەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان دادەنا، کۆمەڵێک دەوڵەتی داگیرکەری ڕۆژئاوایی بوون کە سەروکاریان لەگەڵ ژمارەیەک گەلی بێدەرەتانی ناوچەکەدا هەبوو. بۆیە بەشە کێکی هەریەکە لەو گەلانە بە کەیفی دڵ و بەرژەوەندیی ڕۆژئاواییەکان گەورە یان بچووک دانرا. ئەوکات کورد نەک بەشی گەورە بەڵکو بەشە بچووکەکەشی پێ ڕەوا نەبینرا. بەڵام سەت ساڵ دواتر کورد بەشە کێکەکەی خۆی دابڕیوە و دەبێ زیرەکانە یاریی ئەوە بکات کە لەدەستی نەدات.

پێکهێنانی هاوپەیمانێتی سەربازیی نێوان وڵاتە زۆرینە سوننەکان لەبەر سێ هۆکار گرنگ دەبێت. یەکەمیان: چونکە وڵاتانی ڕۆژئاوایی جارێکی دیکە ئەزموونی ئەفغانستان و ئەمریکا دووبارە ناکەنەوە و لەشکرکێشی بۆ ناوچەکە ناکەن. دووەمیش: هەژموونی ئێرانی و شیعی لە ناوچەکەدا دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێت. سێیەمیش: چیدی داعش و هاوشێوەکانی تەنیا فاکتەری تێکدانی ئارامیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نین و هێرشەکانی پاریس سەلماندیان تەناهی لە کوردستان و وڵاتانی دیکەی ئەم ناوچەیە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر تەناهیی وڵاتی وەکو فەرەنسا و بەلجیکاش.

پاش بەهاری عەرەبی، نەبوونی ستراتیژێکی ڕوونی هاوبەشی ئەمریکی و سوننی لە ناوچەکەدا، وایکرد لەجیاتی ئەوەی بەهارێکی بەهەرمێنی سیاسی ببینرێت، زستانێکی سەخت ڕووی تێبکات. داعش لەجیاتی ئەوەی وەڵامدەرەوەی غیابی سوننە بێت لە شانۆی سیاسیی عێراقدا و بەربەستێک دابنێت بۆ هەژموونی ئێرانی و شیعی، وایکرد ئەو دەوڵەتە بەهێزتر بێت و ئەوەی ڕوودەدات بەخێر بۆی بشکێتەوە. بۆیە ئێستا وڵاتە سوننەکانی ناوچەکە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە کاتی هاتووە کارتی نوێنەرایەتیکردنی سوننە لەدەست داعش دەربهێنن و بەهێزی زۆرترەوە بەرامبەر ئێران ڕاوەستن.

دەرهێنانی گرێی داعش بۆ ئەو وڵاتانە ئیشێکی ئاسان نییە، چونکە زیرەکانە نییە ئەگەر ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەشکرکێشی بکەن و بەقازانجی داعش شەڕی موسڵمان و "خاچپەرستان" لە ناوچەکەدا هەڵایسێنن. بەڵام هێزێکی موسڵمانی سوننەی وەکو ئەوەی ئێستا بڕیارە لەدژی تیرۆریزمی داعش و گرووپەکانی دیکە پێکبێت، دەتوانێ لە درێژمەودادا بەرە لەژێر پێی داعش دەربهێنێت. چونکە دەتوانێت هەر بە بانگی ئەڵاهوئەکبەر و بە هەمان هوتافە ئایینییەکانی هاوشێوەی داعش، مووسڵ و ڕەقە و شوێنەکانی دیکە لەدەست ئەو گرووپە دەربهێنێت. ئەوکات داعش هیچ پاساوێکی بۆ مۆبیلیزەکردنی خەڵک لەدژی "سوپای کافران" نامێنێ. چونکە شەڕەکە دەبێتە شەڕی موسڵمانی سوننەی میانەڕەوتر لەدژی سوننەیەکی توندئاژۆ.

ئەگەر ئەمە سەربگرێت و ئێران و هاوپەیمانە شیعەکانیشی لە ناوچەکەدا هەر بە بەهێزی بمێننەوە، کورد لەم سەدەیەدا وەکو سەردەمی عوسمانی و سەفەوییەکان دەست و پەنجە لەگەڵ دوو بلۆکبەندیی سوننە و شیعەدا نەرم دەکات. دوو بلۆکبەندی کە یەکدییان پێ ناسڕدرێتەوە، بەڵام لە ئەهوەنترین سیناریۆدا ساڵانی درێژ شەڕی سارد لەدژی یەکدی بەرێوەدەبەن. ئێمە لەو نێوانەدا دەتوانین دوو بژاردەمان هەبێت: یەکێکیان ئەوەیە کە خۆمان بەلایەکدا یەکلایی بکەینەوە و لە پشتیوانیی ئەو لایە بەرخوردار بین. دووەمیش ئەوەیە کە قەبارەی خۆمان بزانین و نموونەی قەتەری لە پاراستنی هاوسەنگی و دەستخستنی زۆرترین دەستکەوت لە بلۆکبەندییە جیاوازەکان دووبارە بکەینەوە. واش پێدەچێ سەرکردایەتیی کوردستان دروست ئەمە بکات. چونکە کاتێک ئێرانییەکان داوای ڕوونکردنەوەیان سەبارەت بە سەفەرەکانی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سعودیە و تورکیا کردبوو، وەڵامی ئەوەیان وەرگرتبووەوە کە بارزانی نە بۆ سەفەری ئەنقەرە و ڕیاز مۆڵەت لە تاران وەردەگرێت، نە کاتێکیش دەچێتە تاران پرس بە ئەنقەرە و ڕیاز دەکات.



عادل باخەوان

# ڕق لە کۆمەڵگا

پەڕینەوە بەرەو ڕادیکاڵیزم و لەوێشەوە بەرەو تیرۆریزم، ئەو دیاردە گەورە و فراوانە جیهانییەیە کە بە تەنیا لە ئاستێک، ڕەگەزێک، ڕەهەندێک یاخود ڕووبەرێکدا کورت ناکرێتەوە و هەر لێکدانەوەیەکی یەکجەمسەرانە، لە کۆتاییدا بەشداریکردنە لە پەردەپۆشکردنیدا. ئێمە هەروەک تیرۆری چینی خوارەوەی کۆمەڵگامان هەیە، ئاواش تیرۆری سەری سەرەوەی کۆمەڵگامان هەیە. وەک تیرۆری چینی ناوەندمان هەیە، ئاواش تیرۆری چینی ناوەندی باڵامان هەیە. وەک تیرۆری گرووپەکانمان هەیە، ئاواش تیرۆری دەوڵەتمان هەیە. ئەم تیرۆرە، وەک چۆن ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان بەشداری دەکەن لە دروستکردنیدا، ئاواش ڕەهەندە ئایدیۆلۆژی، سیاسی، ئەخلاقی و کولتوورییەکان بەشداری دەکەن لە دروستکردنیدا. لەم بابەتەی ئەمڕۆماندا، ئێمە بەدوای یەکێک لەو ڕەهەندانەدا دەگەڕێین کە بە چڕی بەشداری لە پرۆسێسی پەڕینەوە بەرەو ڕادیکاڵیزم و پاشان تیرۆریزمدا دەکەن، ئەو ڕەهەندەش بریتییە لە "ڕق" لە کۆمەڵگا.

شوناسی ئەو گەنجانە لەنێو ئەم پرۆسێسەدا، (پەڕینەوە بەرەو تیرۆریزم لە چاپە ڕادیکاڵەکەی ئیسلامیزمدا)، بەشێوەیەکی بەرفراوان لەنێو ڕقێکی توند، ڕەش، گڕگرتوو بەرامبەر کۆمەڵگا بینا کراوە. لەنێو ئەم شوناسەدا، کۆمەڵگا وەک بلۆکێکی نادادپەروەر، نادروست ئەزموون کراوە و ئەزموون دەکرێت. لە خەیاڵدانی هەر یەکێک لەم گەنجانەدا، ئەم کۆمەڵگایە ئەو ماشێنە ترسناکەیە کە بەردەوام کار لەسەر پەراوێزخستنیان دەکات و فڕێیاندەداتە ناوچەکانی لەبیرچوونەوەوە و پێش ئەوەی لەسەر ئاستی فیزیکی بمرن، لەسەر ئاستی "ڕەمزی" یەک یەک دەیانکوژێت.

لێرەوە پەراوێزخستنیان وەک دۆخێکی هەمیشەیی، وەک هەلومەرجێکی نەبڕاوەی سەپێنراو لەلایەن کۆمەڵگایەکی ڕەشەوە وێنا دەکەن، هەلومەرجێک کە کاریی بەسەر هەموو شتێکیانەوە دادەنێت، تەنانەت بە بوون و ئامادەبوونیشیان لەنێو خودی ژیاندا، بەشێوەیەک کە بۆ هەر کوێیەک بڕۆن، لە هەر جێگایەک بن، بەخێرایی دەناسرێنەوە کە ئەوان سەر بە ناوچە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگان و لەو ڕووبەرانەوە هاتوون کە تەنیا کاتیگۆرییە کلۆڵ و بێسەرپەرشت و لانەواز و هەژموون لەسەرکراوەکان تێیاندا دەژین. شێوازی قسەکردنیان، جلپۆشینیان، ئەو گوزارشتانەی بەکاریاندەهێنن، ڕۆیشتنیان، تەوقەکردنیان، خواردن و خواردنەوەیان، لە هەر کوێ بن و بۆ هەر کوێ بڕۆن، وەک چەند نیشانەیەک هاوڕێیەتییان دەکەن و "پەردەیان لەسەر لادەدەن". ئەمانە ئیدی ئەو مرۆڤانەن کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە، ئەوانی "ڕاقیەوە"، ئەوانی دیکەی ناسکەوە، ئەوانی دیکەی کە لە ڕووبەرە ڕاقیەکانی کۆمەڵگادا دەژین و خاوەنی هەموو سەرمایەکانن، سەرمایەی کولتووری، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی ئابووری و ڕەمزی، وەک سەرەتان، وەک هەڕەشە، وەک "ئاژەڵێکی" کێویی ترسناک تەماشا دەکرێن.


بێگومان من لێرەدا باس لەوە ناکەم کە ئەم وێنانە تاچەند لەگەڵ واقیعدا یەکدەگرنەوە، بەڵکو باس لەو خەیاڵدانە دەکەم کە کەسێکی تیرۆریست بینادەکات و بەرەو قۆناغێک لە ژیانی دەبات کە من ناوی دەنێم "دابڕان"! دابڕان لە کۆمەڵگا بە هەموو دەزگاکانیەوە، بە هەموو ناوەندەکانیەوە، بەهەموو دەسەڵاتەکانیەوە. لێرەوە دابڕان دەبێت بە هێڵێکی گەورەی ئەستوور لەنێوان دوو کۆمەڵگادا: کۆمەڵگای دوورخراوەکان و کۆمەڵگای دوورخەرەوەکان، کۆمەڵگای هەژموون لەسەرکراوەکان و کۆمەڵگای هەژموونداڕەکان، کۆمەڵگای چەوسێنراوەکان و کۆمەڵگای چەوسێنەرەکان.

کەسانی کۆمەڵگای یەکەم دەبن بە هەموو ئەوانەی کە کەرامەتیان ڕۆژانە هەتک دەکرێت، بەبێ ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. کەرامەتی هەتککراوی برینداری خوێناوی، چەندین شەپۆلی تووڕەبوون، تەقینەوە، گڕگرتنی ناوەکی لای هەر یەکێک لەو ئەکتەرانە دروست دەکات و لەساتەوەختی لابردنی فلتەرەکانیشدا و کردنەوەی دەرگا لێیان، نەک هەر ئەندامانی کۆمەڵگای هەژموونداڕ، بەڵکو ئەندامانی کۆمەڵگای هەژموون لەسەرکراویش دەبن بەژێر لافاوی زەبروزەنگی ڕادیکاڵ و تیرۆریستییانەوە.

کۆی ئەو ئەکتەرانەی لەنێو ئەم پرۆسێسەدان، لە ئاستێکی زۆر ترسناکدا، وێناکردنی خودی خۆیان وەک بوونێکی "سووکی ریسواکراو" لەنێو بوونەکانی دیکەدا، وەردەگێڕنە سەر ڕقێکی ڕەش لە تەواوی کۆمەڵگا، ڕقێکی ڕەش کە بتوانێت دەرگای قەسابخانەی دەستجەمعییان لێ بکاتەوە، وەک ئەوەی کە لە 13ی نۆڤەمبەری 2015 دا، لە پاریس ڕوویدا. ئەوەی ئەم "ئەکتەرانەی دابڕان" ئەنجامی دەدەن، بریتی نییە لە خۆپیشاندان دژ بە هەلومەرجی سەختی ژیانیان، بریتی نییە لە دروستکردنی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئیدارەکردنی ململانێکان لەگەڵ چینی هەژموونداری سەری سەرەوەی کۆمەڵگادا، بەڵکو پەنابردنە بۆ ئەو چالاکیە تیرۆریستیانەی کە لە کاتی ئەنجامدانیاندا تەواوی دنیا بەخۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن و ترسێکی سەرتاسەری بەنێو میترۆکاندا، پاسەکاندا، فرۆکەکاندا، هۆڵەکانی سینەما و شانۆدا، تەنانەت بەنێو قاوەخانەکانیشدا بڵاودەکەنەوە، بەڕادەیەک چیدی هیچ کەسێک لەوە دڵنیا نەبێت کە کاتێک بەیانیان ماڵئاوایی لە منداڵەکانی دەکات، ئێوارە بگەڕێتەوە ناویان. من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە هەر بەیانییەک دوو منداڵەکەم لەباوەش دەگرم و پێیان دەڵێم تا ئێوارە ڕۆژێکی شاددتان بۆ دەخوازم، هیچ دڵنیا نیم کە هەر بەڕاستی لە میترۆیەکدا، تیرۆریستێک خۆی ناتەقێنێتەوە و کۆتایی بە ژیانم نایەت.

ڕەنگە ئەم هەستەی کە لای من و هەزاران هەزاری دیکەش دروستبووە، هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە وەک ئەوەی کە هەیە نەبێت، بەڵام ئەمە زۆر گرنگ نییە، ئەوەی کە گرنگە سەرکەوتنی تیرۆریستانە لە دروستکردنی ئەم هەستەدا نەک هەر لای من، بەڵکو لای ئەو پێنج ملیۆن فەرەنسییەی کە ڕۆژانە سواری میترۆکانی پاریس دەبین.

بەدیوێکی دیکەدا، سپاردنی ئەم حیقدە ڕەشە بە جیهادیزم، کردنەوەی دەرگایە لەسەر قودسیەتدان بە زەبروزەنگ، بە قەسابخانە، بە کوشتنی دەستەجەمعی، هەروەک کردنەوەی دەرگایە بۆ چوونەدەرەوە لە وێناکردنی خود وەک "سووکێکی ریسواکراو" و بۆ وێناکردنی خود وەک ئەکتەرێکی باڵای گوزارشتکار لە خواستی خوداوەندێک کە لە خەیاڵدانی ئەوی تیرۆریستدا تەنها بە خوێنی ئەو کەسانەی ئامادە نین باوەڕی پێ بهێنن، تینوێتی دەشکێت.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# ڕێککەوتنێکی نوێ لەنێوان پارتی و گۆڕان

مێژووی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەمیشە بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بووە، قۆناغی ناکۆکی و پاشان قۆناغی ڕێککەوتنەوە.

ئەم دوو قۆناغە وەک دوو قۆناغی چەسپاو لەناو مێژووی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا هەمیشە دووبارە دەبنەوە و ماشێنی سیاسی ئێمە لەناو ئەم بازنە داخراوەدا ئیش دەکات.

هەرچەندە ئەم بازنە داخراوە (ناکۆکی و ڕێککەوتن) بەردەوام ڕێگر بووە لە سەرهەڵدانی دیموکراسی و تێپەڕین بە قۆناغی دامەزراندنی دیموکراسیدا لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ناتوانرێت چاو لەوە بپۆشرێت کە هەتا ئێستاش واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەناو ئەم بازنەیەدایە و دەبێت هەموو لایەک دان بەمەدا بنێین وەک واقیعی ئیشکردنی سیاسی.

گرنگترین قۆناغی ڕێککەوتن لە مێژووی هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا، دروستکردنی بەرەی کوردستانیە، پاشان ڕێککەوتنی ستراتیژی لەنێوان پارتی و یەکێتی کە توانییان بەو ڕێککەوتنە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ و ناکۆکییەکانیان بهێنن و جۆرێک لە ڕێککەوتن بهێننە ئاراوە کە تا دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان بڕی کرد.

## ڕێککەوتنێکی نوێ پێویستە؟

بەتەماشاکردنی واقیعی سیاسی و تەشریعی و یاسایی هەرێمی کوردستان، بێ یەک و دوو دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێستا ڕێککەوتنێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پێویستە.

دووەم باڵاترین دەزگای نوێنەرایەتی کە پەرلەمانی کوردستانە، ئیفلیج بووە، بەشێکی گەورە لە هێزە سیاسییەکانی هەرێم دڕدۆنگن بەرامبەر شەرعیەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – لانیکەم بەدیوە ئاشکراکەی- بەتەواوی دان بەوەدا نانێن بەرێز سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان لەڕووی یاساییەوە مافی بەردەوامبوونی لە کارەکانی هەیە.

خۆ بێدەنگکردن و خۆلادان لەم لەتبوونە واقیعیەی ئێستای هەرێمی کوردستان، بەمانای ئەوە نایەت واقیعەکە عەیبی نییە، بەڵکو ئەم بێدەنگیە لەوانەیە کڵپەوگڕکان و تەقینەوەیەکی نەخوازراوی لەناو خۆیدا هەڵگرتبێ.

کەواتە ئەگەر بەڕاستی تەماشای واقیعەکە بکەین، ئەم واقیعە ناسروشتییە و پێویستی بە ڕێککردنەوە هەیە لەڕێی قسەکردن و دیالۆگەوە نەک خۆبێدەنگکردن و دوورەپەرێزی و یەکتر نەخوێندنەوە.

## ڕێککەوتن بۆچی؟

تێڕوانینی من بۆ ڕێککەوتنەوەی لایەنە سیاسییەکان تێڕوانینێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو بەتەواوی تێڕوانینێکی واقیعیە و خوازراوی واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستانە.

ئەو لایەنانەی هەریەکەیان بەشێوەی خۆی کاریگەرییان لەسەر واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستان هەیە، بریتین لە پارتی و یەکێتی و گۆڕان.

ناکرێت نکوڵی لەوە بکرێت کە هەریەک لەم سێ لایەنە وەرەقە و کارتی فشاری خۆی هەیە و هەریەکێکیان بەشێوەی خۆی دەتوانێت کاریگەری لەسەر واقیعی سیاسی هەرێم دروست بکات. بەباش بێت یان بە خراپ!

پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆکایەتی هەرێم و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی سیاسی هەرێمی کوردستانی لەڕووی نێودەوڵەتییەوە لە کۆنترۆڵدایە، ئەمە جگە لە کۆنترۆڵکردنی ڕاستەقینەی حکومەت، جا بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی ئەمە ببینن یان نەبینن.

بزووتنەوەی گۆڕانیش ئەگەرچی ئێستا وەک لە سووڕی متبووندا بێت وا دەردەکەوێت، بەڵام ئەمە مانای کۆتایی و فەشەلی بزووتنەوەکە نییە، بەڵکو بە واقیعی ئەم بزووتنەوەیە بەتایبەت لە دەڤەری سلێمانی هێشتا خاوەنی نفوز و کارتی بەهێزی خۆیەتی کە هەرکات بیەوێت دەتوانێ بیجولێنێ. جا ئەو جوڵەیە باش بێت یان خراپ ئەوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت کاریگەریی مەیدانی لەسەر لایەکی کوردستان هەبێت، نەبینینی ئەم ڕاستییە عاقڵانە نییە.

ڕاستە بزووتنەوەی گۆڕان لەناو جوگرافیای پارتیدا هیچ شتێکی گرنگی بۆ ناکرێت، بەڵام بێگومان لە ناوچەی سەوزی یەکێتیدا هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان توانای ئیفلیجکردنی هەموو شتێکی هەیە.

هەڵەیە ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان پێی وابێت دەتوانێ لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی ڕێکبکەوێت بەبێ هەژمارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان، یەکێتی نیشتمانی خۆیان ئەم ڕاستیە باش دەبینن، بۆیە هەنگاوەکانیان لەگەڵ پارتی قورس و سستە.

کەواتە ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان توانای کاریگەریی مابێت لەسەر واقیعی سیاسی، ئەوا کارێکی بەرپرسیارانە نییە هەوڵی فەرامۆشکردنی بدرێت.

بۆ بزووتنەوەی گۆڕانیش ناواقیعی و نەشیاوە ئاستی توانا و بوون و واقیعیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتدا نەبینێت و پێداگر بێت لەسەر بەرنامە سیاسییە ڕادیکاڵەکەی پێشووی لە مەسەلەی گۆڕینی سیستمی سیاسی و مەسەلەی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا.

ئەو گوتارە ڕادیکاڵەی کە ئێستا لەلایەن ڕای گشتی و کۆی هێزە سیاسییەکانەوە ڕەتدەکرێتەوە و هەمووان داوای لێکتێگەیشتن و نواندنی نەرمی دەکەن.

کاتێک ڕای گشتی و کۆی هێز و لایەنە سیاسییەکان و نزیکترین هێزە سیاسییەکانیش لە بزووتنەوەی گۆڕانەوە داوای نەرمی نواندن بکەن، ئیدی بزووتنەوەی گۆڕان پێداگیری و شەڕ بۆ کێ و بۆچی دەکات؟!

کەواتە زۆر پێویستە بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاریی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بێنە ئاستی بەرپرسیارێتیەکە و هەریەکە و قەبارەی ئەوی دیکەیان وەک خۆی ببینێت و لەو ڕوانگەیەوە بگەنە ڕێککەوتنەوەیەکی سیاسیی نوێ و تێیدا هەر لایەک سازش لە بەشێک لە خواستەکانی خۆی بکات.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.